حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردیی

# کۆتوبەندی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

شوان محەمەد عەبدولڕەحمان

پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

پ . د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

٢٧٢٣ی کوردیی ٢٠٢٣ی زایینی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( کۆتوبەندی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا ) بە سەرپەرشتیی و چاودێری من ، لەلایەن خوێندکار ( شوان محەمەد عەبدولڕەحمان ) ەوە ئامادەکراوە ، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا ، لە زانکۆی سلێمانی ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ، بەشی کوردی ئامادەکراوە .

ناو : پ . د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

بەپێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو : د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

سەرۆکی بەش

بەروار / / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ توێژەردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماتدا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:
ئەندام
بەروار: / / ٢٠٢٣

ناو
ئەندام
بەروار: / / ٢٠٢٣

ناو
ئەندام
بەروار: / / ٢٠٢٣

ناو
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: / / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت پەسەند کرا .

ناو:
سەرپەرشتیاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
بەروار: / / ٢٠٢٣

# پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە :

- ڕووحی هەمیشە زیندووی بـاوکم ، دەستە ماندووەکانی دایکم ، براکەم ،خوشکە خۆشەویستەکانم.

- بەهاوبەشی ژیانم (ئاشتی) ، مندالّە چاوگەشەکانم ( سەنا و ساریا )

- ڕووحی بەرزەفڕی (مامەکانم ، دارا ی هەمیشە لە یاد ) خۆشەویستانم.

- هەموو شەیدایان و وێڵبوانی زانست

- سەرجەم مامۆستایانی قۆناغەکانی خویندنم ، مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت /زانکۆی سلێمانی / زانکۆی چەرموو.

- بە هەموو ئەو کەسانەی ئارەزووی وەرگرتنی زانست دەدەن ، ئەو کەسانەی کە ئارەزووی خوێندنەوەی ئەم نامەیە دەکەن.

- گوندە جوانەکەم ( هەیدەربەگ)

# سوپاس و پێزانین

ـ خوای گەورەو میهرەبان

ـ زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم ( پ . د. بێستوون حەسەن ئەحمەد ) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە ڕێنمایی و سەرنجەکانی نامەکەی دەوڵەمەندکرد

ـ زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ، بەشی زمانی کوردی دەکەم ،کە دەرفەتی خوێندنی ( ماستەر) یان بۆ ڕەخساندین.

ـ زۆر سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستایانە دەکەم ، کە لە قۆناغ سەرەتایی تا ئەم قۆناغە بە دێڕیک یا زیاتر خەرمانی زانیاریمیان دەوڵەمەند کردبێت.

ـ زۆر سوپاس بۆ ئەو مامۆستاو هاوڕێ ئازیزانەی لە پێدانی سەرچاوەدا هاوکارم بوون.

## لیستی هێماوکورتکراوەکان

| واتاکەی | هێماو کورتکراوەکان |
|---|---|
| حکومکردن | G |
| بەستنەوە | B |
| حوکوکردن و بەستنەوە | GB |
| ناو | N |
| کردار | V |
| ئاوەڵناو | A |
| پیشناو | P |
| بەرکار | O |
| بکەر | S |
| فرێزی پێشناوی | PP |
| فرێزی ناوی | NP |
| ئاوەڵناو | Adj |
| واتا نادروست | ? |
| نارێزمانی | * |
| فۆرمی لۆژیکی | LF |
| فۆرمی فۆنەتیکی | PF |
| سەرە | X |
| بزوێن | V |

## لیستی زاراوەکان

| به ئینگلیزی | بەکوردی |
|---|---|
| | ئـ |
| Predicate | ئارگۆمێنت داواکەر |
| Verb Predicate | ئارگۆمێنت داواکەری کرداری |
| Arguments | ئارگۆمێنت داواکراو |
| Surface Structure | ئاستی ڕووکەش |
| Deep Structure | ئاستی قووڵ |
| External Argument | ئارگۆمێنتی دەرەکی |
| Internal Argument | ئارگۆمێنتی ناوەکی |
| | ب |
| Barrier | بەربەست |
| Verb Valence | بەبڕشتی کردار |
| Assigning of thematic roles | بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە |
| Objects | بەرکار |
| Dyadic Predicate | بەشەکردری دوو جێکەوتەیی |
| Monadic Predicate | بەشەکرداری یەک جێکەوتەیی |
| Triadic Predicate | بەشەکرداری سێ جێکەوتەیی |
| Topicalazaition | بەلوتکوکردن |
| Encoding | بەکۆدکردن |
| | پ |

| | |
|---|---|
| Category | پۆلەڕەگەز |
| Semantic Construction | پێکهاتووی سیمانتیکی |
| Syntactic Prepositions | پێشناوە سینتاکسییەکان |
| Governor – Category | پۆلەڕەگەزی حکوکمکەر |
| governed-Category | پۆلەڕەگەزی حکومکراو |

ت

| | |
|---|---|
| Theme-Grid | تۆڕی بابەتانە |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Theta Theory | تیۆری سێتا |

ج

| | |
|---|---|
| Reflexive Pronouns | جیناوە خۆییەکان |
| Decoding | جفرەلێکدانەوە |

ح

| | |
|---|---|
| Governor | حکومکەر |
| Governed | حکومکراو |
| Proper Government | حکومکردنی توند |
| Command | حکومکار |

د

| | |
|---|---|
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Structure | دروستە |
| Free utterances | دەربڕدراوی ئازاد |
| Idioms | دەربڕاوی چەقبەستوو |

ز

| | |
|---|---|
| Lexical Information’s | زانیارییە فەرهەنگییەکان |

ف

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Lexical | فەرهەنگیی |
| Mental Lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |

ق

| | |
|---|---|
| Stress | هێز |

ک

| | |
|---|---|
| Agent | کارا |
| Agentive | کارایی |
| Patient | کارتێکراو |
| Semantic Constraints | كۆتوبەندی سیمانتیکی |
| Sectional Restrictions | کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن |
| Collocation | کۆمەڵەوشە |

م

| | |
|---|---|
| Metaphor | میتافۆڕ |
| | هـ |
| Co – indexing | هاونیشانەکردن |
| Semantic Selection | هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی |

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ١-٢ |
| ١/٠) ناونیشانی بابەتەکە | ١ |
| ٢/٠) سنورو کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠) تیۆرو ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠) گرفت و بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم : زمان وزانستی زمان دروستەی ئارگۆمێنت و تیۆرییەی پێویست، زانیاری فەرهەنگی، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی و پۆلەڕەگەزی** | ٣ — ٤٢ |
| ١/١) ناساندنی زمان وزانستی زمان | ٣- ٦ |
| ١ / ٢) تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە | ٦- ٨ |
| ١ / ٢ / ١) تیـــۆری بەستنەوە (Binding Theory) | ٨- ١٠ |
| ١ / ٢ / ٢) تیـــۆری سێتا (Theta theory) | ١٠ — ١٣ |
| ١ /٣) زاراوە و دروستەی ئارگۆمێنت | ١٣ — ١٤ |
| ١/ ٣/١) ئـــارگۆمێنتداواکەر (predicate) | ١٤-١٥ |
| ١/٣/١/ ١) ئارگۆمێنتداواکەری کرداریی (verb predicate) | ١٥-٢٤ |
| ١ /٣/١ /٢) ئـــاوەڵناو | ٢٤ — ٢٦ |
| ١ /٣ / ١/ ٣) سەرەناو (substantive) | ٢٦- ٢٧ |
| ١/٣/٢) ئارگۆموێنتداواکراو | ٢٧- ٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١ / ٣ / ٣) ڕیـــزوبونی ئارگۆمێنەکان لەڕستەدا | ٢٨ — ٣٢ |
| ١ / ٤) زانیـــــاریی فەرهەنگی ئاوەزیی | ٣٢ - ٣٥ |
| ١ / ٥) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی (semantic selection) | ٣٦-٣٩ |
| ١ / ٦ ) هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی (category section) | ٣٩ — ٤٣ |
| **بەشی دووەم : پاری یەکەم: کۆتوبەندی دەربڕینە ئازادو چەسپاوەکان** | ٤٤ — ٦٧ |
| ١/١/٢) کۆتوبەندی سێمانتیکیی لە دەربڕینەکاندا | ٤٤ — ٤٧ |
| ١/١/١/٢ ) پێکەوەهاتنی ئازاد | ٤٧ — ٥١ |
| ٢/١/١/٢) دەربڕینە چەسپاوەکان | ٥١ - ٥٢ |
| ١/٢/١/١/٢) ئیدیۆم | ٥٢ — ٥٤ |
| ٢/٢/١/١/٢) میـــتافۆڕ | ٥٤ — ٥٦ |
| ٣/٢/١/١/٢) پەندی پێشینان | ٥٦ — ٥٨ |
| ٤/٢/١/١/٢) کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن/collocation | ٥٨-٦٣ |
| ١/٤/٢/١/١/٢)کۆمەڵەوشە و دەنگە سروشتییەکان | ٦٣ — ٦٥ |
| ٢/٤/٢/١/١/٢)کۆمەڵەوشە پەیوەست بە ئاین و کولتوور و ڕێزەوە | ٦٥ - ٦٨ |
| **پاری دووەم: کۆمەڵەوشە لەڕووی دروستەوە** | ٦٩ — ٩٢ |
| ١/٢/٢) کۆمەڵەوشە لە ڕووی دروستەوە. | ٦٩ |
| ١/١/٢/٢) فرێزە پێشناوییەکان | ٧٠-٧٦ |

| | |
|---|---|
| ٢/١/٢/٢) ئەو فرێزانەی لەدوو کەرەستەوئامرازی بەستن دروستدەبن | ٨٨ - ٧٦ |
| ٣/١/٢/٢) ڕادە + ناو | ٩٠ -٨٨ |
| ٤/١/٢/٢)ناو+ کردار | ٩٢ -٩٠ |
| **بەشی سێهەم : پاری یەکەم/شکاندنی کۆتۆبەندی سیمانتیکیی لە زمانی شیعردا** | ١٠٢-٩٣ |
| ١/٣) بەزاندنی کۆتۆبەندی سیمانتیکیی لە زمانی شیعردا | ٩٣ |
| ١/٣-١) زمانپژانی منداڵ | ٩٨ -٩٣ |
| ٢/١/٣ ) وەرگێڕان | ١٠٠ -٩٨ |
| ٣/١/٣) فیربوونی زمانی دووەم | ١٠٢ -١٠٠ |
| **پاری دووەم:** | ١٣١ -١٠٢ |
| ١/٣/٣) زمانی شیعر | ١٠٣ -١٠٢ |
| ٢/٢/٣) جۆری شکاندنی کۆتوبەندەکان لە زمانی شیعردا. | ١٠٥ -١٠٣ |
| ١/٢/٢/٣) شکاندنی کۆتوبەندە سینتاکسییەکان | ١١٣ -١٠٥ |
| ٢/٢/٢/٣) کۆتشکاندنە دەنگییەکان لە زمانی شیعردا | ١١٤ -١١٣ |
| ٢/٢/٢/٣) شکاندنی کۆتوبەندە واتاییەکان لە زمانی شیعردا | ١٣١ -١١٤ |
| ئەنجام | ١٣٣-١٣٢ |
| سەرچاوەکان | ١٤٢ -١٣٤ |
| خلاصة البحث | ١٤٣ |
| Absract | ١٤٤ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشانی نامەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (( کۆتوبەندی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا)) یە، کە وەک کەلێنێک لە زمانی کوردیدا تەماشا کراوە ، هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لەو کەلێنە.

## ٢/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە نیشاندانی کۆتوبەندەکان، بواری نامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بواری واتاسازییە، سروشتی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەخوازێت کە لایەنی ڕستەسازی و وشەسازی بێنە ناو شیکردنەکەوە لە نێو سیمانتیکیشدا کۆتوبەندی کۆمەڵەوشە لای خەڵکی ئاسایی و شکاندنیان لە زمانی شیعردا، دەربڕینە ئازادوچەسپاوەکان. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە (زمانی کوردی / زاری کرمانجی ناوەڕاست) بەتایبەت لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکی و زمانی شیعری وەرگیراون.

## ٣/٠) تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

تیۆری لێکۆڵینەوەکە ( ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، بەتایبەتتر سیمانتیکی بەرهەمهێنان ) ی پەیڕەو کردووە ، هەروەها ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (پەسنی شیکاری)

## ٤/٠)ئامانجی لیکۆلینەوەکە:

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پیشاندانی سەرجەم کۆتوبەندەکان، ئەو لایەنانەی کە شکاندنی کۆتوبەندەکان ئەنجامدەدەن . هەوڵدان بۆ خستنەڕووی بەشیک لە بابەتی کۆتوبەندەکان.شارەزابوونی خوێنەر بە جۆری کۆتوبەندەکان.

## ٥/٠) گرفت و بەربەستەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بەشێک لەو کۆتوبەندانە شیبکاتەوە کە لە زمانی ئاسایی و ئەو لایەنانەی کە کۆتوبەندەکان دەشکێنن، لیکۆڵینەوەکە پێیوایە کەمتر تیشک خراوەتە سەر ئەم بابەتە ،کە ئەمیش وەک گرفت سەیرکراوە

## ٧/٠) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پیکهاتووە:

**بەشی یەکەم** : ( زانستی زمان و تیۆری حوکمکردن و بەستەوە و ، وەچە تیۆرییەکانی بەستنەوە و سێتا باسکراون ، هەروەها باس لە دروستەی ئارگۆمێنت ، ئارگۆمێنت داواکەر ، ئارگۆمێنت داواکراو ، ئارگۆمێنت داواکەری کرداری ، جۆری ئارگۆمێنت داواکەرەکان ، ڕیزبوونی ئارگۆمینتەکان زانیاری فەرهەنگی ئاوەزی ، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی ، هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزی باسکراون.

**بەشی دووەم**: پاری یەکەم (کۆتوبەندی سیمانتیکی، کۆتوبەندی سیمانتیکی دەربڕینەکان ، دەربڕینە ئازادەکان ، دەربڕینەچەسپاوەکان و جۆری دەربڕینە چەسپاوەکان خراوەتەڕوو.

### پاری دووەم ( کۆمەڵەوشە لەڕووی دروستەوە) ڕونکراوەتەوە)

**بەشی سێیەم**: لە پاری یەکەمی بەشی سێهەمدا ، شکاندنی کۆتوبەندی

سیمانتیکی باسکراوە ، پاشان شکاندنی کۆتوبەندەکان ، لە زمانپژانی مندال و وەرگیڕان ، فێربوونی زمانی دووەم ، ڕوونکراوەتەوە.

پاری دووەم : ( بۆ زمانی شیعر و شکاندنی کۆتوبەندەکان لە زمانی شیعر دا) تەرخانکراوە.

## بەشی یەکەم

## ١/١) سەرەتایەک بۆ ناساندنی زمان و زانستی زمان

زانست بریتییە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە بۆ هەوڵدان لە نزیکبوونەوەی ڕاستییەکان،زانستی زمانیش لە زمان دەکۆڵێتەوە و شیدەکاتەوە و گرفتەکان دیاریدەکات، لێیاندەکۆڵیتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات و تایبەتمەندیی ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو. ناسینی زمان و لێکۆڵینەوە لە ماهیەتی زمان کاری زانستی زمانە و بابەتێکە کە پێشینەیەکی دێریینی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا هەیە. هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە هەتا ئێستایش بەردەوام زانایان و فەیلەسوفان لە هەوڵی لێکۆڵینەوەدا بوون دەربارەی زمان، بەهۆی گرنگیی بابەتەکەوە هەر لەپێش زایندا سەرنجی فەیلەسوفەکانی وەکو ئەفلاتوون و ئەرستۆی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و تیڕوانینی فەیلەسوفەکان بۆ زمان لە چوارچێوەی زانستی زماندا نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ خزمەتی فەلسەفە و لۆژیک بووە، ئەوە گرنگیی کارایی زمانە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا وایکردووە کە نەتوانن خۆیانی لێبەدووربگرن. لەبەرئەوە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تێروتەسەلی بێکەموکووڕیی بۆ زمان بکەین ناتوانین، چونکە زانایان بەپێی پێویستیی خۆیان و ئەو بوارەی کە کاری لەسەر دەکەن پێناسەیانکردووە. لەبەرئەوە پێناسەکانیان لەگەڵ یەکتردا یەکناگرێتەوە هەریەکەیان خاوەنی خاڵی بەهێز و لاوازن، ئەم لێکۆڵنەوەیە هەڵدەدات چەند پێناسەیەکی زمان بخاتەڕوو:

١ – فردیناند دی سۆسێر: زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتیی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێناندا یارمەتیی تاکەکانی بدات (خۆشناو، ٢٠١٦ ، ١٣).

٢- ئەدوارد ساپیر ١٩٢١: زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو ئەندێشە و ویستەکان بەکاردێت بەهۆی ڕەمزە و لەسەر یاسا ڕۆیشتووە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە (ناوخۆش، ٢٠١٦، ٦٨).

٣– بلۆک و تراگەر ١٩٤٢: زمان سیستەمێکە لە ڕەمزی دەنگە دەستووربەدەرەکان بە یارمەتیی ئەو سیستەمە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگایەکدا بەیەکەوە زمانەکە بەڕێوەدەبەن. (خۆشناو، ٢٠١٦، ١٣).

٤– چۆمسکیی: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕیزمان دەریاندەکات (فتاح، ٢٠١١، ١١).


زانایانی بواری زمانەوانیی هەتا ئێستا لە پێناسەکردنی زمان کۆک نیین، هەریەک لە ڕوانگەی خوی و ئەو زانستەی کە تێدا قووڵبووەتەوە پێناسە بۆ زمان دەکات، لەبەرئەوەیە پێناسەکردنی زمان هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە زمان تەنها لە یەک دەزگا پێکنەهاتووە، بەڵکو لە چەندیین سیستەم پێکهاتووە وەکو: ((سیستەمی دەنگ ئەو سیستەمەی کە لە نێوان بنەما دەنگییەکاندا هەیە، سیستەمی ڕێزمان، یان دەستووری زمان بریتییە لەو سیستەمەی کە لە نێوان بنەما واتادارەکانی زماندا هەیە، وشەکانیش بریتیین لە کۆمەڵە وشەیەک کە قسەکەرانی ئەو زمانە لەبەردەستیاندایە و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان وشەکاندا هەیە)) (باتینی،٢٠١٢، ١٧).

ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر جەخت لەسەر پێناسەکەی چۆمسکیی دەکاتەوە، چونکە ڕستەکان بەهۆی یاسا ڕیزمانییەکانی زمانەکەوە کۆتوبەنددەکرێن، بۆ ئەوەی دروستەیەکی واتاڕاست بەرهەمبێت، چونکە ناکرێت کەرەستە زمانییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا سینتاکسییەکان هەڕەمەکییانە ڕیزبکرێن، چونکە ئەگەر وانەبوو شریتە دەنگییەکان هیچ واتایەکیان نابێت، ((چونکە دەربڕینە دەنگییەکان کەرەستەی خاون بەبێ یاسا سینتاکسییەکانی زمان و نەدانەپاڵیەکتر بۆ کەرەستەی گەورەتر کە دەگاتە لوتکەی هەڕەمەکە کە (ڕستە)یە، واتادار نابێت)) (ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٢٥).

لێرەدا ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت ، ئایا ئەو سیستەمە دەنگی و ڕێزمانییەی کە زمانی پێکهیناوە کە لەسەرەوە باسمانکرد لە بەرامبەر چیدایە؟ لەوەڵامدا دەڵیین بێگومان هەمووی لە بەرامبەر واتادایە ، بۆیە دەکرێت ئەو پرسیارە بوروژێنین ، ئایا دەربڕینەدەنگیەکان ، نوسراوەکان ، تەنانەت هێماکانیش ، واتای لێدابماڵرێت چی سودو نرخێکی دەبێت؟ بێگومان هەموویان دەبنە (فۆرمێکی بۆش) لە بەرئەوە واتا یەکێکە لە گرنگترین ئاستەکانی زمان دوانەیەکی دانەبڕاوە لەگەڵ زانستەکانی تر، (لەمێژە زانایانی بوارە چیاوازەکان تێروانینی خۆیان بۆ (واتا) هەبووە ، پێناسەی جۆراوجۆریان بۆکردووە ، هەموویان لەسەر یەک پێناسە کۆکنین ، ئەمیش بەهۆی فراوانی بابەتەکەوەیە) (عەلی ، ٢٠٠٩ ، ١٩) بۆیە ئەوەمان بۆ ڕوونبۆوە کە زمان لەچەند ئاستێک پێکدێت واتا تێکەڵ بەهەموو ئاستەکانە ، بەتایبەت سینتاکس ، کە لەچەندین یاساوڕێسا پێکدێت بەمەبەستی دەسکەوتنی واتا، هەر لە بچوکترین کەرەستەی زمانی کە (دەنگ)ە تا گەورەترینیان کە ( ڕستەیە) بۆ دەسخستی واتایە.

بڕوانە هێڵکاریی {١} چۆنییەتی (دروستبوونی ڕستە)

هێڵکاریی (١) (چۆنییەتی دروستبوونی ڕستە )




هەروەها پێناسەکردنی زمان لە لایەن زانایانی بواری زمانیشەوە، کە لە ئاستەکانی زمان کاردەکەن لە یەکتر جیاوازن. پێناسەی زمان لەلای زانایەکی بواری سینتاکس لە پێناسەکردنی زانایەکی بواری مۆرفۆلۆژیی، یان سێمانتیک جیاوازترە. لێرەدا هەوڵنادەین بەپێی ئاستەکان پێناسەی زمان بکەین، بەڵکو ئەوە دەخەینەڕوو کە زانایان زمانیان کردووە بە چەند ئاستێکەوە، یەکێک

لەئاستەکانی زمان سینتاکسە. یاساکانی دروستکردنی ڕستەیش لە هەموو زمانەکاندا وەکو یەک نیین. لە زمانی کوردییشدا ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە هاوشێوەی زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی نییە، بڕوانە شێوازی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردییدا.

(S+O + V) ((ئەم ڕیزبوونەی کەرەستەکان لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون لە ڕووی چەمکی گرامەریی وەکو: کەس person، ڕەگەز Gender، ژمارە Number، دۆخ Case)) (ئەمین، ٢٠٠٩، ١٥٩). بەڵام مەرج نییە ئەم ڕێککەوتنانە لە هەموو زمانیکدا هەبێت، لە هەندێک زماندا هەیە و لە هەندێکی تردا نییە.


لێکۆڵینەوەکە لەم بەشەدا هەوڵدەدات باسی دروستەی ئارگۆمێنت و ئارگۆمێنتداواکەر و ئارگۆمێنتداواکراو و هەروەها زانیارییە فەرهەنگییەکان و چەند بابەتێکی تری پەیوەست بەو بابەتەوە بخاتەڕوو، ئەگەرچی دروستەی ئارگۆمێنت زیاتر پەیوەندیی بە سینتاکسەوە هەیە، بەڵام سیمانتیک لەگەڵ ئاستەکانی تری زماندا دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

## ١ / ٢) تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە ( GB – Government and theory binding )

تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بەرهەمی هەوڵدان و ماندووبونی زانای زمانەوان ( Noam chomsky)یە، مۆدێلێکی شیکردنەوەی ڕێزمانە لە چەندیین وەچەتیۆر پێکهاتووە. چۆمسکی لەسەر بنەمای چەمکی ڕێزمانیی (Universal grammar) لە ساڵی ١٩٨١ لە کتێبی وانەکانی حوکمکردن و بەستنەوە خستیەڕوو، ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەم تیۆرییەی وەکو تیۆری کارپێکراو و ئەوەندەی پەیوەندیی بە کۆتوبەندی سیمانتیکییەوە هەبیت دەخاتەروو. حوکمکردن بەلای چۆمسکییەوە وەکو بیرۆکەیەک باسکراوە کە پێکهاتەیەک باڵادەستە بەسەر پێکهاتەیەکی تردا و حوکمیدەکات. ئەم تیۆرە تایبەت نییە بە ڕێزمانێکی تایبەت، بەڵکو یونیڤێرساڵە و بۆ ڕیزمانەکانی هەموو جیهانە. بەپێی تیۆری (GB) بەشێکی گەورەی ڕێزمان لە هەموو زمانانێکدا هاوبەشە ((هەر بۆیە تیۆری( GB ) بەشێکە لە ڕێزمانی سەراپا و ڕێزمانی سەراپایش دەتوانرێت بۆ دوو پێکهاتەی سەرەکیی دابەشبکرێت ئەویش: ئاستەکانی نواندن و سیستەمی کۆتەکان) ە (محەمەد، ٢٠٠٩، ٦٤). چۆمسکیی لە ساڵی ١٩٩١ وای پێباشبوو ((کە ناوی

تیۆرەکە بگۆڕێت بۆ بنەما و پارامێتەرەکان (Principles and parameters)، چونکە پێیوابوو هەموو زمانێک خاوەنی بنەما و پارامێتەرن، بۆیە ئەم ناونیشانە گشتگیرتر دەبێت وەک لە حوکمکردن و بەستنەوە. وەکو ئاشکرایە بنەما سینتاکسییەکان لە هەموو زمانێکدا چەسپاو و نەگۆڕن، بەڵام پارامێتەر بەپێی زمانەکە دەگۆڕێت (والی، ٢٠١٥، ٥). واتە جیاوازیی لە نێوان شێوازی دروستبوونی سەرە و تەواوکەردا هەیە، هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی دەگۆڕێت یان سەرە دەکەوێتە سەرەتا یان تەواوکەر دەکەوێتە سەرەتا. بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە هەموو دروستەیەک لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت، خاڵی سەرەتا و دەستپێکردن لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات کە ئەو کەرەستانە چی تایبەتمەندییەکیان هەیە بخرێنە سەر شێوەی ئاسۆیی و هەتا یەکەیەکی سینتاکسیی دروستبکەن، لە ئەنجامی یەکگرتنی ئایتمە فەرهەنگییەکانیش دروستەی قووڵ (Deep structure) بەرهەمدێت و دواتریش هەنگاو بۆ دروستەی ڕووکەش (Surface structure) دەنێت. ئەم دروستە ڕووکەشەیش بۆ فۆڕمی فۆنۆلۆژیی (PF) و فۆڕمی لۆژیکیی (LF) دابەشدەبن. بڕوانە هێڵکاریی (٢) بۆ خستنەڕووی مۆدێلی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە.

هێڵکاریی (٢) ( خستنەڕووی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە)




(محەمەد، ٢٠٠٩،٦١)

ئەوەی کە گرنگە بگوترێت (سیمانتیک) لە زۆربەی قۆناغەکان بە چەشن و جۆر و ڕادەی جیاواز هەیە، هەر لە فەرهەنگەوە (Lexicon) بۆ دروستەی قووڵ (Deep Strucure) بۆ دروستەی ڕووکەش (Surface Structure) دواتر بۆ فۆڕمی فۆنەتیکیی ( Form Fonetic) و فۆڕمی لۆژیکیی (Form Logical)، چونکە هەر فۆڕمێکی بێواتا وەکو قاوغێکی بەتاڵ وایە.

## ١ / ٢ / ١) تیـــۆری بەستنەوە (Binding Theory)

تێۆری بەستنەوە یەکێکە لە وەچەتیۆرییەکانی حوکمکردن و بەستنەوە، تیۆرێکی سینتاکسیی و سێمانتیکییە، تیۆری بەستنەوە لەگەڵ تیۆری حوکمکردندا ڕۆڵێکی گرنگیان لە تیۆری (GB)دا هەبووە. وەکو بیرۆکەیەکی تازە لە زماندا خرایەڕوو. ئەم تیۆرییە بە شێوەیەکی گشتیی خۆی بە دابەشبوونی فرێزەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات، زیاتر پەیوەستدارە بە سینتاکس و سێمانتیکەوە و دەورێکی باڵای لە ڕەواندنەوەی لێڵیی لەلای گوێگر هەیە، چونکە ئەو دەربڕینانەی کە بەر گوێی گوێگر دەکەون پێش بەستنەوە فۆڕمێکی مارکەلێدراو نییە (marking) بە بەستنەوە و هاونیشانەکردنی فرێزەکان لێڵییەکە دەڕەوێتەوە، بۆیە تیۆرەکە (ئەو شوێنانە دیاریدەکات کە فرێزێک لەگەڵ فرێزێکی تردا هاونیشانە دەبێت. کەواتە تیۆری بەستنەوە خۆی بە هاونیشانەیی و هاوئاماژەیی فرێزەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات) (مەعروف، ٢٠٢٠، ٤٧). ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی گشتیی خۆی بە دیاردەی هاونیشانەیی (Co - referential)ی نێوان فرێزە ناوییەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات، لەگەڵ کەتیگۆرییە بەتاڵەکان. فرێزی ناویی بەپێی تیۆری بەستنەوە بۆ: ئەنافـــۆڕ، جێناوی کەسـیی، دەربڕاوی بۆگەڕاوە ئاماژەدەر پۆلدەکرێت (قادر، ٢٠١١، ٤٩). بۆیە تیۆری بەستنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو فرێزانە دەکات کە لەناو ڕستەدا هاونیشانە بن، بە تایبەت بەستنەوەی ئەنافۆڕەکان لەگەڵ ناو و کەتیگۆرییە بەتاڵەکان. بڕوانە (١):

١ ـ <u>ئازاد</u> <u>خۆی</u> کارەکەی کرد.

i i

لەم ڕستەیەدا (ئازاد) کە ناوێکی تایبەتییە لەگەڵ جێناوە خۆییەکە کە ناونراون ئەنافۆڕ بەستراوەن، چونکە ناوەکە لەگەڵ ئەنافۆڕەکە پێکەوە هاونیشانەن.

لێرەدا بە نموونە ڕوندەکرێتەوە کە:

یەکەم: هەر ئەنافۆڕێک لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بەستراوەیە. بڕوانە (٢):

٢- ئاوات کراسەکەی خۆی شۆرد. (کراسەکە هی ئاواتە)

i i

دووەم: جێناوەکان لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستن. بڕوانە (٣ ، ٤):

٣- ئەو ئەوی بینی.

J i

٤ - ؟ ئەو ئەوی بینی.

J J

سێیەم: هەر ئاماژەکەرێک لە هەر شوێنێک بێت سەربەستە. بڕوانە (٦):

٦- نەوزاد بە ئازادی وت، کە بڕۆن.

J i

(قادر، ٢٠١٥ ، ٧).

هەروەها چەند دروستەیەکی سینتاکسیی کە لە ڕستەی ئاڵۆزدا نوێنراون دیوی دەرەوەی ڕستەکە هەمان بیچمیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕستە ئاڵۆزەکە فرێزی ئەنافۆڕی (خۆ)ی تێدایە، دەبێت بەستراوەبن لە ڕووی واتایشەوە دەشێت توخمی ناو ڕستەکە خاوەندارییان هەبێت. بڕوانە (٦ ، ٧):

٦- پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

i i i

٧- پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

j j i

لە نموونەی (٦) ئەنافۆڕەکان دانرانەوە بەپێی خاوەندارێتیی بەستراونەتەوە. دەرکەوت لە نموونەی (٦) پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە (برای پیاوەکە، شوبرای ژنەکە) کرد. واتا: ژن و براکە هیی پیاوەکەن. لە نموونەی (٧) ژنەکە هیی پیاوەکەیە، براکە هیی ژنەکەیە. ئەم نموونانە بۆ زمانی قسەکردن بوو، بەڵام دەکرێت بۆ نوسینیش هەمان شێواز بێت (مەعروف، ٢٠٢٠، ٤٩).

بڕوانە (٨) و (٩):

٨ـ ئاوات ئازادی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی. ـــ (ماڵی ئاوات)

i j i

٩ـ ئاوات ئازادی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی. ____ (ماڵی ئازاد)

i j j

بەڵام کردار هەیە لێڵییەکە لەلای گوێگر دەڕەوێنێتەوە و خۆی زاڵدەکات بەسەر هاونیشانەکاندا. بڕوانە نموونە (١٠):

١٠ ـ ئازاد لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازیی لە نەوزاد کرد. ____ (ماڵی ئازاد)

i i j

لەم ڕستەیەدا بەهۆی کرداری (پێشوازییکردن)ەوە دەردەکەوێت کە ماڵەکە هیی ئازادە، نەک نەوزاد، بۆیە هاونیشانەی ئازاد لەگەڵ فرێزە ئەنافۆڕەکە بە زۆرەملێی کردارەکەیە ناتوانرێت لەگەڵ (نەوزاد) هاونیشانە بێت. هەروەها کرداری (سەردانییکردن) هەمان سیفاتی (پێشوازییکردن)ی هەیە.

## ١ / ٢ / ٢) تیـــۆری سێتا (Theta theory)

تیۆری سێتا یەکێکە لە وەچەتیۆرییەکانی حوکمکردن و بەستنەوە (GB). ئەم تیۆرییە مامەڵە لەگەڵ داواکارییەکانی کرداردا دەکات و کۆمەڵێک ڕۆڵی تایبەتیی بەیەکەوەدەبەستێتەوە، لە سنووری

کرداردا داواکارییە گونجاوەکانی کردار لە جۆری ئارگۆمێنتەکان کۆدەبێتەوە، ئەو داواکارییانەی کردارەکان دەکەونە ژێر مەرجی گونجان واتە داواکارییەکانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی و لەخۆوە نییە، بەڵکو پشت بە تایبەتمەندییە واتاییەکان (semantic properties)ی ئارگۆمێنتداواکەر دەبەستێت (ڕەشید، ٢٠٠٩، ١٠٧).

هەروەها نیشانە واتاییەکانی ئارگۆمێنتداواکراو دەبێت لەگەڵ ئارگۆمێنتداواکەر پێچەوانە نەبن ، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادروست بەرهەمبێت. هەروەها لە ڕووی تەکنیکییەوە پێیدەگوترێت سنووردارکردنی هەڵبژاردن ئارگۆمێنتەکان کە پەیوەندیی بە کـــردارەوە هەیە (shamim fatma ،1013 ،185). ئارگۆمێنتە کردارییەکان خاوەنی دەروازەی زانیاریین، ئەو ئارگۆمێنتانە هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ دەروازەی زانیارییەکانی یەکدەگرنەوە بۆ دەستکەوتنی دروستەیەکی سینتاکسیی دروست. کردارەکان هەڵاوێری سیمانتیکیی و پۆلەڕەگەزی ئارگۆمێنتەکانی ناو ڕستە دەکەن. بڕوانە (١):

١١ـ ______ ______ خوارد.

لێرەدا کرداری (خوارد) داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات، واتا لە هەڵاوێری پۆلەڕەگەزیدا بە دوو ئارگۆمێنت تێردەبێت. لە ڕووی واتاییەوە دەبێت ئەو دوو پۆلەڕەگەزە یەکەمیین بەو شێوەیە بێت. بڕوانە (١٢):

١٢ـ ______ سێوەکەی خوارد.

لێرەدا (ئارگۆمێنتداواکەر) (سێوەکە)، کە (بەرکارە و کارتێکراوە) هەڵدەبژێرێت کە نیشانە واتاییەکانی لەگەڵ خودی (خوارد) ڕاستەوانەیە.

سێو = (+ میوە + خواردن، + جوین. )

دوای ئەوە (بکەرێکی کارا) هەڵدەبژێرێت کە نیشانە واتاییەکانی (بکەر) توانای شکانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بەرکاردا هەبێت. بڕونە (١٣):

١٣ـ ئازاد سێوەکەی خوارد.

ئازاد = (+مرۆڤ، +زیندوو، + توانای جوین، + توانای خواردن).

وەکو دەبینین چۆن نیشانەواتاییەکانی (ئازاد) لەگەڵ نیشانەواتاییەکانی (خواردن) ڕاستەوانەیە و دژیەکیی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر لەبریی (سێو) وشەی (وێنجە) دابنێین، دەبینین گۆڕان بەسەر بکەرەکەدا دێت. لەبریی (ئازاد) دەبێت ناوی (گیاندارێک دابنێین کە (+ئاژەڵ +گیاخۆر) بێت. کەواتە کردارەکە یەکەم جار تەواوکەرەکە دواتر بکەرەکە هەڵدەبژێریت.

هەروەها هەتا ئێستا لیستێکی دیاریکراو لە ڕۆڵە بابەتییەکان لەبەردەستدا نییە، یان بە واتایەکی تر: زمانەوانان لەسەر ژمارەی ڕۆڵە بابەتییەکان ڕێکنەکەوتوون. ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا هەوڵدەدات هەندێک لەو ڕۆڵە بابەتییانە بخاتەڕوو:

١- کارا/Agent : ((ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە کارێک هەڵدەستێت، یان ئەو دۆخەیە کە دەبێتە هۆی نانەوەی یان بەئەنجامگەیاندنی کارێک)) (محەمەد، ٢٠٠٩، ٩٤). یان ئەو دروستکراوانە دەگرێتەوە کە توانای هەستی بەرجەستەیان هەیە و دەتوانن ڕۆڵی کارا وەربگرن و ببنە ئەنجامدەری کاری ڕستەکە. بڕوانە (١٤، ١٥):

١٤- هێرۆ نامەیەکی جوانی نوسی.

١٥- ؟ سێوەکە هێرۆی خوارد.

هەڵەی ڕستەی (١٥) لە ڕووی بابەتییەوەیە، چونکە سێو ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی هەبێت کە مرۆڤ بخوات.

٢- باس و کارتێکراو/Theme and patient یان (ڕوداوبەسەرداهاتوو) <dative ((ئەو بەشەیە کە لە لایەن کردارەکەوە ڕاستەوخۆ کاریتێدەکرێت)) (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ٩٤). یان ئەو بەشەیە کە کردارەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، یان گۆڕانکاریی بەسەردادێت، یان توشی ڕوداو دەبێت. بڕوانە (١٦):

١٦- نامەیەکی خۆشەویستیی نوسی .

٣- تاقیکردنەوە/experiencer: دەبێت لە لایەن بکەر، یان کەسێکەوە تاقیبکرێتەوە. بڕوانە (١٧):

١٧- من گوێملێبوو.

٤- ئامێر/ instrument: ئامێرێک، یان هۆیەک بەهۆیەوە کردارەکە ئەنجامدەدرێت. بڕوانە (١٨):

١٨ـ ئەو دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

٥ـ شـــوێنیی/locative : ئەو شوێنەیە کە دەستنیشاندەکرێت. بڕوانە (١٩):

١٩ـ کلیلەکان لەسەر مێزەکەن.

٦ـ ئامانج/goal : ئامانجی ڕودانی کردارەکە دەستنیشاندەکات. بڕوانە (٢٠):

٢٠ـ کلیلەکان لەسەر مێزەکە بۆ نەوزاد دابنێ.

٧ـ ڕایەڵ/path: ئاماژە بۆ ڕێگەی ڕودانی کردارەکە دەکات. بڕوانە (٢١):

٢١ـ ئەو بەناو بەفردا ئۆتۆمبێلی لێخوڕی.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە مەرج نییە هەموو وشەیەک ببێتە ئارگۆمێنت بۆ بەشەکرداەکان، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی پێدرابێت (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢١).

## ١ /٣) زاراوە و دروستەی ئارگۆمێنت:

زاراوەی ئارگۆمێنت بۆ یەکەم جار لە زانستی ماتماتیکدا بەکارهێنراوە، بەڵام دواتر گوێزراوەتەوە ناو زانستی زمان ، ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند پێناسەیەکی زانایانی بواری زمان تایبەت بە زاراوەی ئارگۆمێنت دەخاتەڕوو. زاراوەی ئارگۆمێنت لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بەجێکەوتەی فرێزی ناویی و فرێزی پێشناویی خورتیی ڕستە دەگوترێت ، کە گۆکردنێکی (بکەریی و بەرکاریی و... هتدی هەیە. هەروەها لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا ڕۆڵی بابەتانە و ئەو جێکەوتەیە دەگرێتەوە، کە کەرەستە زمانییەکان ڕۆڵی بابەتانەی تێدا وەردەگرن (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ٧٥).

دروستەی ئارگۆمێنت زاراوەیەکە تایبەتمەندیی ڕووکاری پەیوەندیی نێوان واتای وشە و ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان دەگەیەنێت، یان تایبەتێتیی کردارەکان بۆ هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزە جیاوازەکاندا بەهۆی دەروازەی فەرهەنگییەکانیانەوە، هەروەها لە بواری فەرهەنگدا دروستەی ئارگۆمێنت بۆ دیاریکردنی تایبەتێتیی هەریەک لە ئارگۆمێنتداواکەرەکان زۆر گرنگە، چونکە پێماندەڵێت ئارگۆمێنتداواکەرەکان بۆ ئەوەی تێربکرێن ئەو ئارگۆمێنتانەی کە داوایدەکەن لە ڕووی واتاوە چۆن

بێت، واتا ئارگۆمێنتداواکەر (predicate) هەڵاوێری ئەو ئارگۆمێنتانە دەکات کە پێویستیەتی (حسەین، ٢٠١٢، ٢١٠).

کریستاڵ دەڵێت: ئەو تێگەیشتنە زمانەوانیی و ماتماتیکییەی ئارگۆمێنت لێکدەدات بۆ ئەوەی وێنەیەکی زوڵاڵ پێشکەشبکات، بۆیە دەنوسێت زاراوەی ئارگۆمێنت لە گوزارەی تەواوکاریی و جیاکاریی ماتماتیکدا بەکاردێت. هەروەها هەمان زاراوە لە تاوتوێکردنی تیۆری سێمانتیکدا هەیە، کە ئاماژە بە پەیوەندیی ناو، یان زاراوەکانی تر دەکات. لە بەشی گوزارەدا کە لەگەڵ چی ڕەگەزێکی تردا پەیوەندیی دەبەستێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە. (ناوخۆش، ٢٠٢١، ١١٥).

گیوفری فینج: زاراوەی ئارگۆمێنت زاراوەیەکە لە زمانەوانییدا کە زمانەوانان بۆ وەسفکردنی ئەو ڕۆڵەی یەکەیەکی زمانەوانیی تایبەت لە پێکهاتەی سێمانتیکیی و ڕستە دیاریدەکات، یان دەیگێڕێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١١٥).

لێکۆڵینەوەکە پێناسەی (کریستاڵ) بۆ زاراوەی ئارگۆمێنت پەسەنددەکات و پێیوایە ئارگۆمێنت ڕێککەوتنی نێوان ئارگۆمێنتداواکەرە لەگەڵ ئارگۆمێنتداواکراوەکاندا و هەڵبژاردنی سێمانتیکیی و پۆلەڕەگەزییە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاست و دروست بەدەستەوەبدات، چونکە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە نەبێت هەرگیز دروستەیەکی واتاڕاست نایەتەکایەوە. ئەگەرچی ئەم بابەتی ئارگۆمێنتە زیاتر پەیوەندیی بەسینتاکسەوە هەیە وەک لە سێمانتیک، بەڵام سینتاکسیش بایەخێکی گەورەی هەیە لە زماندا و لەگەڵ سیمانتیکدا ئاوێزانی یەکترن. لێکۆڵینەوەکە لەم بەشەدا باسی دروستەی ئارگۆمێنت لە ڕوانگەی تیۆری بەبڕشتیی کردارەوەیە کە بەبڕشتیی (Valance) توانای لێکسیمەکانی وەکو (کردار، ناو، ئاوەڵناو) لە ژینگەیەکی سینتاکسییدا بۆ ئەوەی جێکەوتە بەپێی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان بۆ وەچەپێکهاتەکان/سەگمێنتەکان دیارییکەن (Bussmann ،1996 ،1256 )

## ١/ ٣ / ١) ئـــارگۆمێنتداواکەر (predicate)

ئارگۆمێنتداواکەرەکان ئەو کەرەستانەن کە سەرێکی حوکمکەرن، واتا دەسەڵاتیان بەسەر ئەو کەرەستانەدا دەشکێتەوە کە داوایاندەکەن. ئەو کەرەستانەیشی کە داوایاندەکەن پێویستە زانیارییە فەرهەنگییەکانیان لەگەڵ زانیارییەکانی خودی ئارگۆمێنتداواکەردا ڕاستەوانە بێت و دژیەکیی تێدا نەبێت. ئەگەر وانەبوو، ئەوە پێکهاتەیەکی نادروستی لێبەرهەمدەهێنرێت. یان بە شێوەیەکی تر ئەو

کەرەستانەی کە هاوشانی ئارگۆمێنتداوکەرن لە ئاستی تێرکردنی ئارگۆمێنتداواکەرەکەدا نییە، ئارگۆمێنتداواکەرەکان جگە لە ویستی سینتاکسیی زانیاریی واتاییش پەیوەست بە ئارگۆمێنتەکانیان کۆتوبەنددەکەن، ئارگۆمێنتداواکەرەکان زانیارییداواکەرن و (کردار، ناو، ئاوەڵناو، سەرەناو)ەکان دەگرنەوە. کەواتە ((ئارگۆمێنتداواکەر بریتییە لە پەیوەندیی نێوان بەشەکردار و ئارگۆمێنتەکانی تر)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٠). لەبەرئەوە زانیارییەکان لەسەر بنەمای پێوەری کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن (Selectional Restrictions) لە لایەن ئـارگۆمێنتداواکەرەوە ڕێکدەخرێن و ئارگۆمێنتەکانیش لە دەروازەی زانیارییەکەیاندا زانیاریی لەسەر پەیوەندیی بە ئارگۆمێنتداواکەرەکەوە تۆمارکراوە. کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنەکەیش لەسەر دوو بنەما کاردەکات:

أ- ئارگۆمێنتداواکەرەکان کام زانیارییانە داوادەکەن.

ب - ئارگۆمێنتەکان پەیوەستن بە پریدیکاتەوە بەهۆی نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکەنیانەوەیە.

لێکۆڵینەوەکە لێرەدا مەبەستی ئارگۆمێنتداواکەری کردارییە و زیاتر کار لەسەر ئەوە دەکات، ئەگەرچی چەند جۆرێکی تری ئارگۆمێنتداواکەر خراونەتەڕوو:

## ١ / ٣ /١ / ١) ئارگۆمێنتداواکەری کرداریی (verb predicate)

کردار وەکو دیارترین جۆری ئارگۆمێنتداواکەر بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرێت، یان دەتوانین بڵێین ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکانی ڕستەیەک کردار دیاریدەکات. ئەم دیاردەیەیش بە (بەبڕشتیی کردار) ناسراوە. کردار ئەو بەشەی ڕستەیە لە زمانی کوردییدا بە گشتیی دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە و باسێک لەبارەی بکەرەوە ڕادەگەیەنێت. ئەم بەشەی ڕستە لە ڕووی دروستەوە فرێزێکی کرداریی پێکدەهێنێت. واتە جێکەوتەی کردار هەمیشە بە فرێزێکی کرداریی پڕدەبێتەوە و لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێت. بۆیە کردارەکان لە دروستە سینتاکسییەکاندا ئارگۆمێنتداواکەری سەرەکیین، چونکە دەتوانن لە ڕستەدا ڕۆڵی بابەتانە بە فرێزە ناوییەکان {Np} ببەخشن. کردارەکان پێش ئەوەی بێنە ناو سینتاکسەوە بە شێوەیەکی ناوی کرداریی (verb noun) لە فەرهەنگدان (lexical verb) بە هەموو زانیارییەکانەوە هەڵگیراون، بەڵام کات و کەسداریی لە کردارە فەرهەنگییەکاندا نییە، بە هاتنەناوەوەی کردارە فەرهەنگییەکان بۆ ناو سینتاکس وەکو خۆیان نامێننەوە و نیشانەکانی کات و


کەسداریی لەناویاندا دەشکێتەوە و چالاکدەبن. ئارگۆمێنتە کردارییەکان لە زمانی کوردییدا سەرێکی حوکمکەرن و دەسەڵاتیان بەسەر کەرەستە سینتاکسییەکانی تردا دەشکێتەوە و ئەو پۆلەڕەگەزییانە هەڵدەبژێرن کە خۆیان ئارەزوویاندەکەن. ئارگۆمێنتە کردارییەکانیش لە ڕووی داواکردنی کەرەستەوە لە ڕستەدا جیاوازن، هەریەک بەپێی پێویستیی خۆی و ڕادەی تێربوونی و پەیوەست بە بڕشتییەوە (Valence) داوای ژمارەیەک ئارگۆمێنت دەکات، هەر ئارگۆمێنتێکیش یەک ڕۆڵی بابەتانەی پێدەدرێت بەپێی (تیۆری سێتا theta theory)، هەر ئارگۆمێنتێش یەک ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت. ئەگەر وانەبوو، بێگومان واتاناڕاستیی لێدەکەوێتەوە (in- forme). داواکارییەکانیش هەروا هەڕەمەکیی نیین، پشت بە تایبەتمەندییە واتاییەکان (semantic properties)ی پریدیکات دەبەستێت، لە لایەکی ترەوە پشت بە ڕۆڵی واتایی دەبەستێت کە لە لایەن ئارگۆمێنتەکانەوە جێبەجێدەکرێت (ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٢٠).

بڕوانە (٢٢):

٢٢ – ئازاد خانووەکەی ڕوخاند.



کارا کارتێکراو ئارگۆمێنتداواکەر (پێدانی ڕۆڵی بابەتانە)



ئارگۆمێنە کردارییەکانش لە ڕووی بەبڕشتییەوە چەند جۆرێکن (valence).

بەشەکردار/predicate لە ڕێگەی بەبڕشتییەکەیەوە (هێز)ەوە دەتوانێت حوکمی ئارگۆمێنتداواکراوەکانی بکات، ئەو ئارگۆمێنتانەی کە حوکمکراون لە لایەن بەشەکردارەوە پێیاندەگوترێت تەرزەکانی بەبڕشتیی <Valence pottern> (مەجید، ٢٠١٦، ٨٤). ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە بڕشتیی کردار دەبەستێت لە جیاکردنەوەی کردارەکان و جۆرەکانیان ئەویش بەپێی وەرگرتنی ژمارەی ئارگۆمێنتەکان و جۆری ئارگۆمێنتەکان کە وەریدەگرێت، چونکە کردارە فەرهەنگییەکان خاوەنی بەبڕشتیی خۆیان کاتێک دێنە ناو سینتاکسەوە بەپێی بەبڕشتیی خۆی

جۆری کەرەستە و ژمارەی کەرەستەکانی ڕستەکە دیاریدەکات. واتە کردارەکە جۆری فریزەکە دیاریدەکات ئایا [ NP، AP، PP ] پێویستی بە چەند فریزە لە ڕووی ژمارەوە بۆ تێربوونی. ئەمەیش واتای کۆتوبەندکردنی ئارگۆمێنتەکانی ناو ڕستەیە لە لایەن کردارەکانەوە.

## ١- کرداری تێنەپەڕ (یەک_هێزیی)

کردارەکان دیارترین جۆری ئارگۆمێنتداواکەرن، ئەوانیش بەپێی هێزەکەیان و داواکارییەکانیان ژمارەی ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرن. کردارە تێنەپەڕەکانیش لەو جۆرانەن کە داوای یەک ئارگۆمێنت دەکەن و یەک_هێزیین Monvalent تەنها بە بوونی جێکەوتەیەکی وەکو بکەر ڕستەیەکی واتاڕاستمان دەسدەکەوێت، چونکە بە هەڵبژاردنی یەک پۆلەڕەگەزێک کە فریزێکی ناوییە {NP} داواکارییەکانی تێردەبێت (والی، ٢٠١٥، ٢٥). بڕوانە (٢٣):

٢٣- ئازاد ڕۆیشت.

....... pro ڕۆیشت.

لە ڕستەی ژمارە (٢٣) کرداری (ڕۆیشت) کرارێکی یەک_هێزییە و داوای یەک ئارگۆمێنتێک دەکات. هەروەها توانای پێدانی یەک ڕۆڵی بابەتانەی هەیە، ئەویش ڕۆڵی (کارا)یە، بۆیە پێداویستییەکانی تەنها بە بکەرێک پڕدەبێتەوە، بەڵام زور جار قسەکەر بە مەبەستی کورتبڕیی بکەرەکە گوناکات، بەڵام لە ڕاستییدا دەرنەکەوتنی واتای نەبوون ناگەیەنێت، چونکە لە زمانی کوردییدا بکەرخراوە کردارەکەمان لەو جۆرانەیە پێویستییەکانی بە ئارگۆمێنتێک پڕدەبێتەوە.

ئەگەرچی هەندێک جار دەبینین لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکان لە ڕستەدا جگە لە بکەر ئارگۆمێنتک یان زیاتر دێت، بەڵام وەکو پێداویستیی داوانەکردووە، هاتنی ئەم جۆرە ئارگۆمێنتانە لەگەل کردارە تێنەپەڕەکان سەربارییە و بەشێک نییە لە پێداویستییەکان، بە تایبەتیی فریزە ئاوەڵکردارییەکان. بڕوانە (٢٤، ٢٥):

٢٤- ئازاد <u>بە ئۆتۆمبێل</u> ڕۆیشت.

٢٥- ئازاد <u>زوو</u> ڕۆیشت.

هێڵبەژێرداهاتووەکان ئارگۆمێنتێکی سەربارییین، نەهاتنیان هیچ لە واتا ناگۆڕێت، چونکە کاری تێنەپەڕ دۆخی بەرکاریی دروستناکات و تەنها کاریگەریی لەسەر بکەر دروستدەکات، بەڵام بۆی هەیە (بەرکاری تیانی) لەگەڵدا بێت (موکریانی، ۲۰۰۰، ۳۷).

## ۲ـ کردارە تێپەڕەکان (دوو_هێزیی، یان زیاتر)

ئەو کردارانەی کە لە هێزێک زیاتر، یان دوو هێزیین devalent ((ئەو کردارانەن کە لە ڕستەدا داوای دوو ئارگۆمێنت دەکەن، یەکەمیان جێکەوتەی بکەریی و دووەمیان جێکەوتەی بەرکاریی دەگرێت)) (مەجید، ۲۰۱٦ ، ۸٦). بڕوانە (۲٦):

۲٦ـ <u>ئاری</u> <u>وانەکەی</u> نوسی.


هێڵبەژێرداهاتووەکان هەردووکیان پێداویستیی سەرەکیی ئەو ڕستەیەن، کە کرداری (نوسی) حوکمیدەکات، چونکە بە لادانی هەریەک لە بکەر کە فرێزێکی ناوییە (NP)و بەرکار کە فرێزێکی دیارخەرییە ( DP ) واتای ڕستەکە تێکدەچێتە، چونکە کرداری (نوسی) کردارێکی دوو_هێزییە توانای پێدانی دوخی بکەریی و بەرکاریی هەیە، بە دوو کەرەستە کەمتر تێرنابێت. لە هەڵبژاردنی ئارگۆمێنەکانیشدا یەکەم جار بەرکارەکە کە فرێزێکی دیارخەرییە هەڵدەبژێرێت، دواتر فرێزە ناوییەکە هەلاوێردەکات.

## ۳ـ کردارە هەڵگوێزراوەکان:

ئەو کردارانەن لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا دروستبوون و شێوازێکی نوێیان لە ڕووی واتاو و فۆرم و هێزەوە هەیە، ((هێزەکەیان زیادیکردووە بە بەراورد بە پێش پرۆسەکە بوونەتە کردارێکی زیاتر لە هێزێک دوو_هێزیی و سێ_هێزیی و چوار_هێزیی) (Ankar ،2023 ،6). یەکێکیشە لەو دەروازە بەهێزانەی کە وشە دەخاتە ناو فەرهەنگەوە و ڕێگەیەکی چالاکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، ئەم پرۆسەیەیش ((بەهۆی پێداویستیی زمانەکانەوەیە، چونکە ژمارەی کردار لە ناو کەمترە و تەرزە هەڵگوێزراوەکانیش ژمارە و جۆریان کەمترە، زۆرترین کرداری هەڵگوێزراو لە

کرداری ترەوە هەڵگوێزراون وەک لەوەی لە ئاوەڵناو، یان لە ناو هەڵگوێزرابن)) (مەحویی، ٢٠١٠، ١٩٥). بڕوانە هێڵکاریی (٣):

هێڵکاری (٣) هەڵگواستنی کردارەکان لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی بۆ ناو فەرهەنگ بەهۆی (لاگرەکانەوە)




هەمان فۆرم لە سینتاکس

کردارە هەڵگوێزراوەکان ئەگەرچی لە دروستە سینتاکسییەکاندا هاوشێوەی یەکتر دەردەکەون، ئەمیش ((بەهۆی لاگرەکانەوە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە دەستماندەکەوێت ئەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییەیش گۆڕانی واتایی لێدەکەوێتەوە و دەروازەی زانیاریی جیاواز دروستدەکات)) (مەعروف، ٢٠٢٠، ٦١). دەروازەیەکی سەرەکیی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگە، کردارە هەڵگوێزراوەکان لە رووی داواکردنی جۆری ئارگۆمێنتەکان و ژمارەی ئارگۆمێنتەکان هەم لە خۆیان هەم لەو کردارەی کە پێشتر لێیدروستبووە بەهۆی لاگرەکانەوە جیاوازە. بڕوانە (٢٧، ٢٨):

٢٧ـ ئاری بە ئەو گەیشت. ـــــ (پێگەیشتن)

٢٨ـ ئاری گەیشت. ـــــــ (گەیشت)

لە نموونەی (٢٧) دەبینین (گەیشت) هەمان (گەیشت)ی نموونەی (٢٨) نییە، بەڵکو تەنها لە ڕواڵەتدا وەکو یەکن و لە ناوەڕۆکدا جیاوازن، چونکە کرداری ڕستەی (٢٧) بریتیی نییە لە (گەیشت)، بەڵکو بریتییە لە (پێ+ گەیشت=پێگەیشتن).

(پێگەیشتن)یش وەکو وشەیەکی فرەواتا دەردەکەوێت، هێزی کردارەکە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و بووە بە کردارێکی دوو_هێزیی، لەبەرئەوە بە تێڕوانینمان بەهۆی دەوروبەری کردارەکە مەبەستمان ئەوەیە (ئاری فریای ئەو کەوتووە)، نەک بە واتای (گەیشتن و گەیشتن بە شوێنێکی دیاریکراو).

لە نموونەی (٢٨) کرداری (گەیشت) ئەو کردارەی نموونەی (٢٧) نییە، چونکە ئەو کردارانەی کە بەهۆی لاگرەکانەوە دروستدەبن لە ڕووی داواکردنی ئارگۆمێنت و هەڵاوێری سێمانتیکیی و هەڵاوێری پۆلەڕەگەزی جیاوازن، ئەگەرچی لە دروستەی ڕووکەشیشدا هەمان شکڵ و شێوەیان هەبێت، کردارە هەڵگوێزراوەکان کاتێک گۆڕان بەسەر ڕەگی کردارەکەدا دەهێنن گۆڕان لە ڕووی سینتاکس و لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و واتایشەوە دێتەکایەوە، لە ڕووی واتایشەوە دەبێتە کردارێکی پێکهاتەدار، چونکە بە تەنها توانای هەڵاوێرکردنی واتایی و سینتاکسییانەی نەبووە. واتا کردارەکە بە تەنها زانیارییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتەکانیەوە نیشانەنەکراوە (unmarked). بڕوانە: (٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢)

٢٩ـ کر ـــــــ هەڵکرـــــ نەوزاد چراکەی هەڵکرد. ـــــــ داگیرساندن

٣٠ـ کر ـــــ هەڵکرد ـــــ ئازاد چراکەی بە نەوزاد هەڵکرد. ـــــــ پێهەڵکردن

٣١ـ کر ـــــــ هەڵکر ـــــ نەسرین چەترەکەی هەڵکرد. ـــــ کردنەوە

٣٢ـ کر ـــــــ هەڵکر ـــــ بایەکە هەڵیکرد. ـــــ سەرەتا و دەسپێکردن

لە نموونەی (٢٩) زانیارییەکانی لە ڕووی واتاوە پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی ئارگۆمێنتە ناوەکییەکەی نیشانەکردووە، کە هەڵکردنێکە پەیوەستە بە واتای (داگیرسانەوە). لە ڕووی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی کە داوایدەکات دوو ئارگۆمێنت لە جۆری NP و DP. هەروەها لە ڕووی

سینتاکسیشەوە کردارەکە هاوشێوەی تێپەڕ چووەتە فەرهەنگەوە. لە نموونەی (٣٠) سەرباری بەتێپەڕهێشتنەوەی کردارەکە، بەڵام زانیارییە واتاییەکەی و لە ڕووی ژمارە و جۆری فرێزەکان کە داوایدەکات جیاوازە. لە نموونەی (٢٩) داوای سێ ئارگۆمێنت دەکات لە جۆرەکانی DP . NP ( NP . )ئەویش بەهۆی کۆتوبەندکردنی کردارەکانەوەیە بەرانبەر ئارگۆمێنتداواکراوەکانی. لە نموونەی (٣١) جیاوازە، لێرەدا (هەڵکرد) بە واتای بەرزکردنەوە دێت. لە هەمان کاتدا لە نموونەی (٣٢) کردارەکە لە ڕووی سینتاکسییەوە جیاوازە لەوانی تر، چونکە کردارەکە تێنەپەڕە و توانای تێربوونی جیاوازە و بە تەنها ئارگۆمێنتێک تێردەبێت. هەروەها لە ڕووی واتایشەوە کردارەکە بە واتای دەسپێکردن دێت. لە نموونەکانی (٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢) ئەوەمان بۆ دەردەخەن کردارەکە نواندنێکی مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگیی و سینتاکسیی هەیە. بۆ نموونە کرداری (کـــر) لە دروستەی کرداری (هەڵکر)دا شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە نەک سینتاکسیی، بەڵام کرداری (هەڵکر) کە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییانەیە هەڵاوێری ئارگۆمێنتی پێدەکرێت و کرداری سینتاکسیی دروستدەکات. بڕوانە هێڵکاریی (٤) و نموونەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦):

هێڵکاریی (٤) دروستبوونی کردارەکان بەهۆی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە

چ ـــــ هەڵچ /داچ/ / ڕۆچ

↓ ↓ ↓ ↓

°V °V °V V°

٣٣- چ ـــــ چوو    °V ئازاد بۆ دهۆک چوو.

٣٤- چ ـــــ هەڵچوو    °V شیرەکە هەڵچوو.

٣٥- چ ـــــ داچوو    °V دیوارەکە داچوو.

٣٦- چ ـــــ ڕۆچوو    °V زەوییەکە ڕۆچوو.

بەم دروستکردنەیش دەبینین گۆڕانکاریی تەواو لە کردارەکاندا ڕوویداوە، هەم لە ڕووی هێزەکەوە کە زیاتر مەبەستمانە هەم لە ڕووی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی و واتاییەوە. ئەوەی کە گرنگە لە

هێڵکاریی ژمارە (٤) ئەوەیە کردارەکان دوای هەڵگواستنیان هەر بە ($V^{\circ}$) دەمێننەوە و دەچنە ناو فەرهەنگەوە (مەعروف، ٢٠٢٠، ٦١).

هەندێک کاری تێپەڕ هەن وەکو کردارەکانی (نوسین، خوێندن) بە تایبەتیی لە دەمکاتی ڕانەبردووی ئەرێ و نەرێدا لە دروستەی ڕووکەشدا (surface structure) بەرکارەکانیان دەرناکەون، بەڵام لە ئاستی قووڵدا (Deep structure) هەن و هەست بە بوونیان دەکرێت. بڕوانە (٣٧، ٣٨):

٣٧ـ ئێمە وانە دەنوسین.

ـ ئێمە ...... دەنوسن.

٣٨ـ ئێمە ڕۆژنامە دەخوێنینەوە.

ـ ئێمە ....... دەخوێنینەوە.

لە نموونەکانی (٣٧ و ٣٨) بەرکاری ڕستەکە گۆناکرێت، چونکە پێشتر گوێگر زانیاریی دەربارەی ڕستەی قسەکەر هەبووە، دواتر قسەکەر لەبەر ناپێویستیی کورتبڕییدەکات، ئەمە واتای ئەوە نییە کرداری تێپەڕەکان هەندێکیان پێویستیان بە بەرکار نەبێت (عەلی، ٢٠١٤، ١٢٣).

بۆ زیاتر ئاشنابوونمان کردارێکی وەکو (فێربوون) کردارێکی تێپەڕە و دوو_هێزییە. بڕوانە (٣٩):

٣٩ـ ئەوان فێری وانەکە بوون. ( فێربوون)

بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو (٤٠) دەبینین کرداری (فێربوون) هەمان کرداری نموونەی (٣٩) نییە، بەڵکو کردارێکی هەڵگوێزراوە، (پێفێربوون)ە. ئەگەرچی هێزی کردارەکە گۆڕانکاریی بەسەردانەهاتووە، بەڵام زۆربەی کات گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی کردارەکاندا گۆڕانکاریی هێزی کردارەکەیشی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە (٤٠):

٤٠ـ ئەوان بە شوێنەکە فێربوون. (پێفێربوون)

لە نموونەی (٤٠)دا کردارەکە جیاوازە لەگەڵ کرداری نموونەی (٣٩)، بەڵام هێزی هەردوو کرداری (٣٩ و ٤٠) وەکو یەکن، ئەمەیش کەم جار ڕوەدات کردارە هەڵگوێزراوەکە لە ڕووی هیزەوە هەمان

کرداری لێهەڵگویزراو بێت. هەروەها کردار هەیە داوای سێ ئارگۆمینت زیاتر دەکات بۆ تێربوونیان. بڕوانە (٤١):

٤١- <u>مامۆستا</u> <u>خوێندکارەکانی</u> فێری <u>وانەی</u> <u>کوردیی</u> کرد. (فێرکردن)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕونبووەوە کە کرداری (فێربوون، پێفێربوون، فێرکردن) ئەگەرچی لە ڕووی فۆڕمەوە زۆر لە یەکەوە دوور نیین، بەڵام داواکارییان جیاوازە، چونکە هەریەک واتای جیاوازی هەیە.

دەتوانرێت لەهەموو جۆری کردارەکاندا جێکەوتەی بکەریی ئاشکرا لاببرێت، ئەویش کاتێک دەکرێت کە نیشانەکانی بکەر لەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەکە بێت. بە واتایەکی تر: کاتێک دەتوانیت بکەر لاببەیت بە مەرجێک لە ڕستەدا نیشانەی بکەر بخەینەسەر ڕستەیەکی تر. بڕوانە (٤٢، ٤٣):

٤٢ ـ قوتابییەکە خوێندی. ـــــ خوێندی

٤٣ ـ ئەوان لێرەن. ـــــ لێرەن.

لە ڕستەی (٤٣) ئەگەرچی کردارەکەیشمان تەواو نییە، بەڵام هەر بکەر لابراوە، بەڵام نیشانەکەی لەسەر کەرەستەیەکی ترە، شایانی تێبینییکردنە کە هەندێک جار بکەر لادەبرێت و نیشانەکەیشی نامێنێت، بەڵام لەم شوێنانەدا بێنیشانەیی دەبێتە نیشانە بۆ بکەر وەکو چۆن مۆرفێمی سفر دەبێتە نیشانە بۆ بکەر لە دەمی ڕابردوو بۆ کەسی سێیەمی تاک. بڕوانە (٤٤):

٤٤ ـ ئەو نوست. ـــــ ⦸ نوست.

هەرچەندە لابردنی بکەر لە لێکۆڵینەوەی بەشێک لە ڕێزماننوسەکاندا دەبینرێت، بەڵام لەلای هەندێک لە ڕێزماننوسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نیشانەکانی بکەر هەر بکەرە، بەڵام هەندێک جار ناتوانرێت بکەرەکە لاببرێت، بە تایبەت لە کاتی دوپاتکردنەوەدا. بڕوانە (٤٥، ٤٦):

٤٥ـ من بۆتم نارد، نەک ئەو. ـــــــ ؟ بۆتم نارد، نەک ئەو.

٤٦ـ ئیمە پیمانگوتن، نەک ئەوان. ـــــ ؟ پێمانگوتن، نەک ئەوان.

لە ڕستەی (٤٥، ٤٦) ناتوانرێت بکەرەکە کە جێناوێکی سەربەخۆیە لە ڕستەکەدا لاببرێت، چونکە لەم حاڵەتی دوپاتکردنەوەیەدا جێناوەلکاوەکە ناتوانێت هەمان ڕۆڵی جێناوە سەربەخۆکە بگێڕێت، لەبەرئەوە بکەر کاتێک دەتوانرێت لاببرێت کاتێک گوێگر یان خوێنەر بەهۆی دەوروبەرەوە (هۆکاری ناو ڕستەکە یان دەرەوەی زمان بکەر بناسێتەوە) (سەعید، ٢٠٠٩، ٨٠).

## ١ / ٣ / ١ / ٢) ئــاوەڵناو:

ئاوەڵناوەکانیش دەتوانن ببنە ئارگۆمێنتداواکەر لەو ڕستانەی کە باس لە دیاردە و حاڵەتێک دەکەن، چونکە کردارە ناتەواوەکان توانای هەڵاوێری ئارگۆمێنتەکانیان نییە. بڕوانە (٤٧):

٤٧ ـ دنیا ساردە.

لێرەدا ئەوەی وایکردووە (دنیا) لە ڕستەکەدا بێت، ئاوەڵناوی (سارد)ە نەک کارە ناتەواوەکە.

هەروەها لە ئاستی فرێزیشدا ئاوەڵناوەکان ئارگۆمێنتداواکەرن. بڕوانە: (٤٨، ٤٩):

٤٨ـ چاوجوان

٤٩ـ کچی کەمەرباریک

لە ئاستی فرێزیشدا ئاوەڵناوەکان هەندێکیان پەیوەست بە توخمێکەوە کۆتوبەندی واتایی کراون بەو توخمەوە، چونکە ئاوەڵناوەکە لە فەرهەنگدا (+مێ)، یان (+ نێر) بووە بەپێی جۆری ئاوەڵناوەکە دەگۆڕێت. بڕوانە (٥٠):

٥٠ـ (ژیکەڵە، عەیار، خانومان، نازدار و... هتد)

ئەم هاوەڵناوانە تایبەتن بە توخمی (مێ) کاتێک گوێمان لەمانە دەبێت دەبێت ناوێکی بخەینەپێش (+مێ) بێت، چونکە لە بەرانبەر توخمی (+نێر) کۆتوبەندی لەسەرە، هاوەڵناوەکە لەگەڵ ناوێکی (+مێ) بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکو لەحیمکراو دەردەکەون. بڕوانە (٥١):

٥١ ـ

| | | |
|---|---|---|
| کچی | ژیکەڵە | |
| کچی | عەیار | |
| کچی | تەڕبەل | +مــێ |
| کچی | نازدار | |

بەڵام هەندێک لە هاوەڵناوەکان چونکە تایبەتن بە (+نێر، +پێگەیشتن) داوای ئارگۆمێنتێک دەکات کە (+نێر) بێت، وەکو ئاوەڵناوەکانی (چوارشانە، شەرواڵپیس، قومارچیی، قارەمان، جەربەزە و... هتد). بڕوانە (٥٢):

٥٢:

| | | |
|---|---|---|
| پیاوی | شەرواڵپیس | |
| پیاوی | قومارچیی | |
| پیاوی | چوارشانە | +نێــر |
| پیاوی | قارەمان | |
| پیاوی | جەربەزە | |

ئاوەڵناوەکان لە پلەی چەسپاودا تەنها داوای یەک ئارگۆمێنت دەکەن، وەکو نموونەی (٥١ ، ٥٢) بەڵام لە پلەی بەراورد و باڵادا ئاوەڵناوەکان تەنها بە ئارگۆمێنتێک تێرنابن، چونکە ئەم دوو پلەیە پیشاندانی جیاوازییە لە نێوان دوو شت، یان دوو کاتی جیاوازدا یان زیاتر. بڕوانە (٥٣، ٥٤):

٥٣ـ ئاوات لە ئامانج زیرەکترە.

٥٤ـ ئاوات لە پار زیرەکترە.

ئارگۆمێنتداواکەری (زیرەکتر) لە ڕستەکەدا پێویستی بە دوو جێکەوتە هەیە، چونکە ((لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دوو ناو، یان دوو جیناو، یان دوو کات، یان زیاتر لە ڕووی پەیوەندیی

دیاریکراوەوە)) (محەمەد، ٢٠١٦،١١٠) هەروەها ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا پێویستی بە ئارگۆمێنتی زیاترە، چونکە هەڵبژاردنی ناوێک، یان جێناوێکە لە نێوان دوو ئارگۆمێنت، یان زیاتر. بڕوانە (٥٥):

٥٥ـ ئاوات زیرەکترین خوێندکارە لە پۆلەکەدا.

ڕەنگە لە دروستەی ڕووکەشدا وەکو نموونەکانەکانی (٥٤ و ٥٥) بتوانرێت دەرینەبڕین و بڵێین (ئاوات زیرەکترین خوێندکارە)، بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە لە دروستەی قووڵدا ئارگۆمێنتێکی وەکو (ئەمساڵ، پۆلەکە، شارەکە، وڵاتەکە، جیهان، مێژوو و... هتد) دەرنەبڕاوە.

## ١ / ٣/ ١/ ٣) سەرەناو (substantive)

هەندێک لە سەرەناوەکان ئارگۆمێنتداواکەرن، نیشانە واتاییەکانی ئەم چەشنە لە نیشانە واتاییەکانی سەرەناوەکانی تر جیاوازن، ئەمانە ناوی ئاوەڵکرداریین و داوای ئارگۆمێنتێک دەکەن کە لەگەڵ سروشتی خۆیاندا بگونجێت، وەکو ئاوەڵکردارەکانی (سەر، ژێر، خوار، تەنیشت، بن، بان، ژوور و... هتد). بڕوانە (٥٦):

٥٦ـ دەفتەرەکەم لە<u>ژێر</u> مێزەکە دانا.

سەر

خوار

تەنیشت

کاتێک کە ئاوەڵکردارەکان دێن ،دوابەدوای داوای ئارگۆمێنتێک داوادەکەن، چونکە بە تەنها ناتوانن واتای تەواو ببەخشن. بڕوانە (٥٧):

٥٧ـ دەفتەرەکەم لەژێر ..... دانا

کاتێک گوێگر گوێی لەم ڕستەیە دەبێت دەزانێت کەموکورتییەک لە ڕستەکەدا هەیە، چونکە کەرەستەیەک کە پێویستە بگوترێت لابراوە، بۆیە گوێگر دەڵێت (دەفتەرەکەت لە کوێ داناوە؟)

واتا سەرەناوەکان بەدوای خۆیاندا دەبێت ناوێک بێن بۆ ئەوەی واتادروست بن، جا مەرج نییە ناوەکە ناوێکی بەرجەستە بێت. بڕوانە (٥٨):

٥٨ـ من لەناو خەیاڵدا دەژیم.

لە ڕستەی (٥٨) وشەی (خەیاڵ) ناوێکی بەرجەستە نییە، ئەگەرچی سەرەناوی (لەناو) دەبێت ئەو ئارگۆمێنتەی داوایدەکات (+شوێن) بێت.

### ١ / ١ / ٣ / ٢) ئارگۆمێنتداواکراو:

لە پێشووتردا باسی ئارگۆمێنتداواکەر کرا، ئەوەمان خستەڕوو کە ئارگۆمێنتداواکەرەکان بە تایبەتیی کردارەکان بەپێی پێویستیی خۆیان داوای کەرەستە سینتاکسییەکان دەکەن، ئەو کەرەستانەیش کە داوادەکرێن پێیاندەڵێین ئارگۆمێنتداواکراو، چونکە پەیوەستن بە ئارگۆمێنتداواکەرەکانەوە بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کە ئارگۆمێنتداواکەر هەیەتی (مەحویی، ٢٠١٠٠، ٨٢). بڕوانە نموونەکانی (٥٩، ٦٠):

٥٩ـ ئاری       هات.

(ئاری) ئارگۆمێنتداواکراوە لە لایەن ئارگۆمێنتداواکەری (هات)ەوە، کردار ڕستەی (٥٩) تەنها بە بوونی (ئاری) تێردەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| ٦٠ ـ ئاری | نەسرینی | هێنا. |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| ئارگۆمێنت داواکراو١ کارا | ئارگۆمێنت داواکراو٢ کارتێکراو | ئارگۆمێنت داواکەر |

لە نموونەی (٦٠) دا کردارەکەمان لەو جۆرە کردارانەیە کە توانای پێدانی ڕۆڵی بابەتانەی هەیە بە دوو ئارگۆمێنت (ڕۆڵی کارا ) بە بکەر و (ڕۆڵی کارتێکراو) بە بەرکار بە واتایەکی سێمانتیکیی و لۆژیکییانەیش ئەو بەشانەی ڕستەن، کە هەواڵێک لەبارەیانەوە بەهۆی ئارگۆمێنتداواکارێکەوە ڕادەگەیەنرێت.

ئارگۆمێنتداواکراوەکان لە دروستەی قووڵدا (Deep structure) ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن، ئەم ڕۆڵپێدانەیش لە چوارچێوەی تیۆری ڕۆڵی بابەتانەدا (Theta theory) جێبەجێدەکرێت، چونکە ناتوانێت لە ڕۆڵێکی بابەتانە زیاتر وەربگرێت و ئارگۆمێنتێکیش ناتوانێت لە ڕۆڵێکی بابەتانە زیاتر بدات ( Trauth & Kazzazi , 1996 , 1257).

لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا پاڕستە وەکو ئارگۆمێنتداواکراوێک دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت مەرج نییە ئارگۆمێنتداواکراوێک تەنها بریتیی بێت لە فرێزێک، بەڵکو لەوانەیە بەشێکی زۆری ڕستەکە ئارگۆمێنتداواکراو بێت، بە تایبەتیی لە ڕستەی ئاڵۆزدا. بڕوانە (٦١):

٦١- من دەزانم، کە وەڵامی پرسیارەکە چییە.

لە نموونەی (٦١) پاڕستەی (کە وەڵامی پرسیارەکە چییە) داواکراوە لە لایەن بەشەکرداری (دەزانم)ەوە جێگەی بەرکاری ناوەکیی ڕستەکەی گرتووەتەوە. ((لە لایەن کرداری یەکەمی ڕستەکەوە کۆنترۆڵدەکرێت بەڵام ڕۆڵی بابەتانەی پێنادرێت، چونکە ڕستە کەرەستەیەکی فەرهەنگیی نییە و خاوەنی نیشانەی فەرهەنگییش نییە)) (مەعروف، ٢٠٠٩، ٨٩).

### ١ / ٣ / ٣) ڕیــزوبونی ئارگۆمێنەکان لەڕستەدا.

ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا بەپێی قاڵبە بنجییەکانی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ڕیزدەکرێن و دەخرێنە تەکیەک. واتە ئەم کەرەستانە بەپێی جێکەوتەی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان دەستنیشاندەکرێن و ڕیزدەکرێن، بۆیە ڕیزبوونی کەرەستەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەکو کەرەستەیەکی واتایی ڕێزمانیی تەماشادەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانیش لە دروستەی ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەریەک بەپێی یاسای داڕشتنی قاڵبەکانی زمانەکە ئارگۆمێنتەکان ڕیزدەکات، چونکە ئەگەر وانەبێت تەنها خستنەپاڵیەکی وشەیە و بەبەرهەمیی واتایی لێناکەوێتەوە، ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەیش لە دروستەی ڕستەیەکی تەواودا ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە کەرەستەکانی (بکەر و بەرکار و

کردار...) بە تەواویی دەربڕابن و ئەرکی هەریەکەیان مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەیبینێت، بۆیە کەرەستەکانی دروستەی ئەم جۆرە ڕستانە لە دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن (برزۆ، ٢٠١١، ٩٥). بڕوانە (٦٢):

٦٢ ـ ئازاد ئاوات دەگرێت.

ڕستە:

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | بەرکار | کردار |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| ئازاد | ئاوات | دەگرێت |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| ئارگۆمێنت | ئارگۆمێنت | ئارگۆمێنت |
| داواکراو | داواکراو | داواکەر |

قاڵبەکانی ریزبوونی ڕستە لە زمانی کوردییدا بە شێوەی (بکەر + تەواوکەر + کردار)ە، بەڵام دەشێت ئەم شێوەیە گۆڕانکاریی بەسەردابێت، ئەویش بەپێی جۆری کردارەکە دەگۆڕێت، چونکە کردار لە زمانی کوردییدا سەرێکی حوکمکەرە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمدەکات. ئەگەر ڕێنوسەکەمان ئارامیی بێت، کردارەکەی دەسەڵاتی بەسەر ڕیزبوونی کەرەستەکانی پێش خۆی دەشکێتەوە و ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکان دەبەخشێت و کۆتوبەندیاندەکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات هەندێک لە قاڵبەکانی ریربوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردییدا بخاتەڕوو:

### ١ـ ئەو ڕستانەی قاڵبی دوو ــ ڕەگەزیین:

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە کە کردارەکەیان پێویستی بە یەک ئارگۆمێنتێکی کارا هەیە بۆیە قاڵبی ڕستەکە (S + V)یە. بڕوانە (٦٣):

٦٣ــ ئازاد هات.

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا ئارگۆمێنەكان چەسپاون و ناتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێبكرێت، چونكە ئارگۆمێنتی سەربارییمان نییە.

### ٢ـ ئەو ڕستانەی قاڵبی سێ ــ ڕەگەزیین:

ئەو ڕستانەن كە كردارەكانیان پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، كە ڕۆڵی كارا و كارتێكراو ببینێت. واتا دوو جێكەوتەی دەوێت (mono-transitive) (S + O + V). بڕوانە (٦٤):

٦٤ــ ئازاد ئارامی گرت.

لەم ڕستەیەدا ناتوانرێت ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەكان ئاڵوگۆڕبكرێت، یان لاببرێت، چونكە گۆڕانی واتایی و ناڕێزمانیی لێدەكەوێتەوە. بڕوانە (٦٥):

٦٥ــ ئارام ئازادی گرت.

؟* ــ ئارام گرت.

كاتێک لادان و جێگۆڕكێی ئارگۆمێنتەكان دێتەئاراوە واتا دەشێوێت یان پێچەوانەدەبێتەوە.

### ٣ـ ئەو ڕستانەی قاڵبی چوار_ڕەگەزیین:

بێگومان لەم جۆرە قاڵبەیشدا جۆری كردارەكە كردارێكی تێپەڕە و كردارێكی هەڵگوێزراوە بەهۆی لاگرەكانەوە، بەڵام لە ڕووكەشی ڕستەكەدا لاگرەكان دەرناكەون، ئەم جۆرە كردارانە جۆری ڕیزبوونەكەیان بەم شێوەیەیە:

(S + O + O + V) وەكو پێشتریش باسكرا كە كردارە هەڵگوێزراوەكان بۆ تەواوكردنی واتاكانیان پێویستیان بە دوو ئارگۆمێنت یان زیاتر هەیە. بڕوانە (٦٦):

٦٦ــ ئازاد گوریسەكەی بە ئارام گرت.

V ← O ← O ← S

لەم ڕستەیەدا كرداری (گرت) لە ڕاستییدا (پێگرتن)ە بۆیە داوای سێ ئارگۆمێنت دەكات.

لەم جۆرە قاڵبانەی سەرەوەدا دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو شێوەی ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان و ژمارەیان پەیوەستە بە جۆری کردارەکەوە. لە قاڵبی یەکەم و دووەم ناتوانرێت جێگۆڕکێ لە کەرەستەکاندا بکرێت، چونکە ئەمانە ئارگۆمێنتی سەربارییی نیین هەتا بتوانین یاریی پێبکەین، بەڵام لە قاڵبی سێیەمدا نەرمییەک لە ڕیزبوونەکەدا هەیە و دەتوانرێت گۆڕانکاریی لە ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان ڕوبدات. بڕوانە (٦٧):

٦٧ـ ئازاد بە ئارام گوریسەکەی گرت. (پێگرتن)

تەواوکەرەکان لە ڕستەدا ناتوانن چەسپاویی خۆیان بپارێزن. ئەگەر لە ڕستەی (٦٧) بڕوانین جۆرێک نییە لە سەربار ، بەڵام لە زۆرییەنەی ڕستەکاندا کە کردارەکانیان تێنەپەڕە دەتوانرێت جێگۆڕکێی پێبکرێت، یان لاببرێت بەبێ ئەوە تێکچوونی واتایی لێبکەوێتەوە. بڕوانە (٦٨):

٦٨ـ ا ـ ئازاد بۆ سلێمانیی هات.

ب ـ ئازاد هات بۆ سلێمانیی.

پ ـ ئازاد هات.

هەندێک جار ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە بەپێی ویستی قسەکەر دەگۆڕێت، بە تایبەتیی لە پێشوپاشخستنی بکەر و بەرکاردا واتا سووربوونی قسەکەر لەسەر بکەر یان بەرکار یان ئەو کەرەستەیەی کە قسەکەر دەیەوێت زیاتر دەربکەوێت جەختی لەسەر دەکاتەوە. دەیهێنێتە پێشەوەوە بۆ ئەوەی بە گوێگری بگەیەنێت بەبێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر واتای ڕستەکە دروستبکات. واتا ((کەرەستەی مەبەستدار خۆی لە سەرتۆپکردنێکی مەبەستدار دەبینێتەوە، ئەم جۆرە گواستنەوەیە جوڵەیەکی سەرەکیی دەربڕینی ڕووکەشیی گۆکردنی ئاماژە و نیشانەکانی ڕیزبوونێکی تایبەتی وشە و پێکهاتەکانی ڕستەیە و هێنانەپێشەوەی کەرەستەی مەبەستدار بۆ سەرەتای ڕستە)) (قادر، ٢٠٠٨، ٦٩).

بۆ نموونە بە ڕێگەی (بەلوتکەکردن ـ Topicalazaition) کاتێک کەرەستەی مەبەستدار بەپێی یاسایەکی گوێزانەوە دەخرێتە سەرەتای ڕستەوە بڕوانە نموونەکانی (٦٩):

٦٩ـ ا ـ ئەو پیاوە خەرمانەکەی سوتاند.

ب ـ خەرمانەکە ئەو پیاوە سوتاندی.

لەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت قسەکەر لە ڕستەی ( ٦٩ ا) مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە باسی ئەو کەسە بکات کە خەرمانەکەی سوتاندووە، واتە ئەوە بدات بە گوێی گوێگردا کە مەبەستی زیاتر کەسەکەیە نەک خەرمانەکە، بەڵام لە ڕستەی (٦٩ب) قسەکەر بەرکارەکەی پێشخستووە، چونکە دەیەوێت بەرکارەکە (خەرمانەکە)، لەلای گوێگر تۆخبکاتەوە نەک ئەو کەسەی خەرمانەکەی سوتاندووە.

## ١ /٤) زانیـــــاریی فەرهەنگی ئاوەزیی:

زۆرێک لە خوێنەران کە باسی فەرهەنگ دەکرێت ڕاستەوخۆ بیریان بۆ لای فەرهەنگی ئاسایی (وشەنامە، dictionary ) دەچێت، بەڵام ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا مەبەستیەتی (فەرهەنگی ئاوەزیی)ە، کە سەرجەم زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکییەکانی تێداهەڵگیراوە. کەواتە زانیاریی فەرهەنگیی بریتییە لە دەروازەی زانیارییەکان کە نیشانە سیمانتیکیی و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە هەوڵدەدات زانیاریی دەربارەی کەرەستە و وشەکان بزانێت و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵیانبگرێت. بۆ نموونە: منداڵێک هێشتا فەرهەنگی زانیاریی پڕنەبووەتەوە داوای لێبکەیت (ئاوێکی شلم بۆ بهێنە) لە وەڵامدا دەڵێت (ئاو هەر شلە) چونکە (ئاو) بە سیفاتەکانیەوە لە مێشکدا هەڵگیراوە. هەروەها ((بۆ سیفاتە فۆنۆلۆژییەکانیش هەر هەمان شێوەیە زانیارییەکانی پەسەندکردنی پێڕەوی دەنگەکان و تەرزی دەنگەکان (چەشن و جۆرەکانی خستنەتەکیەک)ەوە پەیوەست بە پەیڕەوکرنی ژمارەیەک دەستوور و یاسای دیاریکراوەوە کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستیی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆژییەکانی وەکو فۆنێم و بڕگەکان دەدات، پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوانیشیان ڕێکدەخات، هەر وەکو لەباریی هاتن و پێکەوەگونجانی فۆنێمەکان لەگەڵ یەکدا، یان ڕێگەگرتن لە پێکەوەهاتنی دوو ڤاوڵ/بڕگەیی/بزوێن، یان دەنگی تر. واتە پەیڕەوکردن و پاراستنی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە)) (سەعید، ٢٠١٩، ١١). بۆ نموونە: کە دەڵێین (برنج) شوێنی وەستان و دەسپێکردنی بڕگەکە بڕیار لەسەر دروستیی یان نادروستیی دەدات، ئەگەر هەمان وشە بە شێوەیەکی تر گۆبکرێت (بر/ نج) واتا شێوەی گۆکردنی بگۆڕین ئەوە بێگومان نادروست دەبێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بە گۆڕینی شوێنی بڕگەکان کە لە مێشکدا هەڵگیراون لادانی واتایی یان بێواتایی لێدەکەوێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی

وەکو (برنج) لەیەک بڕگە پێکهاتووە  کاتێک واتای (+خواردن) دەدات کە  (بە یەک) بڕگە دەربب‌ڕێت. ئەگەر وانەبوو، واتاکەی دەشێوێت یان گۆکردنێکی بێواتامان بۆ دروستدەبێت. لێرەدا کۆتوبەندکردنی واتاکە دەکەوێتە سەر یاسای فۆنەتاکتیکی زمانەکە.

هەروەها زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانیش بە هەمان شێوە هاوشێوەی زانیارییە واتایی و فونۆلۆژییەکان ئەمانیش لە مێشکدا هەڵگیراون. بۆ نموونە دیاریکردنی پۆلەڕەگەز و دیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە Morphological sub ctegorization بۆ نواندنی مۆرفێمەکان پێش داڕشتنی وشەکان وەکو چۆن پاشگرەکانی ناوی شوێن و ناوی پیشە و ناوی بچوککراوە و... هتد جیاکراونەتەوە. بڕوانە نموونەکانی (٧٠):

٧٠ ـ          ا ـ  ناو + ستان = ناوی شوێن

ب ـ ناو+ لە = ناوی بچوککراوە

پ ـ ناو+ چی = ناوی پیشە

وەک لە نموونەکانی (٧٠) دەبینین پاشگرەکان هەمووی لەگەڵ ناودا هاتوون، بەڵام هەریەک ناوێکی جیای دروستکردووە ئەمانە مرۆڤ ناتوانێت هەروا لەخۆوە ئەنجامیبدات، بەڵکو زانیارییە و لە مێشکدا هەڵگیراوە (مەعروف، ٢٠٢٠ ، ٧).

هەروەها زانیارییە سینتاکسییەکانیش  ئەو جێکەوتانە دەستنیشاندەکەن، کە کۆنیشانەکان دەتوانن وەکو یەکە فەرهەنگییەکان تیایاندا دابنرێن و دەربکەون، ئەو یاسایانەیشی تێدایە کە بەسەر ئەو جێگایانەدا جێبەجێدەکرێن کە دروستەکان تیایاندا دەگۆڕدرێن و دەکرێن بە دروستەی ڕووکەش (مەحویی، عومەر، ٢٠٠٤، ١٢).

واتە یاسا سینتاکسییەکان و دانانی کەرەستە زمانییەکان لە دروستەیەکی واتاڕاست ، هەروا هەڕەمەکیی نییە، بەڵکو بەپێی ئەو یاسایانەیە کە لە دەروازەی فەرهەنگیی ئێمەدان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا مەبەستیەتی تیشکبخاتەسەر زانیارییە واتاییەکان کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئێمەدا هەڵگیراون و هەریەک لەو کەرەستانە خاوەنی چەند سیفاتێکی تایبەتی خۆیانن، بەبێ ئەوەی لە دەربڕینەکانماندا دەریانبب‌ڕین، بۆنموونە

ئاگر= (+گەرمی، +ڕوناکیی، +سوتان، +لەناوبردن، −خواردن، −توخم و... هتد).

لەبەرئەوە کاتێک لە ڕستەیەکی واتاداردا باسی ئاگر دەکرێت، ئێمە پێشووتر نیشانە واتاییەکانیمان زانیوە بۆیە ئاخێوەرانی هەر زمانێک دەتوانن دروستەی واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسنەوە، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیارییە سینتاکسیی و واتایی و فونۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد، چونکە منداڵ هەر لە سەرەتای زمانپژانیەوە هەوڵدەدات زانیارییەکان لە دایکیەوە وەربگرێت.

هەروەها هەندێک پۆلەڕەگەز هەن بەبێ گوتن و پۆلەڕەگەزەکەی گوێگر دەزانێت قسەکەر چی توخمێکی دەربڕیوە، چونکە ئەو دەربڕاوانە هەڵگری ماركەی ( +/ −نێر)ن، یان بە پێچەوانەوە وەکو وشەکانی (مەڕ، بەران) و (مریشک، کەڵەشێر) و (ئەسپ، ماین) و (گەماڵ، دێڵ) و (مالۆس، یەکانە) و (بزن، نێریی)، ئەم پۆلەڕەگەزانە بەبێ گوتنی توخمەکانیان دەزانرێت چی توخمێکن بۆیە ناتوانرێت دوبارە سیما واتایەکانیان بخەیتە پاڵ وەکو:

؟ ئەسپی نێر

؟ مریشکی مێ

؟ کەڵەشێری نێر

؟ ماینی مێ

؟ بەرانی نێر و... هتد.

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت ڕاستەوخۆ دانەپاڵی نیشانە واتاییەکان لە تەنیشت ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا توخمیان دیاریکراوە ڕێگە بە گوتنیان نادرێت، چونکە پەلەوەرێکی وەکو /کەڵەشێر/ سیمای /+نێری/ بەشێکە لە واتای وشەکە و ناتوانرێت لە گوتندا دەربڕێت، یان لە نوسیندا بنوسرێت، چونکە توخم و تەمەن بەشێکی سەرەکیی ناوەکەن.

بەڵام وشەیەکی وەکو (پوور) پەیوەست بە زایەندەوە نیشانەکراوە، بەڵام بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نیشانەنەکراوە، ئەویش بەو پێیەی دەربڕی گشتێتییە و زانیاریی تەواو بە گوێگر نادات مەگەر لە سینتاکسدا نیشانەبکرێت کە (خوشکی باوک)ە یان (خوشکی دایک)ە. هەروەها وشەکانی وەکو (برازا، خوشکەزا، ئامۆزا، خاڵۆزا، کچەزا، پوورزا) لە فەرهەنگدا ئەمانە نیشانەکراوی زایەندەیی نیین، بەڵکو نیشانەکراوی خزمایەتیین چونکە کە دەڵێین (برازا، خوشکەزا، ئامۆزا،

پوورزا، کچەزا) نازانرێت ( -نێر یان +نیر/ - مێ یان/ +مێ) هەندێک جار پیشەکە جیاکەرەوەی زایەندەکەیە، چونکە ئەو پیشانە تایبەتن بە (نێر یان مێ) ئەمەیش لە ناوسینتاکسدا ڕوندەبێتەوە، ئەگەرچی سینتاکس جگە لەوەی پێکهاتەیەکی ڕێزمانە و خۆی بە خستنەتەکیەک و خستنەپاڵی فرێزەکان و گۆکردنە سینتاکسییەکانەوە خەریکدەکات، لە هەمان کاتیشدا تەواوکەری فەرهەنگی گشت زمانێکیشە و نیشانەکەری فۆرمە گشتییەکانی ناو فەرهەنگیشە، بۆیە سینتاکس فۆرمێکی فەرهەنگیی یەکلادەکاتەوە کە (+ چی نیشانەیەکە یان بە پێچەوانەوە) (مەعروف، ٢٠٢٠، ١٣٧). بڕوانە (٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤):

٧١- برازاکەم دکتۆرە. برازا ← /+نێر/، /-مێ/

٧٢- برازاکەم دکتۆرەیە. برازا ← /-نێر/، /+مێ/

٧٣- پوورزاکەم ئاسنگەرە. پوورزا ← /+نێر/، /-مێ/

٧٤- پوورزاکەم کابانە. پوورزا ← /-نێر /،/ +مێ/

لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە لە سینتاکسدا نیشانەکانمان زیاتر بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەویش پەیوەستە بە ودەوروبەرەی کە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکەی تێدەکەوێت، بەڵام ئەو وشانەی کە تایبەتن بە هەردوو توخمی نێر و مێ واتا دوولایەنن لە سێنتاکسیشدا ناتوانن توخمەکانیان دیاریبکرێت. بڕوانە (٧٥):

٧٥- خوشکەزاکەم مامۆستایە.

لەم نموونەیەدا (خوشکەزا) نازانرێت (+نێر) یان (+مێ)یە، چونکە هەم خوشکەزا لە فەرهەنگدا نیشانەی زایەندەیی بۆ دانەنراوە، هەم (مامۆستا) تایبەت نییە بە پیشەی (+نێر) یان (+مێ) بۆیە لێرەدا سینتاکسیش ناتوانێت بەو ئەرکە هەڵبستێت مەگەر لە دەربڕینەکاندا (کچ ، کوڕ) بخەیتە پێش (خوشکەزا)وە. بڕوانە (٧٦، ٧٧):

٧٦- کوڕەکەی خوشکەزام مامۆستایە.

٧٧- کچەکەی خوشکەزام مامۆستایە.

## ٥/١) هەڵاوێرکردنی سێمانتیکیی (semantic selection)

لێکۆڵینەوەکە لە پێشووتردا باسی زانیاریی فەرهەنگییەکانی کرد (Lexicon information) ئەوەی خستەڕوو کە کەرەستەکانی زمان هەریەک خاوەنی دەروازەی زانیاریی سێمانتیکیی و فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و... هتد، لەبەرئەوە کاتێک کەرەستەیەک دەردەبڕین پێویستە ئەو کەرەستانەی ئارگۆمێنتداواکەر داوایدەکات، دەروازە فەرهەنگییەکانیان یەکبگرنەوە، نەک پێچەوانەی یەکەوە بن، یان پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت. چۆمسکیی پێیوایە و پێشتریش (کارناب ١٩٣٧) باسیکردووە، کە دەشێت ڕستە لە ڕووی ڕێزمانەوە گونجاو بێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە ناوێزە بێت (دزەیی، ٢٠١٤، ٢٩). بڕوانە (٧٨):

٧٨ـ ؟ نانەکە بخۆرەوە.

ئەم ڕستەیەی کە دەربڕاوە لە ڕووی پێکهاتەوە هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام لە ڕووی واتاوە ناڕاستە، چونکە ئارگۆمێنتداواکەری (خواردنەوە) داوای ئارگۆمێنتێک دەکات کە زانیارییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ زانیارییە فەرهەنگییەکانی خۆیدا یەکبگرێتەوە، نەک پێچەوانە بن.

نان ——— / +جوین/، / +کوتکردن/، /+قوتدان/، /− شلیی/.

بەڵام لە کرداری (خواردنەوە) نیشانە واتاییەکانی بریتیین لە (−جوین، −کوتکردن، −قوتدان، +شلیی. (لێرەدا دەبینین کە کرداری /خواردنەوە/ بۆ مادەیەکە کە نیشانەکانی /+شلیی، −جوین/ی تێدا بێت.بۆ دیاردەکانی تریش هەر دروستە بڕوانە (٧٩، ٨٠):

٧٩ـ ؟ کچەکە منداڵیبوو.

کچ (+مرۆڤ، +عاقل، + −هەراش، − شووکردن).

٨٠ـ ژنەکە منداڵیبوو.

ژن (+مرۆڤ، +عاقڵ، +هەراش، +شووکردن).

لە نموونەی (٧٩) و (٨٠) بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازیی کچەکە و ژنەکە تەنها لە یەک نیشانەی واتایی دژیەکن، بۆیە کاتێک گوێت لە نموونەیەکی وەکو (٧٩) دەبێت ئەگەرچی لە ڕووی کەرەستە و یاسا سینتاکسییەکان هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام کردەی (منداڵبوون) یەکێک توانای هەیە کە

(+شووکردن) بێت، ئەمە پەیوەستە بە کۆمەڵی کوردیی و هاوشێوەکانیەوە، چونکە ڕەنگە لە هەندێک کۆمەڵ (−شووکردن)یش ئاسایی بێت.

لە نموونەی (٨٠) چونکە ژن لە نیشانە واتاییەکانیدا /+شووکردن/ هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە کەسێک دەتوانیت منداڵبخاتەوە کە شوویکردبێت.

هەندێک لێکسیم هەن ئەگەرچی لە ڕووکەشدا وادەردەکەون لە ڕستەدا تەنها لەگەڵ پۆلێک لە وشە بەکاربهێنرێن، بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانرێت بۆ بەرانبەرەکەشی بەکاربهێنرێن، چونکە نیشانە واتاییەکانیان لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرێتەوە. بڕوانە (٨١) و (٨٢):

٨١ ـ شاڵاو پیاوانە کاردەکات.

٨٢ ـ ڕێزان پیاوانە کاردەکات.

لە ڕستەی (٨١، ٨٢) دەبینین وشەی (پیاوانە) مەبەستی (+دڵسۆزیی، +خێرایی، +لەخۆبوردەیی و... هتد)ە، نەک بەو واتایەی کە (+نێر) بێت، لەبەرئەوە لە هەڵاوێری سێمانتیکییدا هیچ گرفتێکی واتایی دروستنابێت (مەحویی، ٢٠٠٨، ١٨٢).

بۆیە هەڵاوێرکردنی سێمانتیکیی مەرج و یاسای خۆی هەیە، یاسای هەڵاوێرکردنەکەیش ئەوەیە کە نیشانە واتاییەکانی ئارگۆمێنتداواکەری ڕستەکە و ئارگۆمێنتداواکراو پێچەوانە نەبن و هەروەها هەموو ئارگۆمێنتداواکەرێک دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتییەی کە لە تۆڕی بابەتییدا هەیەتی هەڵاوێری سیمانتیکیی و کۆمەڵە ئارگۆمێنتێک بکات (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ٨٦).

لەبەرئەوە لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی ڕستە کەرەستە بەدەسەڵاتەکە ئەوانی تر هەڵاوێردەکات، کە لە سیمادا لەگەڵیدا بگونجێت. بڕوانە (٨٣):

٨٣ـ پیاوەکە نوست.

لە ڕستەی (٨٣) دەبینین کردارەکە هەڵاوێری کەرەستە سینتاکسییەکانی پێش خۆی دەکات و داوای ناوێک دەکات کە (زیندوو و توانای خەوتنی) هەبێت، نەک ناوێک بێت ئەو نیشانە واتاییانەی کە لە پیاودا هەبوو پێچەوانە بێت.

زۆر جار لە نێوان چەند کەرەستەیەکی نزیک لە یەک کە نیشانە واتاییەکانیان زۆر نزیکە بەرکارەکە هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی بەهێزترین کەرەستەیە لە نێوانیاندا ڕەنگە ئەوانی تریش لە هەمان شوێنیش دابنرێن واتادروست بن. بڕوانە (٨٤):

٨٤ ـ ...... ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە) مامۆستا، پیاوەکە، منداڵەکە).

لە نموونەی (٨٤) هەر سێ ناوەکە دەکرێت لە هەمان جێکەوتەی بکەردا دابنرێن، بەبێ ئەوەی کێشەی واتاییان هەبێت، ((بەڵام بەهۆی پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان (مامۆستا لەگەڵ ڕۆژنامە) کردارەکە بە هاوکاریی بەرکارەکە ئەو بکەرە هەڵاوێردەکات کە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەوە نزیکە، ئەویش وشەی (مامۆستایە)) (دزەیی، ٢٠٠٦، ٦٠).

هەندێک جار هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی ڕەچاوی نیشانەی تاک و کۆ و ناسراویی و نەناسراوییش دەکات بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادروستمان دەستبکەوێت (محەمەد، ٢٠١٦، ٩١). بڕوانە نموونەکانی (٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨):

٨٥ـ ؟/* دەمەوێت هەندێک ئاوان بخۆمەوە.

٨٦ـ ؟/* منداڵەکە یەک ئاوەکەی خواردەوە.

٨٧ـ ؟/* من هەموو ژەمێک برنجان دەخۆم.

٨٨ـ ؟ من هەموو ژەمێک برنجێک دەخۆم.

لە نموونەکانی (٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨)ی سەرەوەدا دەتوانین ئەم تێبینییانەی خوارەوە بخەینەڕوو.

- ئاو ناتوانرێت بە کۆ بەکاربهێنرێت.
- ئاو ناتوانرێت بەهۆی (یەک)ەوە ئاماژەی بۆ بکرێت.
- برنج ناتوانرێت بە کۆ بەکاربهێنرێت.
- برنج ناتوانێت لەگەڵ ئامرازی نەناسیاوییدا بەکاربهێنرێت. (چونکە هەندێک لە ناوەکان ناتوانرێت بە ڕێگەی ژماردن کۆبکرێنەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پێوانەی (چەندێتیی) کۆدەکرێنەوە، یان ئەو ناوانەی لە توانای مرۆڤدا نییە بیانژمێریت (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٣٩).

لەم نموونانەدا ئەو تێبینییانەمان بۆ ڕونبووەوە کە (ئاو، برنج) لەو دەوروبەرانەدا ناتوانرێت بە تەنها نیشانەکانی کۆ و نەناسراوییان بخرێتەسەر، چونکە ئەو ناونە خۆیان نەژمێردراون و نەناسراون، بەڵام ئەگەر ناوی (ڕادە)ی لەپێش بوو دەتوانرێت نیشانەکان پێکەوەبێن. بڕوانە (٨٩):

٨٩ /ا- تۆ قاپە برنجێکیان بهێنە.

ب - تۆ بررنجێکیان بهێنە.

لە نموونەی (٨٩/ب) ئەگەرچی ناوێکیش نەهاتووە، بەڵام لە ئاستی قووڵدا ناوەکە هەیە وەکو (فەردەیەک، تورەکەیەک، قاپێک و... هتد)، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا دەرنەکەوتووە. (کەواتە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە هەڵسوکەوتی ناو لەگەڵ ڕادە پەیوەندیی بە تاک و کۆیی ناوەوە هەیە ،ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێردراو هات ئەو ناوە مامەڵەی کۆی لەگەڵدا دەکرێت، بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێردراو هات ئەوە مامەڵەی تاکی بۆ دەکرێت (هەمان سەرچاوەی پیشوو، ٢٠١٢، ٣٩). بڕوانە (٩٠):

٩٠/ا- سەرجەم خوێندکارەکان هاتن. ← سەرجەم خوێندکارەکان ← (+مامەڵەی کۆ)

↓ ژمێردراو

٩٠/ب- گشت ئاردەکە بێژرا. ← گشت ئاردەکە ← (+مامەڵەی تاک)

↓ نەژمیردراو

## ١ /٦ ) هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی (category selection)

ئاشکرایە لە زمانەکانی دنیادا و زمانی کوردییش هەندێک یاسای دیاریکراو هەن بۆ یەککگرتنی وشەکان، ئەم یاسایانەیش یەککگرتنەکان کۆتوبەنددەکەن، بۆ ئەوەی شێوازی ڕیزبوونیان دروستبێت و ببن بە گرووپێکی پەیوەست بە یەکترەوە، چونکە بەکارهێنانی کەرەستەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی سیستەمی ڕیزبوونی تایبەت هەرگیز ناتوانێت چەمکێک بگوازێتەوە، بویە ئەم جۆرە یاسایانەی یەککگرتن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ تێگەیشتنمان، سەبارەت بەڕستەکان هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی دوو خاڵی سەرەکیی لەخۆدەگرێت:

یەکەم:  ژمارەی پۆلەڕەگەزەکان.

دووەم: جۆری پۆلەڕەگەزەکان.

هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی لە لایەن کردارەوە بەپێی تیۆری بەبڕشتیی کردار لەسەر ئەو دوو خاڵەی سەرەوە هەنگاودەنێت. بڕوانە (٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤):

٩١ـ ئازاد هات.

٩٢ـ کوڕەکە هات.

٩٣ـ ئازاد نان دەخوات.

٩٤ـ کوڕەکە نان دەخوات.

٩٥ـ ئازاد نانەکە دەخوات.

٩٦ـ کوڕەکە نانەکە دەخوات.

٩٧ـ ئازاد ماسیی گرت.

٩٨ـ ئازاد ماسییەکەی گرت.

٩٩ـ کوڕەکە ماسیی گرت.

١٠٠ـ کوڕەکە ماسییەکەی گرت.

١٠٢ـ ئازاد بەردی لە چۆلەکەکە گرت.

١٠٣ـ کوڕەکە بەردی لە چۆلەکەکە گرت.

١٠٤ـ کوڕەکە بەردەکەی لە چۆلەکەکە گرت.

لە ڕستانەکانی (٩١ تا ١٠٣)   کردارەکان حوکمی ژمارە و جۆری پۆلەڕەگەزەکانی پێش خۆی دەکات. لە نموونەی (٩١، ٩٢)  دەرەکەوێت کرداری (هات)  لە ڕووی ژمارەوە داوای یەک پۆلەڕەگەز دەکات و لە ڕووی جۆری پۆلەڕەگەزیشەوە داوای ئارگومێنت دەکات لە جۆری (NP) یان (DP) بێت. لە ڕستەی (٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦) کرداری (دەخوات) لەو جۆرە کردارانەیە لە

ڕووی ژمارەوە داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات و لە ڕووی جۆریش داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات لە جۆری (NP + NP)، (NP + DP )، (DP + DP). لە ڕستەی (٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠) کرداری /گرت/ کردارێکە داوای دوو فرێز دەکات لە جۆرەکانی ( NP، DP) ئاڵوگۆڕکردنیشیان چەسپاو نییە، جێگۆڕکێکردنی (DP) لەگەڵ (NP) بە پێچەوانەیشەوە کارێکی دروستە. لە ڕستەی (١٠١، ١٠٢، ١٠٣) کرداری /گرت/ هەمان کرداری نموونەی (٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠) نییە، بەڵکو کردارێکی هەڵگوێزراوە و بووەتە کردارێکی سێ_هێزیی لە ڕووی ژمارەوە، لە ڕووی جۆری پۆلەڕەگەزیشەوە داوای (NP + NP+PP) یان (+ NP + PP DP) یان (+ DP + PP DP). لە ڕستەکانی سەرەوەدا ئەوە ڕونبووەتەوە کە کردارەکان لە هەڵبژاردنی ژمارە و جۆری پۆلەڕەگەرگەزەکان باڵادەستن.

کەواتە هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزی کۆتوبەندکردنی سینتاکسیی ئەو جۆرە تەواوکەرانەیە کە ئارگۆمێنتداواکەرێک وەریاندەگرێت، یان بریتییە لە دیاریکردنی چەشن و جۆری تایبەتمەندیی پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی تەواوکەرەکان. بۆ نموونە ئارگۆمێنتداواکەری کرداریی چی جۆرە پۆلەڕەگەزێک داوادەکات (فرێزی ناویی، فرێزی ئاوەکرداریی، فرێزی پێشناویی، یان چەند دانەیەک لەو جۆرانە بە یەکەوە هەریەک بەپێی تایبەتێتیی جۆری ئارگۆمێنتداواکەرەکە کە داوای چی کەتیگۆرییەک دەکات، چونکە ئارگۆمێنتداواکەرەکان سروشتیان لە یەکتر جیاوازە و ناکرێت کەرەستەیەک لەخۆوە لە ڕستەیەکدا بێت بەبێ ئەوەی ڕۆڵی بابەتانەی پێنەدرابێت، چونکە ئەگەر وانەبوو ئەوە واتانادروست دەبێت (والی، ٢٠١٥، ٣٠). بڕوانە (١٠٥):

١٠٥ـ منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند.

لەم ڕستەیەدا ئارگۆمێنتداواکەری (شکان) هەم ڕۆڵی کارای بە منداڵەکە داوە و ڕۆڵی کارتێکراویشی بە پەنجەرەکە داوە، بەڵام ئەگەر کەرەستەی تر هەبوون لە ڕستەکەدا ئارگۆمێنتداواکەر کە کردارەکەیە ناتوانێت سێ ڕۆڵ بدات، ئەو کات ڕستەیەکی واتانادروست بەرهەمدێت. بڕوانە (١٠٦):

١٠٦ـ*/؟ـ منداڵەکە پەنجەرەکەی بەرد شکان.

لەو ڕستەیەی سەرەوە هێڵبەژێرداهاتووەکە هیچ ڕۆڵێکی پێنەدراوە لە لایەن کردارەوە، لەبەرئەوەی کردارەکە لەو جۆرەیە کە بە ( DP + DP+PP) تێردەبێت، بەڵام فرێزە پێشناوییەکە کراوەتە فرێزێکی ناویی بۆیە واتانادروستیی لێکەوتووەتەوە.

هەروەها لە کرداری تێنەپەڕدا کاتێک فریزێکی سەرباریی دێت دەتوانرێت لەگەڵ کردارەکە یان بکەرەکە جێگۆڕکێبکات، واتە بەرکارە ناڕاستەوخۆکە سیفاتێکی جوڵاوەی هەیە دەتوانرێت بجوڵێندرێت، بە پێچەوانەی فریزە دیارخەرییە ناوییەکانەوە کە ناتوانرێت بجوڵێندرێت لە شوێنی خۆیدا، کاتێک ڕۆڵی کارا یان کارتێکراویان هەیە هۆکاری جێگۆڕکێی فریزە پێشناوییەکانیش بۆ سەرباریی و ڕۆڵپێنەدان لە لایەن کردارەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە فریزە پێشناوییە سەربارەکان ناتوانرێت بکرێنە فریزێکی ناویی یان دیارخەریی. بڕوانە (١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠):

١٠٦- سروە هات.

١٠٧- سروە بە ئۆتۆمبێل هات.

١٠٨- بە ئۆتۆمبێل سروە هات.

١٠٩- سروە هات بە ئۆتۆمبێل.

١١٠- * سروە ئۆتۆمبێل هات.

هۆکارەکەیشی ئەوەیە ئارگۆمێنتی (بە ئۆتۆمبێل) ئارەزوومەندانەیە و دەتوانرێت لاببرێت، یان جێگۆڕکێی پێبکرێت، بەڵام فریزە ناویی و دیارخەرییەکان بەهۆی ڕۆڵپێدانیان لە لایەن کردارەوە و حوکمکردنیان لەژێر چەتری کرداردا توانای ئەوەیان نییە، بەڵام لە نموونەی (١١١) واتادروست نییە، چونکە ئێمە ڕاگەیاندنێک لەبارەی (سروە)وە دەردەبڕین، نەک گویگرەکەمان (سروە) بێت، چونکە ئەگەر گوێگر بریتیبێت لە (سروە) هیچ گرفتیکی واتایی نابێت . (Robert 2000،39 divan valls).

هەروەها لە نموونەی (١١١، ١١٢):

١١١- جوان هات بۆ زانکۆ.

PP VP NP

١١٢ - ئازاد جوان هات بۆ زانکۆ.

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ زانکۆ. | هات | جوان | ئازاد |
| PP | VP | ADVP | NP |

له نموونەی (١١٢) /جوان/ مەبەستمان ئەوەیە کە بووە بە فرێزێکی ناویی، نەک فرێزێکی ئاوەڵناویی. لە ڕستەی (١١٢) مەبەستمان شێوازی هاتنەکەیە ( ADV P ) ئەگەرچی /جوان/ لە بنەڕەتدا فرێزێکی هاوەڵناوییە، بەڵام لە ڕستەی (١١١) ڕۆڵی کارای پێداراوە. لە ڕستەی (١١٢) هیچ ڕۆڵێکی پێنەدراوە، بۆیە دەتوانرێت لە ڕستەکەدا لاببرێت. هەر لە ڕوانگەی دیاریکردنی ژمارەی پۆلەڕەگەزەکانەوە چەشنەکانی کردار دیاریکراون وەکو (کرداری سفر_ئارگۆمێنتیی، کرداری یەک_ئارگۆمێنتیی، کرداری دوو_ئارگۆمێنتیی، کرداری سێ_ئارگۆمێنتیی).

**کرداری سفر_ئارگۆمێنتیی توخمی بێناوەڕۆکن**. بڕوانە (١١٣، ١١٤):

١١٣ـ بارانە.

١١٤ـ ڕەشەبایە.

**کرداری یەک_ئارگۆمێنتیی ئەوانەن بە یەک ئارگۆمێنت تێردەبن**. بڕوانە (١١٥):

١١٥ـ ئازاد هات.

**کرداری دوو_ئارگۆمێنتیی ئەو کردارانەن ناتوانن لە دوو ئارگۆمێنت کەمتر وەربگرن**. بڕوانە (١١٦):

١١٦ـ ئاری وانە دەنوسێت.

**کرداری سێ_ئارگۆمێنتیی ئەو کردارانەن کە بە سێ ئارگۆمێنت تێردەبن**، بە تایبەتیی کردارە هەڵگوێزراوەکان، کە لە لایەن لاگرەکانەوە دادەڕێژرێن. بڕوانە (١١٧):

١١٧ـ ئاری بەردی لە چولەکەکە گرت. (تێگرتن) (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ١٣٨).

گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزیی لە لایەن کردارەکانەوە بەپێی سروشتی کردارەکەیە و ناکرێت هەرلەخۆوە هەڕەمەکیی بێت , یان چەند ئارگۆمێنتمان بوێت بیدەینە پاڵ کردارەکان، بەڵکو ئەمە سیستماتیکە و کردار کەرەستەی حوکمکەری ڕستەیە، ئەو بڕیاردەدات ژمارەی کارەستەکانی پێش خۆی چەند بێت و چۆن بێت و دەستێکی باڵاشی لە دیاریکردنی قاڵبەکانی ڕستە هەیە.

## بەشی دووەم / پاری یـــەکەم

### کۆتوبەندی دەربڕینەکان:

### ١/١/٢) کۆتوبەندی سێمانتیکیی لە دەربڕینەکاندا (Semantic Constraints)

پێش ئەوەی باسی دەربڕینە ئازاد و چەسپاوەکان بکەین، لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی دەزانێت ئاماژەیەک بە کۆتوبەندەکان لە دەربڕینەکاندا بکرێت، پێیوایە هیچ دەربڕاوێکی دەنگیی یان نوسراو بەبێ کۆتوبەندی سێمانتیکیی دروستەیەکی واتاڕاست نییە، بۆیە لێکۆڵێنەوەکە هەوڵدەدات پێناسەی کۆتوبەندی سێمانتیکیی و دواتر پیشاندانی ئەو کۆتوبەندانە لە دەربڕینە ئازاد و چەسپاوەکاندا بکات، هەروەها ئاماژە بە شکاندنی کۆتوبەندەکان و لێکەوتەکانی بکات.

١ـ کۆتوبەندی سێمانتیکیی: بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان دوو پارچەی دەربڕاو یان زیاتر هەیە، پارچەیە لە دەربڕینەکە کۆتوبەنددەکرێت لە لایەن پارچەکەی ترەوە، یان بە شێوەیەکی تر، ئەو پەیوەندییە واتاییە توندوتۆڵەیە لە نێوان کەرەستەکانی دەربڕینێکدا هەیە و بووەتە هۆکاری گرێدانی کەرەستەکان بە شێوەیەکی واتاڕاست (oden . 1987.28).

٢ـ احمد مەداس: کۆتی سێمانتیکیی بریتییە لە دژیەکنەبوونی کەرەستە دەربڕاوەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕووی واتاوە، بۆ ئەوەی (واتا ناڕاستی) نەیەتەئاراوە (سەعید، ٢٠١٤، ١٤).

کەواتە لێکۆڵینەوەکە پێیوایە: کۆتوبەندی سێمانتیکیی بریتییە لە دانانی وشەکان لە ژینگە و دەوروبەرێکدا کە واتاناڕاستیی لێنەکەوێتەوە، بەرانبەر بە ئاسانیی تێگەیشتنی بۆ دروستەکە هەبێت.

دیارترین ئەو لایەنانەش کە کۆتوبەندەکان دەشکێنن بریتین لە :

اـ شاعیران بە مەبەستی داهێنان و جوانکاریی لە بەرهەمەکانیان و دوبارەنەبوونەوەی وشەکان و جیاکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە کەسانی ئاسایی، ناچارن ئەم ڕێگایە بگرنەبەر، بۆیە شاعیران لەو توێژەن کە دەتوانن بەهۆی شکاندنی کۆتەکانەوە نوێگەرییبکەن، ((بە مەرجێک لە ناوەڕۆکەکەیدا

کاریگەرییەکی جوانی هەڵگرتبێت و بەشداریی لە سەرنجڕاکیشانی خوێنەردا بکات)) (محەمەد و ئەوانی تر، ٢٠٢٠، ١٥١). بڕوانە (١١٨):

١١٨ـ لەبەرچاومە دواجار من و تەنیایی

پێکەوە دەمێنینەوە

ئەو ئاگری جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە و

منیش بۆ هەتاهەتایە

ئیتر ئەنووم (شێرکۆ بێکەس)

ب ـ زمانپژانی منداڵ: منداڵ کە فێری زمان دەبێت، بەهۆی جیانەکردنەوەی کەرەستەکان و دەوڵەمەندنەبوونی فەرهەنگی ئاوەزیی، کۆتەکان دەشکێنێت. ئەم کۆتشکاندنە لە نائاگاییەوەیە، چونکە منداڵ هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی نیشانە واتاییەکانی کەرەستەکان لێکجیابکاتەوە. بۆ نموونە منداڵ ناتوانێت دەربڕینێکی میتافۆڕیی، یان ئیدیەمیی لێکجیابکاتەوە. هەست بە دیوێکی تری ئەو دەربڕینە ناکات تەنها لەسەر ئەو زانیارییە سەرەتاییە لێکدانەوەی بۆ دەکات کە هەیەتی، بەڵام هاوتەریب (Parallelism) لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەنی فەرهەنگەکەی گەشەدەکات. ئەو لادانە زمانییانەی کە لە ڕابردوو کردوویەتی ڕاستیدەکاتەوە. ((کەواتە ئەوەی یارمەتییدەری منداڵە لە ڕیکخستنی وشە و ڕستەکاندا هەم لە ڕووی دروستیی واتاوە هەم لە ڕووی ڕیزمانەوە فەرهەنگی ئاوەزییەکەیەتی)) (کەریم، ٢٠٢٢، ١٣٢). بروانە (١١٩):

١١٩ـ ؟ ماسییەکە تۆپی.

پ – فێربوونی زمانی دووەم: شکاندنی کۆتەکان لە لایەن ئەو کەسانەوەیە کە لە هەوڵی فێربوونی زمانی دووەم دان، چونکە ئەم کەسانە لەسەر یاساکانی زمانی دایک هەوڵدەدەن کەرەستەکانی زمانی دووەم ڕیزبکەن، بێئاگا لەوەی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. هەروەها جگە لە لایەنی ڕێزمانیی فێرخواز لایەنی واتاییش تێکدەشکێنێت، ئەویش بەهۆی شارەزانەبوون بە هەندێک کولتوور و دابونەریتی زمانی دووەمەوە. بڕوانە (١١٩):

١٢٠/اـ ئازاد هات.

ب ـ جاء ازاد.

دەشێت فێرخواز کەرەستەکان لە هەمان شوێنی زمانی یەکەم دابنێت. بڕوانە (١٢٠):

ج ـ * ازاد جاء.


ئەم کۆتشکاندنە لەلای قسەپێکەرانی زمانەکە ئاساییە، چونکە دەزانن کۆتشکاندنەکە لە بێئاگایی و کامڵنەبوونەوە سەرچاوەیگرتووە.

ت ـ وەرگێڕان: وەرگێڕ کاتێک دەیەوێت دەقێک وەربگێڕێتە سەر زمانێک ڕەنگە شارەزایی تەواوی کولتوور و یاسا ڕێزمانییەکان نەبێت، هەندێک جار لەسەر بنەمای زمانی یەکەم ئەم کارەدەکات. ((یان لە وەرگێڕانی وشەبەوشە دەبێتە هۆی شێواندنی واتای دەربڕینەکە، لە زمانی سەرچاوەدا)) (عەللاف، ٢٠٠٩، ١١٣). ((مەرج نییە هەر کەسێک شارەزایی لە دوو زماندا هەبوو بتوانێت وەرگێڕانێکی دروست ئەنجامبدات، چونکە وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە جگە لە زمان لایەنی نازمانییشی تێدەکەوێت، پێویستە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بە باشیی لە مەبەستی خاوەن_دەق تیبگات، ئاشنای کولتووری دەقەکە بێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٥).

ج- میتافۆڕ: میتافۆڕ یەکێکە لەو دەربڕاوە چەسپاوانەی کە لێکچواندنێک دەکات لە نێوان دوو شت، کەرەستەی دووەم کە لەوچووە مەرج نییە هەموو نیشانە واتاییەکانی لەگەڵ کەرەستەی یەکەم (بنەما)دا وەکو یەک بێت، بەڵام بەهۆی لێکچوونێکیان لە نیشانەیەکی واتایی بەبەکدەچوێنرێن. ئەمیش شێوەک شکاندنی کۆتوبەندەکانی لێدەکەوێتەوە. ((درککردن بە واتای میتافۆڕیی دەربڕینەکان لەلای ئاخیوەران گران نییە، چونکە دەربڕینەکان سەرجەم نیشانە واتاییەکانی لەدەستنادات، بەڵکو هەندێکیان دەباتەپێش و زەقیاندەکاتەوە و هەندێکیشیان کاڵدەکاتەوە یان دەیانسرێتەوە)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٢، ٦٣). بڕوانە (١٢١):

١٢١ـ گوڵەکە لێبکەوە . ـــــ گوڵ لە بنەڕەتدا (+ڕووەک، +بێڕۆح، −ڕۆیشتن، +جوانیی)

ـ گوڵەکە هات. ـــــ گوڵ لە پێچواندن (−ڕووەک، +ڕۆح ، +ڕۆیشتن، +جوانیی)




لە نموونەی (١٢١) بۆمان ڕونبووەوە کە قسەکەر تەنها لەبەر یەک نیشانەی واتایی (+جوانیی) لێکچواندنیکردووە، نیشانە واتاییەکانی تری تێکشکاندووە، کە هەمووی پێچەوانەی یەکترن.

### ١/١/١/٢ ) پێکەوەهاتنی ئازاد:

فەرهەنگی هەرزمانێک ژمارەیەکی زۆر لە وشەی جۆراوجۆریی تێدایە، هەم لە ڕووی فۆڕمەوە هەم لە ڕووی واتاوە، خستنەپاڵیەکی دانە فەرهەنگییەکانی زمان هەڕەمەکیی نییە، بەڵکو سێستماتیکیی زمان بەم کارە هەڵدەستێت، ئەگەر وانەبوو خستنەپاڵیەکی کەرەستەکانی زمان لە ڕیزکردنێکی ئاسۆییدا هەند جار واتانادروستیی، یان کەموکورتیی واتایی لێدەکەوێتەوە. هەندێک لە دانە فەرهەنگییەکان (Lexical Itoms) لە دەربڕینەکاندا ئازادن، کۆتوبەندێکی بەهێزیان (Strong Constraints) لەسەر نییە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئەم کەرەستانە لە هەرکوێ بیانەوێت بێن و واتادارین، بەڵکو ئازادییەکەیان سنووردارە (Restricted freedom) و خاڵی کۆتایی هەیە، بەڵام بە بەراورد بە دەربڕینە چەسپاوەکان (Fixed Expressions) ئازادییەکی تەواویان هەیە، هۆکاری سەرەکیی ئەم ئازادییەیش بۆ کەرەستەکانی پێش و دوای خۆی دەگەڕێتەوە، کە واتای فەرهەنگیی کەرەستەکانی دراوسێی

ڕاستەوانەیە لەگەڵ ئەو دانە فەرهەنگییەی کە ئازادانە دێت و دەتوانرێت لابردن و لەجێدانانی بۆ بکرێت. لەبەرئەوەی لە فەرهەنگدا چۆن تۆمارکراوە لە ڕیزکردنی ئاسۆییشدا بە هەمان واتا هاتووە. بڕوانە (١٢٢):

١٢٢ ا ـ من گۆشتەکەم خوارد.

ب ـ من گۆشتەکەم برژاند.

پ ـ من گۆشتەکەم کڕی.

ت ـ من گۆشتەکەم فرۆشت.

ج ـ من گۆشتەکەم کوڵاند.

چ ـ من گۆشتەکەم بڕی.

ح ـ من گۆشتەکەم بەخشی.

خ ـ من گۆشتەکەم وەرگرت.

د ـ من گۆشتەکەم برد.

ر ـ من گۆشتەکەم شۆردەوە.

ڕ ـ من گۆشتەکەم سوورکردەوە.

ز ـ من گۆشتەکەم وردکرد.

دەتوانین چەندیین نموونەی تر هاوشێوەی ئەم نموونانەی سەرەوە دابڕێژین، چونکە بکەری ڕستەکە (+زیندوو، +عاقڵ، +پێگەیشتوو، +دەسەڵاتشکاندنەوە)یە، بێگومان بکەری ڕستەکە دەبێت سیفاتی (زیندوویی و عاقڵیی و پێگەیشتوو و دەسەڵاشکاندنەوەی تێدابێت، ئینجا واتادروست دەبێت و پێکەوەهاتنی ئازاد دتتەئاراوە. با لێرەدا یەکێک لە سیفاتەکانی بکەر (− ) بێت دواتر نموونەکانی سەرەوە بنوسینەوە، ئەو کات دەردەکەوێت کە واتانادروستیی دێتەئاراوە و ئازادییەکە بەرتەسکدەبێتەوە. بڕوانە (١٢٣):

١٢٣ا ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەی کوڵاند. (− پێگەیشتوو، − دەسەڵات)

ب ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەکەی خوارد. (− پێگەیشتوو وەکو نەبوونی ددان)

پ ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەکەی بەخشی. (−پێگەیشتوو وەکو جیانەکردنەوەی خێر و شەڕ و قسەنەکرن)

ت ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەکەی برد. (− پێگەیشتوو وەکو پێنەگەیشتی دەست و قاچ)

ج ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەکەی وردکرد.   (− پێگەیشتوو وەکو عەقڵ و جەستە)

چ ـ ؟ منداڵە ساواکە گۆشتەکەی سوورکردەوە.  (− پێگەیشتوو وەکو عەقڵ و جەستە)

لە نموونەکانی (١٢٣)دا (منداڵی ساوا) ئەگەرچی زیندووە، بەڵام ناکامڵە لە ڕووی پێگەیشتوویی و جەستە و عەقڵەوە، بۆیە نادروستیی واتایی دێتەئاراوە.

لە نموونەی (١٢٣) ئەگەر وشەی (ساوا) لە تەنیشتی (منداڵ) نەبایە، ئەوە لە نموونەکاندا واتانادروستیی لێنەدەکەوتەوە، چونکە (ساوایی) = (−پێگەیشتوو لە جەستە و −عەقڵ). ئەم سیفانانەی (ساوایی) کۆتوبەندێک دروستدەکات کە ڕێگەنادات هیچ یەکێک لە نموونەکانی (١٢٣) واتادروست بن. بە لابردنی (ساوا) هەموو کۆتوبەندەکان لێکدەترازێن، چونکە مەرج نییە هەموو منداڵێک نەتوانێت (گۆشت سووربکاتەوە ، ببرژێنتێت، ببەخشێت، بکوڵێنێت، وردبکات و... هتد). ئەوەی لە نموونەکانی (١٢٣) باسکرا ئەو کۆتوبەندانە بوو لەسەر بکەر، بێگومان لە ڕستە کارتێپەڕەکاندا پێویستە (بەرکار)یش فەرامۆشنەکرێت، چونکە ئەویش دەبێت هەمان ئەو سیفاتانەی تێدابێت کە بکەر توانای شکاندنەوەی دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت و ڕاستەوانە بێت لەگەڵ بکەر و کرداردا. بڕوانە (١٢٤):

١٢٤أ ـ ئازاد گۆشتەکەی وردکرد.

ب ـ ؟ ئازاد گۆشتەکەی کرد بە خانوو.

لە نموونەی (١٢٤) ئازاد توانا و دەسەڵاتی هەیە گۆشت وردبکات، (گۆشت)یش دەبێت توانای (وردبوون)ی هەبێت، ئینجا واتادروست دەبێت. لە نموونەی (١٢٤) ئەگەرچی (ئازاد) توانای دروستکردنی خانووی هەیە، بەڵام (گۆشت) توانای ئەوەی نییە کە (لە دروستکردنی خانوو)دا بەکاربهێنرێت، بۆیە ناردوستیی واتایی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوە ئەو دەربڕینانەی کە لە لایەن قسەکەرەوە دەدرکێنرێت، لە ڕووی کۆتوبەندکردنەوە لە یەکتر جیاوازە، هەندێک لە دەربڕینەکان (یەک کۆتوبەندیان) لەسەرە هەندێکی تریان لە (دوو لاوە یان زیاتر) کۆتوبەندیان لەسەرە. بڕوانە هێڵکاریی (٥) کە دەردەکەوێت پێکەوەهاتنەکان زیاتر لەسەر بوونی سیفاتەکانی کەرەستەکان وەستاوە ئەگەر هەر سیفاتێک لە کەرەستەیەکی سینتاکسیی نەبوو بە پێچەوانەوە بدرێتەپاڵی ئەوە واتا نادروستیی لێدەکەوێتەوە.

هێڵکاریی (٥) شکاندنی کۆتوبەندەکان




لە هێڵکاریی (٥)دا دەبینین کۆتوبەندەکان جیاوازن، لە (ا) هیچ شکاندنێکی کۆتوبەنێک نابینریت، بەڵام لە (ب)دا بەهۆی زیادکردنی کەرەستەیەک شکاندنی کۆتوبەند دروستبووە، چونکە (ساوا) = - دەسەڵات) (کولاندن) پێویستە (بکەر)ەکەی (+دەسەڵاتشکاندنەوە) بێت. لە ڕستەی (ج)دا واتانادروستیی بەهۆی (دوو کەرەستەوە) دروستبووە، چونکە نە (ئۆتۆمبێل) دەسەڵاتی خواردنی هەیە، نە (دەرگا)یش ڕێگەپێدراوە بۆ خواردن. ئەوەی پێویستە بگوترێت، هەندێک جار کۆتوبەندەکان بەهۆی (زیادکردن و کەمکردن)ی کەرەستەکانەوە دەشکێنرێن.

لە پێکەوەهاتنی ئازاد زیاتر ئەم کەتیگۆرییانە دەبینرێن، لەوانە:

**ـ ڕادە + (ناو، هاوەڵناو، کردار).** بڕوانە (١٢٥):

١٢٥اـ دوو خوێندکار هاتن.

ب ـ سێ خوێندکار هاتن.

پ ـ من زۆر زیرەکم.

ت ـ من تۆزێک زیرەکم.

ج ـ من وادێم بۆ ئێرە.

چ ـ من کەم دێم بۆ ئێرە.

**جێناو+ ناو.** بڕوانە (١٢٦):

١٢٦ـ منی خوێندکار دەرچووم.

ـ تۆی خوێندکار دەرچوویت.

**ناو+ جێناو.** بڕوانە (١٢٧):

١٢٧ـ خوێندکارەکانی من زیرەکن.

ـ خوێندکارەکانی تۆ زیرەکن.

لێکۆڵینەوەکە لێرەدا بە پێویستی نازانێت کە سەرجەم ئەو کەتیگۆرییانە بخرێنەڕوو کە ئازادانە پێکەوەدێن، چونکە دەربڕینە ئازادەکان بە بەراورد بە دەربڕینە چەسپاوەکان کۆتوبەندێکی کەمیان لەسەرە، بەڵام ناتوانرێت بگوترێت کە هیچ کۆتوبەندێکیان لەسەر نییە. ئەوە نیشانە واتایی و سیفاتەکانی کەرەستەکانە بڕیار لەسەر ڕێژەی کۆتوبەندەکە دەدەن. هەروەها شکاندنی کۆتوبەندەکان تەنها لە ڕووی واتاوە نییە، بەڵکو لە ڕووی ڕێزمانیشەوە شکاندنی کۆتوبەندەکان چاوەڕوانکراوە، ئەویش بەپێی سرەشتی ئارگۆمێنتەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە کردارە یەک_هێزییەکان بە ئارگۆمێنتێک تێردەبن، بەڵام کرداری دوو_هێزیی یان زیاتر ناتوانرێت بە تەنها بە ئارگۆمینتێک تێرببێت، لەبەرئەوە ئەگەر بەپێی داواکاریی ئارگۆمێنتەکان نەڕۆین بێگومان دەربڕینەکان واتاناڕاست دەبن، ئەویش بەهۆی شکاندنی کۆتوبەندەکانەوەیە.

## ٢/١/١/٢) دەربڕینە چەسپاوەکان:

دەربڕینە چەسپاوەکان بەشێکی چالاکن لە فەرهەنگی هەر زمانیکدا، دەسکەوت و سامانێکی بەپێزن، ڕێژەی دەربڕینە چەسپاوەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، گۆڕانەکەش بەپێی مێژووی ئەو زمانە و ئاستی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرانیەتی، بە مەبەستی دەربرینی جیاواز و واتای جیاواز بەکاریاندەهێنن و سوودی لیدەبینن. ((ئەم دەربڕینانە لە ڕووی دروستەوە بەوە ناسراون کە هەتا ڕادەیەک چەسپاو و جێگیرن، کەمترین ڕێ بە گۆڕانکارییە سینتاکسییەکان دەدەن، چونکە چەسپاو و قاڵببەستوون)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٤٣). لێکۆڵینەوەکە تیشکدەخاتەسەر جۆری دەربڕینە

چەسپاوەکان و خستنەڕووی کۆتوبەندەکانیان و شکاندنی کۆتوبەندەکان و لێکەوتەکانیان بە تایبەت (کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن Collocation).

### ١/٢/١/١/٢) ئیدیۆم:

وشە فەرهەنگییەکانی هەر زمانێک لە دەربڕینەکانماندا مەرج نییە هەموو جارێک بۆ یەک مەبەست بەکاربهێنرێت، بەڵکو هەندێک جار بە دانەپاڵی چەند کەتیگۆرییەکی زمان دەتوانرێت واتایەک کە دیوێکی تری هەبێت بەرهەمبهێنرێت، یەکێک لەو دەربڕینانە (ئیدیۆم)ە. لێکۆڵینەوەکە لێرەدا بە پێویستی دەزانێت کە پێناسەی (ئیدیۆم) بکات لە ڕوانگەی زمانناسانەوە. یەکێک لەو واتایانەی بۆ چەمکی ئیدۆم خراوەتەڕوو ((ئەو دەربڕینەیە کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشەپێکهێنەرەکانیەوە هەڵبگوێزرێت)) (Anna -dabrows ،2018،9).
((بەکارهێنانی چەند وشەیەکە کە ببێتە ئاماژە بۆ چەمکێکی تر، جیا لە واتای فەرهەنگیی خۆیان ئەویش پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە هەیە)) (حسێن، ٢٠١٩، ١١). چونکە مەرج نییە ئەو لێکدانەوەیەی کە بۆ دەربڕینێکی ئیدیۆمیی دەکرێت لە کۆمەڵێکی تریش هەمان لێکدانەوەی بۆ بکرێت. ((هەروەها وشەکانی ناو ئیدیۆمێک چەسپاو و نەرم نیین، پارێزگاریی لە خۆیان دەکەن و ڕێگە بە وشەی تر نادەن جێگەیانبگرنەوە)) (jawad, 2021, 15). چونکە ئیدیۆمەکانی هەر زمانێک چەندیین واتای سەربار (Adjunct) دەگوازنەوە، لە پاڵ واتا بنجیی و بنەڕەتییەکەی، ئەم واتا سەربارانەیش دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و بەریەککەوتنی مۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا. هەروەها ئیدیۆم ڕەنگدانەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندیی جوگرافیی و ئاینیی و مێژووییەکانی مرۆڤ و جۆری بیرکردنەوەیان و دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن. لێکۆڵینەوەکە لێرەدا بە پێویستی دەزانێت هەندێک لەو پێناسانەی کە لە لایەن زمانناسانەوە بۆ ئیدیۆم کراوە بخاتەڕوو:

١ـ عەزیزگەردیی: ئیدیۆم وشەیەکە یان دەستەوشەیەک، کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت، لە هەمان کاتدا واتایەکی تر بەدەستەوەبدات، مەبەست ئەم واتایەی دوایی بێت، دیسان دەکرێت واتادروست و نەژادییەکەی مەبەست بێت (عەلی، ١٩٨٢، ١٦).

٢ـ (Dell, 2005, 6): ئیدیۆم بریتییه له كۆمەڵێك وشه به ڕیزبەندییەكی جێگیر، كه واتایەكیان هەیه و به زانینی وتای تاكەوشەكان ناتوانرێت پێشبینیی واتاكەی بكرێت

٣ـ (عەبدولوەهاب كانەبیی شەریف٢٠٠٥، ٥): وشەیەك یان چەند وشەیەك، یان ڕستەیەك دوو واتا دەبەخشن، یەكێكیان واتای بنەڕەتیی و ئەوی تریان واتای مەجازیی

٤ـ (محەمەد مەعروف فەتاح٢٠١٠، ١٦٥): ئیدیۆم بریتییه لەو تێكەڵیی و تێچڕژانەی كه ئاسایی دوو وشه یان زیاتر پێكیدەهێنێت، ئەو واتایەی كه دێتەكایەوه له ئەنجامی ئەو تێكەڵییه له واتای كەرتەكانیەوه، یان له پەیوەندیی ڕێزمانیی ئەم كەرتانەوه پێشبینییناكرێت.

٥ـ Trask: پێیوایه ئیدیۆم دەربڕینێكه له دوو وشه یان زیاتر پێكهاتووه و واتاكەی له بەش و پێكهێنەرەكانیەوه سەرچاوەناگرێت. (تراسك) پێیوایه ئیدیۆم دووره له واتای فەرهەنگیی و وشەكانی تایبەته به كولتووری ناوچەیی و نەتەوەییەوه، بۆیه تێگەیشتن قورسه له لایەن كەسانێك كه تەمەنێكی كەمیان هەیه، یان شارەزای دابونەریت و كولتوور و مێژووی ئەو وڵاته نەبن (حسێن، ٢٠١٢، ٣٦٢). چونكه ئیدیۆم هەڵقوڵاوی مێژووی میللەت و كولتوور و ئاین و دابونەریتیانه، هەر بوارێكیش ئیدیۆمی تایبەت به خۆی هەیه، مرۆڤ زیاتر ئەندامەكانی لەشی تێكەڵ به دەربڕینه ئیدۆمییەكان دەكات، چونكه ڕۆڵ و كاریگەریی ڕاستەوخۆی له ژیانی مرۆڤدا هەیه.

ئەوەی گرنگه لێرەدا ئەوەیه ئیدیۆمەكان چەسپیون و به ئاسانیی ڕێگه به گۆڕین و جێگرتنەوه نادەن، بەڵام دەتوانرێت دەوروبەری ئیدیۆمەكه بگۆردرێت. بڕوانه (١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١):

١٢٨ـ بەشوودان− (+ئیدیۆمیی، − ئیدیۆمیی)

١٢٩ـ ژنەكه كچەكەی بەشوودا. (− ئێدیۆمیی، +ئیدیۆمیی)

١٣٠ـ ئەمریكا عێراقی بەشوودا. (+ئیدیۆمیی)

١٣١ـ سەرۆكی وڵات خەڵكی بەشوودا. (+ئیدیۆمیی)

له نموونەكانی (١٢٩، ١٣٠، ١٣١) دەتوانرێت دەوروبەری ئیدیۆمەكه بگۆڕدرێت، چونكه كۆتوبەندەكان له ناخی ئیدیۆمەكەدان، بەڵام ئەو ئیدیۆمانەی له ئەویش بەهۆی بەكارهێنانی له لایەن ئاخێوەرانی زمانەكەوه بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ وادەكات كەرەستەكان پێكەوه شێوەیەكی (بەبەردبوویان) هەبێت نەك بەهۆی نەگونجاندنی وشەیەك له هەمان شوێندا. بڕوانه (١٣٢، ١٣٣):

١٣٢ـ ئاگری بن كا.

؟ ئاگری بن پووش.

؟ ئاگری سەر کا.

١٣٣- پیرێژنی دۆڕژاو.

؟ پیرێژنی ماستاوڕژاو.

؟ ژنی دۆڕژاو.

١٣٤- لە سەگ سواڵدەکات.

؟ لە گورگ سواڵدەکات.

؟ لە سەگ داوادەکات.

وەکو لەنموونەکانی (١٣٢، ١٣٣، ١٣٤) دەردەکەوێت ئەوەی کە کۆتوبەندەکەی توندکردووە تێپەڕبوونی مێژوویەکی درێژە بەسەر ئەو دەربڕاوانەدا وایکرووە ئاستێکی تەواو چەسپاویان هەبێت و ڕێگە بە هیچ گۆڕانکارییەک نادەن.

## ٢/٢/١/١/٢) میـتافۆڕ/Metaphor:

فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ پڕە لە وشە و دەربڕاوی جۆراوجۆر، بەردەوام لە زۆربوون و کەمبووندان، ئەو وشە و دەربڕاوانەی کە بەکارناهێنرێن بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و دواتر دەمرن. بۆ ڕووداوە نوێیەکانیش مەرج نییە هەموو جارێک وشەی نوێ یان دروستەیەکی نوێ دابتاشرێت، بەڵکو هەندێک جار بەهۆی یەکێک لە دەربڕاوەکانی وەکو میتافۆڕ ئەم کردەیە جێبەجێدەکرێت. زاراوەی میتافۆڕ لە یۆنانی کۆندا بە واتای جوڵاندن یان گواستنەوەی شتەکان دێت. هەروەها میتافۆڕ لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە ((لە گواستنەوەی واتایەک بۆ واتایەکی تر، یان پەڕینەوەی شتێکە لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە بۆ واتایەکی تر، واتایەکیان ئاوەڵ و هاوڕێی واتا بنەڕەتییەکەیە، هەڵقوڵاوی واتای یەکەمە نەک گواستنەوەی واتا بێت لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە بۆ واتای دووەم)) (مستەفا و ئەوانی تر، ٢٠٢١، ٣٤). لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی نازانێت ژمارەیەک پێناسە بۆ دیاردەکە ڕیزبکات، پێیوایە زۆرینەی ڕاوبۆچوونەکان لەسەر دیاردەکە لە خاڵێکدا هاوبەشن ئەویش لێکچوونی یەکێک لە نیشانە واتاییەکانە.

ا ـ کۆمەڵێک زمانەوان: میتافۆڕ پرۆسەیەکە یارمەتییماندەدات بۆ بەستنەوەی واتای ئەبستراکت و کۆنکرێت، یان ئەو پردەیە لە نێوان دوو چەمکی جیاواز دروستکراوە ( Ozgur, Altndag, Oktaytatictoglu, Yulia Krevenko, 2019 , 138).

ب ـ ئەرستۆ دەڵێت: ((میتافۆڕ گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر)) (مستەفا و ئەوانی تر، ٢٠٢١، ٣٤).

ج ـ Finch: میتافۆڕ پرۆسەیەکە تێیدا وشەیەک لە کێڵگەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی تر دەگوازرێتەوە. بەمەیش واتایەکی تر بۆ وشەکە زیاددەبێت لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا (عەبدوڵڵا، ٦٢، ٢٠٢٢).

لە پێناسە و ڕاوبۆچوونەکانی زانایانی بواری زمان دەردەکەوێت هەموویان لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە ئەویش ئەوەیە بەکارهێنانی فۆڕمێکە بۆ واتای جیاواز، بەڵام هەر پەیوەندیی بە واتا بنەڕەتییەکەیەوە دەمێنێت. بڕوانە (١٣٥، ١٣٦):

مەڕ = (+ئاژەڵ، −وریایی، +بێدەسەڵات)

١٣٥ـ کابرا دەڵێی مەڕە

١٣٦ـ >میللەتی مەڕئاسا<

لە نموونەکانی (١٣٥، ١٣٦) دەردەکەوێت کە ئەو لێکچواندنەی (کابرا، میللەت) بە (مەڕ) لەسەر بنەمای نیشانە واتاییەکانیەتی ( Semantic Feature )، واتە ئەو نیشانە واتاییانەی کە لە مەڕدا هەیە ڕێژەکە زۆر بێت یان کەم دراوە بەسەر ئەو دوو ناوەدا، کەواتە (کابرا ، میللەت) بەم شێوەیەیە:

کابرا = (+مرۆڤ، −وریایی، +بێدەسەڵات)

میللەت = (+مرۆڤ، −وریایی، +بێدەسەڵات)

کەواتە (کابرا، میللەت) لەو دوو دەربڕینەدا لەگەڵ (مەڕ) لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە وەکو یەک نیین، بەڵکو لە نیشانە واتاییەکانیان لەیەکدەچن، ئەگەر ئەم نموونانە ئاڵوگۆڕبکەین دەبینین هەندێک لە نیشانە واتاییەکان پێچەوانەدەبێتەوە. بڕوانە (١٣٧، ١٣٨):

١٣٧ـ کابرا دەڵێی دانی مارە.

کابرا = (+مرۆڤ، +چالاک، +وریایی)

دانی مار = (−مرۆڤ، + چالاک، +وریایی لە کولتووری کوردەوارییدا)

١٣٨ـ میللەتی پڵنگئاسا.

میللەت = (+مرۆڤ، +وریایی، +بەدەسەڵات)

پڵنگ = (− مرۆڤ، +وریایی، +بەدەسەڵات)

لە نمونەکانی (١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨) بۆمان دەردەکەوێت نیشانە واتاییەکانی ناوەکان لە میتافۆڕدا دەوری سەرەکیی دەبینن، چونکە بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە لێکچواندن لە نێوان واتای بنەڕەتیی و واتای گواستراوەدا کراوە. کەواتە ئەوە نیشانە واتاییەکانە کۆتوبەند دروستدەکەن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاساییە نیشانە واتاییە بنەڕەتییەکان لە یەک جیاواز بن، بەڵام نابێت نیشانە لاوەکییەکانیان پێچەوانە بن، چونکە ئەگەر وابوو گواستنەوەکە نادروستدەبێت. هەر بە کەمکردن و زیادکردنی کەرەستەیکانیش واتا میتافۆڕییەکەی بۆ هەمان مەبەست لەدەستدەدات. بڕوانە (١٣٩):

١٣٩اـ کابرا دەستی کورتە. (+میتافۆڕیی،− میتافۆڕیی)

ب ـ کابرا کورتە. (نامیتافۆڕیی)

پ ـ کابرا پەنجەی دەستی کورتە.( نامیتافۆڕیی)

### ٣/٢/١/١/٢) پەندی پێشینان:

گەنجینەی فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ تەنها لە وشە پێکنەهاتووە، بەڵکو چەندیین کەرەستەی زمانیی هەن کە چوونەتە ناو فەرهەنگەوە و بوونەتە مۆرکی نەتەوەیی و کولتوور و دابونەریتی ئەو میللەتە تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر میللەتێکیش خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە وتە و پەندن، کە تایبەتە

بەو میللەتە. ئەویش بە دەربڕینی بە چەند وشەیەک و هەڵگرتنی واتایەکی زۆر. کەواتە پەندی پێشینان بریتییە لە:

١- شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژییە، کە باووباپیرانمان لە هەزان ساڵەوە بە کەلەپوورێکی وێژەیی بۆیان بەجێهێشتووین، هەتا بیانکەین بە ئاوێنەی باڵا بۆ خۆمان (خاڵ، ١٩٥٧، ٨).

٢- شەوکەت مەلا ئیسماعیل: پەندی پێشینان بێژەیەکی سوکەڵە و سانای سەر زمانە و بۆ مەبەستی ئامۆژگاریی و ورپاکردنەوە و پێشبینیی و سەرنجدان و تێڕامان و شیکردنەوەی هەڵوێست بەکاردێت (حەسەن، ٢٠٠٩، ٩).

٣- عەلی مەعروف شارەزووریی: پەندی پێشیان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردیی، پێکەوەنوسێنراون کە مەعنایەکی بەرزیان هەیە (قادر، ٢٠٢١، ٣).

پەندە پێشینانەکان مەرج نییە هەموو کات لە شێوەی ڕاگەیاندندا بێت، بەڵکو هەندێک جار لە شێوەی هۆنراوە و پرسیاریدا دەبێت. بڕوانە (١٤٠):

١٤٠- کوێرە چیت دەوێت؟ دووچاوی ساغ.

ئەوەی بەلای لێکۆڵینەوەکەوە گرنگە ڕێژەی کۆتوبەندەکانە لە پەندەکاندا لێکۆڵینەوەکە پێیوایە کۆتوبەندەکان لە پەندی پێشیناندا ڕێژەیین، هەندێکیان کۆتی زیاتریان لەسەرە و ڕێگانادان وشەی تر جێگایانبگرنەوە. بڕوانە (١٤٠)، چونکە کاتێک باسی داواکاریی (کوێرێک) دەکەیت، بێگومان داواکارییەکەی (دوو چاوی ساغ)ە، نەک ئەندامێکی تر. لەبەرئەوە گۆڕینی (دوو چاوی ساغ) بە هەر ئەندامێکی تر واتانادروست دەبێت، بەهۆی زۆریی ڕێژەی کۆتوبەند لەسەر ئەم پەندە، بە پێچەوانەیشەوە هەندێک لە پەندەکان نەرمن و توانای گۆڕانکارییان تێدا هەیە. جێگرتنەوەی وشەیەک بە وشەیەکی تر، کە هەمان نیشانەی واتایی (Semantic Feature) هەبێت. بڕوانە (١٤١):

١٤١- ئەگەر ڕێویی بنوێت خەو بە مریشکخواردنەوە دەبینێت.

مریشک = (+پەلەوەر، +ماڵیی، −فڕین، +نێچیر)

مراویی = (+پەلەوەر، +ماڵیی، −فڕین، +نێچیر)

قەل = (+پەلەوەر، +ماڵیی، −فڕین، +نێچیر)

بەڵام هەر لەبریی ئەم پەلەوەرانە ناتوانرێت باڵندەیەکی وەکو (هەڵۆ، چۆلەکە، داڵ) دابنرێت، چونکە کۆتوبەندەکە ڕێگامان پێنادات ئەویش لەبەرئەوەی نیشانە واتاییەکانی ئەم باڵندانە جیاوازن. بڕوانە (١٤٢):

١٤٢ـ ؟ ئەگەر ڕێویی بنوێت خەو بە هەڵۆخواردنەوە دەبینێت.

/ هەڵۆ /= (+باڵندە، −ماڵیی، +فڕین، − نێچیر)

/ داڵ/ = (+باڵندە، −ماڵیی، +فڕین، − نێچیر)

/چۆلەکە /= (+باڵندە، −ماڵیی، +فڕین، +سرک)

لە نموونەی (١٤١) نیشانەی واتاییەکانیان جیاوازە لەگەڵ (١٤٢) بۆیە دانانی (مراویی، قەل) لە ئاستی جێنشینییدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام دانانی (هەڵۆ، داڵ، چۆلەکە) ڕێگاپێدراو نییە، چونکە نیشانە واتاییەکانیان جیاوازە و بە شێوەیەکە ناتوانرێت لەگەڵ (توانای ڕێویی) یەکبگرێتەوە، کە تواناکەی سنووردارە بۆ گرتنی نێچیرەکەی.

## ٤/٢/١/١/٢) کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن/collocation:

مێژوو و چەمک و پێناسەی کۆمەڵەوشە و پیکەوەهاتووەکان: دەربڕاوە دەنگییەکانی مرۆڤ کە لە قوڕگ دێنەدەرەوە تێکەڵ بە واتا دەکرێن، لە شێوەی شریتێکی دەنگیی بارگاوییکراو بە جفرە (Incoding) ئاڕاستەی بەرانبەر دەکرێن، یان لە شێوەی نوسین دەخرێتە پێشچاوی خوێنەران. هەندێک لە شریتە دەنگییەکان کاتێک لە لایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێن گوێگر دڵنیایە کە وشەیەک یان زیاتری بەدوادادێت، کە تایبەتە بەو کەرەستەیەی کە لە پێشووتردا دەربڕاوە و بوونەتە هاوڕێی یەکتر، بەهۆی تێپەڕبوونی کات و ڕێککەوتن تاکەکان و بەکارهێنانیان بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەم بەدوایەکداهاتن وشەکانیش پێیدەگوترێت (کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتووەکان (collocation) ئەم پەیوەستبوونەیش لە ڕابردوودا مەرج نییە بۆ هەمان مەبەستی ئێستا بەکارهێنرابێت، بەڵکو هەندێک

دیاردە هەیە لە زانستێکەوە دەگوێزرێتەوە ناو زانستێکی تر (collocation) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە دوو بەش پێکدێت ئەویش (com) بە واتای (لەگەڵ یەکتر، پێکەوە) و (Locate) بە واتای (دانان). بە لێکدانی هەر دوو وشەکە بە واتای (لەگەڵیەکداهاتن) دێت (بابان، ٢٠١٩، ١٨١). بۆ یەکەم جار (Bacon) لە ساڵی (١٦٢٧) زارەوەی کۆمەڵەوشەی collocationی بە واتای پێکەوەهاتنەوە لە کتێبی (مێژووی سروشتیی) بەکارهێناوە، بەڵام ئەم بەکارهێنانە پەیوەندیی بەزانستی زمانەوە نەبووە. دواتر لە ساڵی (١٩٣١) (پاڵمەر) بەکاریهێناوە وەکو ئاماژەدان بە یەکەکانی وشەکان کە تێکەڵاون. دواتر (Harris) لە ساڵی (١٧٥٠) ئەو وشەیەی بە واتا زمانەوانییەکەیەوە بەکارهێناوە و هێناویەتەناوانەوە (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٥٩). دواتر ئەم زاراوەیە لە لایەن زانای بەناوبانگی ئینگلیزیی بۆ یەکەم جار لە لایەن (جون روبرت فێرس) لە بواری زمانەوانییدا بەکارهێنراوە. لە زمانی عەرەبییشدا گەلێک زاراوەی وەکو (ارتصاف، التلازم، تتابع، المصاحبە) بۆ بەکارهێنراوە. لە زمانی کوردییشدا هەندێک زاراوەی وەکو (پێکەوەهاتن، هاوڕێیەتیی، کۆتی پێکەوەهاتن، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن)ی بۆ دانراوە (بابان، ٢٠١٩، ١٨١). پێکەوەهاتنەکانیش هەروا لەخۆوە نیین، بەڵکو (لەسەر بناغەی فەرهەنگی ئاوەزیی ( mental lexicon ) قسەکەر و گوێگری زمانەکەیە کە دەزانێت ئەو دوو وشەیە یان ئەو چەند وشەیە بۆ یەکتری دەگەڕێنەوە، هەموو کۆمەڵەوشەیەکیش ڕەنگدانەوە و دنیابینیی و کولتوور و فەرهەنگی ئاخێوەرانی زمانەکەیە) (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ١٦٥). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە مەرج نییە کۆمەڵەوشەی زمانەکان و نەتەوەکان وەکو یەکتر بن، بەڵکو لەناو خودی زمانێکیشدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیی تێدایە، چونکە هەندێک پێکەوەهاتن تایبەتە بە ناوچە و دیالێکتێکی دیاریکراو، لە ناوچە و دیالێکتێکی تر نامۆیە. هەروەها بۆچوونی جیاوازیش هەیە لەسەر کۆمەڵەوشە (collocation) یەکێکە لەو بابەتانەی کە زانایانی بواری زمان بیروبۆچونی جیاوازیان لەسەری هەیە، هەندێکیان پێیانوایە کۆمەڵەوشە تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە پێکەوەهاتنێکی زگماکییان (Lnnate) هەیە، وەکو (چەکوش و بزمار)، بەڵام هەندێک لە زانایانی بواری زمان پەیوەندیی نێوان وشەکان بەو شێوەیە نابینن، بەڵکو پێیانوایە وشەکان دەشێت لەگەڵ وشەی تردا بێن، بەڵام ئەم پێکەوەهاتنەیش ڕێژەییە، نابێت ڕێژەکە هێندە زۆربێت بچێتە چوارچێوەی (دەربڕینی ئازاد)ەوە. لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی دەزانێت کە بۆچوونی زانایانی بواری زمان و پێناسەیان بۆ کۆمەڵەوشە بخاتەڕوو:

١ـ جون ڕۆبرت فێرس firth: (1957) پێیوایە کۆمەڵەوشە بەهۆی ئاستی سینتاگماتیکی وشەکانەوەیە دەبنە ڕەگەزێک بۆ یەکتر، بە هاتنی وشەیەکیان هاوڕێ وشەکەی ترمان دێتەوەیاد، چونکە پێیوایە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیی پتەو لە نێوان هەندێک وشە لەگەڵ یەکتردا هەیە (yuanwen lu , 2017 , 23).

٢ـ /Haliday/ و /Hassan/ (١٩٧٦) کۆمەڵەوشە وشەیەکی ترە لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی وشە فەرهەنگییەکانەوە دەستدەکەوێت، کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بە مەرجێک لە هەمان ژینگەدا بن. ئەو دوو زانایە پێیانوایە (پەیوەندیی لۆژیکیی Chosive) لە نێوان جووتەوشەیەکی زماندا هەبێت، ئەگەر ئەو جووتەوشەیە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت ئەوا ئەو جووتەوشانە پێیاندەڵێن کۆمەڵەوشە (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٦٢).

بەپێی ئەم پێناسەیە بێت پەیوەندیی لە نێوان دوو وشەدا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵەوشە، ڕەنگە وشەیەکی فەرهەنگیی هەبێت پەیوەندیی لۆژیکیی لەگەڵ وشەیەک زیاتر هەبێت، واتە مەرج نییە وشەیەک بەشداریی لە دروستکردنی یەک کۆمەڵەوشەدا بکات. بڕوانە (١٤٣):

١٤٣ا ـ >پزیشک و نەخۆش<

ب ـ >پزیشک و دەرمان <

پ ـ > پزیشک و نەخۆشخانە<

٣ـ /Lyons / (١٩٩٦) ڕەنگە ڕستەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە باشیی پێکهاتبن، بەڵام لە ڕووی وتاوە نادروست بن، ئەگەر بەدوایەکداهاتنی وشەکان هەڕەمەکیی (Arbitrariness ) بێت. هەروەها پێیوایە لێکسیمەکان زۆر جیاوازن سەبارەت بەو ئازادییەی کە لەگەڵ لێکسیمەکانی هاوڕێی دێت، هەندێک لێکسم هەیە تەنها لەگەڵ یەک لێکسیمی هاوڕێی دێت و چاوەڕوانکراوە ( Yuan Wen -Lu, 2017 , 15).

٤ـ / Hausman/ (١٩٨٤) پێیوایە کۆمەڵەوشەکان پێکەوەگرتنی دووبارەبوونەوەی دوو توخمی زمانیین، کە توانای پێکەوەگرتنێکی سنوورداریان هەیە، یەکێک لە توخمەکانی (کۆمەڵەوشە)ەکە پێیدەگوترێت (بنەما) واتا ئاساییەکەی خۆی دەهێڵێتەوە (Auto semantic Word) لە

کاتێکدا ئەوی تریان وابەستەی بنەمایە (Synsemantic Words). بەپێی ئەم پێناسەیە کۆلۆکەیشنەکان وەکو (دەستەواژەی وشەیی) سەیردەکرێن (Ahmad , 2011, 9 144). بڕوانە (144):

١٤٤ـ ا ـ <چاو و بینین>

ب ـ <گوێ و بیستن>

پ ـ <لوت و بۆنکردن>

لە نموونەکانی (١٤٤)دا (چاو، لوت، گوێ) بنەمان و وشە بەدواهاتووەکانی وابەستەی بنەمان، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کاتێک بنەما بوونی نەبێت، وشەی دواتر هیچ گرنگییەکی نابێت، چونکە هەتا (چاو نەبێت بینین نابێت، هەتا گوێ نەبێت بیستن نابیت، هەتا لوت نەبێت بۆنکردن نابێت).

٥ـ Senclar : (١٩٩١) پێکەوەهاتنی دوو وشەیە یان زیاتر لەناو فەزای کورتدا ـ لەناو دەقێکدا (Jaff , 2013 , 2).

٦ـ Bensson: (١٩٩٧) بە وردیی باس لە (کۆلۆکەیشن) دەکات و پێیوایە چەندیین دەستەواژەی جێگیر هەن پێیاندەگوترێت (کۆلۆکەیشن) کە پێکەوەبوون و دووبارەبوونەوەیان جێگیرە. پێشبینیی واتاکانیان دەتوانین لە بەشێکی پێکەوەهاتنەکەوە هەڵبگۆزین (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

٧ـ (مەحویی و ئەوانی تر، ٢٠١٠، ١٦٧): کۆمەڵەوشە زاراوەیەکە بۆ ئەو وشە و دەربڕڕاوانە بەکاردێت کە هاوڕێیەتییکردن و پێکەوەهاتنیان چەسپاو و سنووردارە، لە نێوان دوو وشەی فەرهەنگیی زیاتر لە هەمان پۆلەڕەگەز یان لە پۆلەڕەگەزی جیاوازتر، هەریەک لەو وشانە بەشدارییەکی سیمانتیکیی جیای تێدادەکەن، پەیوەندییەکەیان لایەنی سێمانتیکیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ناتوانرێت وشەیەک لەبریی ئەو وشەیە دابنرێت. بڕوانە (١٤٥):

١٤٥ـ <خۆخواردنەوە>

؟< خۆم خوارد>

؟ >خۆت خوارد<

٨- (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩، ٧٤): کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتنی بە (هاوڕێیەتیی) ناوبردووە، پێیوایە هاوڕێیەتیی واتە پەیوەندیی ئاسایی وشەیەک بە هەندێک وشەی تر، لەناو ڕستەدا هەندێک دەستوور و یاسا هەیە لەسەری ڕێککەوتوون لە بەکارهێنانی وشەکاندا.

٩- فەرهاد تۆفیق: کۆمەڵەوشەی ناوناوە (هاوڕێیەتیی) وا پێناسەیکردووە بریتییە لە پێکەوەهاتنی لێکسیمەکان بە یەکەوە، پێیوایە ئەم پەیوەندییانە ئاسۆیین، زیاتر لە نێوان دوو فرێز یان دوو وشە ڕوودەدات و ئەمەیش لە ئەنجامی زۆربەکارهێنانی ئەم دوو وشە و فرێزانە بە یەکەوە، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەر نیشانە واتاییەکانیان (حەسەن، ٢٠٠٩، ٣٣).

١٠- دیڤید کریستاڵ Cristal: پێیوایە کۆمەڵەوشە زاراوەیەکە لە زانستی فەرهەنگسازییدا لە لایەن هەندێک زمانەوان بەکاردێت بۆ ئاماژەکردنە بۆ دەرکەوتنی ئاسایی تاکەوشەکان (بابان، ٢٠١٩، ١٨).

١١- محمد علی الخولی: دەربارەی کۆمەڵەوشە دەڵێت هەندێک وشە دەنگەکانیان بووەتە هۆی دروستبوونی واتاکانیان و لەگەڵیاندا گرێدراون، بە تایبەتیی دەنگە سروشتییەکان (هەمان سەرچاوەی پێشوو). بۆ نموونە دەنگی ئاژەڵان و دەنگە سروشتییەکان. بڕوانە (١٤٦):

١٤٦ا-/ نەڕە / ــ بیرهێنانەوەی شێر

ب - /لورە / ـــ بیرهێنانەوەی گورگ

پ -/وەڕین /ــ بیرهێنانەوەی سەگ

ت - / گڤە / ــ بیرهێنانەوەی با

ج - /گیڤە / ـــ بیرهێنانەوەی گوللە

چ - /گرمە / ــ بیرهێنانەوەی هەور

خ - /قاسپە/ ــ بیرهێنانەوەی کەو

له نموونەکانی (١٤٥) ئەوەمان بۆ ڕوندەبێنەوە کە بە ناوهێنانی دەنگەکە وشە سەرەکیەکەمان بیردێتەوە بەبێ ئەوەی ناویبهێنرێت، بەڵام دەکرێت بپرسین کۆمەڵەوشە هەرتایبەتە بە دەنگە سروشتییەکان؟ بێگومان نەخێر، دەنگە سروشتییەکان و خاوەنەکانیان بەشێکی کەم لە ژمارەی کۆمەڵەوشەکان پێکدەهێنن.

له پێناسەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەک لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی خۆی بۆ کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن کردووە، هەر پێناسەیەکیش خاوەنی خاڵی بەهێز و لاوازە. لێکۆڵینەوەکە پێیوایە کۆمەڵەوشە (پێکەوەهاتنی ئەو کەتیگۆرییانەیە کە ئارەزووی هاوڕێیەتیی یەکتر دەکەن، لە فەرهەنگدا یان لە ڕستەدا، بە هۆکاری جیاواز جیاوان).

لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات ئەو کۆمەڵەوشانە بخاتەڕوو و شیبکاتەوە کە کۆتوبەندیان زۆرتر لەسەرە، بە پێویستی نازانێت هەموو جۆرەکانی کۆمەڵەوشە و پەیوەندیی کۆمەڵەوشە بە هەندێک بوارەوە بخاتەڕوو.

## ٤/٢/١/١/٢) کۆمەڵەوشە و دەنگە سروشتییەکان:

دەنگە سروشتییەکان کە لە سروشتدا هەن دەنگی گیاندار یان بێگیان، قسەکەرانی زمانەکە هەریەک ناوێکی بۆ داتاشیون، هەر بە ناوهێنانی دەنگەکە ڕاستەوخۆ ئەو ناوەمان دێتەوەیاد کە خاوەنداریيدەکات. هەندێک لە ئاخێوەرانی زمان پێیانوایە ناونانی دەنگەکان لە سروشتی دەنگەکەوە وەرگیراوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەندێکیان پێیانوایە ناونانی دەنگەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەنگەکەوە نییە. لێکۆڵێینەوەکە لێرەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە هەریەک لەو بیروبۆچوونانە خاوەنی خاڵی بەهێز و کەموکووڕیین. لێکۆڵینەوەکە پێیوایە دەنگە سروشتییەکان لە ناخی دەنگەکانەوە هەڵنەگوێزراون و ئەو پرسیارەمان لەلا دروستدەکات، کە بۆچی ناونانی دەنگە سروشتییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە؟ تەنانەت لە دیالێکتێکی سەر بە هەمان زمانیش. کەواتە ئەگەر ناوە سروشتییەکان لە دەنگەکەوە وەرگیراون دەبایە لەلای زۆرینەی زمانەکان یان دیالێکتەکان لەیەکچوون هەبایە، یان نزیکیی لە ناوەکانیانەوە هەبایە. ئەم لێکۆڵینەوە پێیوایە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ناوی دەنگەکە و دەنگەکە نییە، هەروەها ئەوە دەزانین

کەرەستە (بێگیانەکان) وەکو (دەرگا، گوللە، هەور) و تەنانەت گیانلەبەران جگە لە (+مرۆڤ) توانای دەربڕین و درکاندنی دەنگەکانیان نییە هەتا بڵێین ناوی دەنگەکە لە دەنگەکەوە وەرگیراوە، بەڵکو ئەوە ڕێککەوتنی تاکەکانە بە تێپەڕبوونی کات هەر کەرەستەیەک دەنگێکی بۆ تایبەتکراوە و ئێستا خاوەندارییەدەکات. لە خوارەوە چەندیین نموونە دەخەینەڕوو، بڕوانە (١٤٧):

١٤٧/ا ـ>حیلەی ئەسپ<

ب ـ >وەڕینی سەگ<

پ ـ > میاواندنی پشیلە<

ت ـ >نەڕەی شێر<

ج ـ >چریکەی بولبول<

چ ـ >فیشکەی مار <

خ ـ >گارەگاری مریشک<

د ـ >زەڕینی کەر<

ر ـ> لورەی گورگ<

ڕ ـ >جیڕەی دەرگا<

؟ >جیڕەی پەنجەرە<

چەندیین نموونەمان خستەڕوو، بینیمان هەر ئاژەڵێک ناوێکی تایبەتی بۆ دەنگەکەی دانراوە، ئاماژەیشمان بەوە کرد کە ناوناکە لە ناخی دەنگەکەوە سەرچاوەینەگرتووە، جگە لە دەنگەکانیشیان بەڵکو بۆ پاشەڕۆکانیشیان ناوی جیاواز هەیە. بڕوانە (١٤٨):

١٤٨ا ـ >ڕیخی مانگا<

ب ـ >قشپلی/ +مەڕ/، /بزن/، /کەروێشک<

پ ـ >تەرسی/ هێستر/،/ +ماین<

چەندیین نموونەی ترمان هەیە کە دەریدەخەن کە بۆ پاشەڕۆکانیش ناوی جیاواز هەیە، ڕەنگە چەندیین ئاژەڵی وەکو (مەڕ، بزن، کەروێشک) یەک ناویان هەبێت ئەویش بەهۆی لێکچوونیان لە یەکتر، کۆتوبەندی پێکەوهاتنیان دروستبووە، ئەم جیاوازییە بۆ ناونانی دەنگەکانیش هەر ڕاستە، هەر دیاردەیەکی سروشتیی و گیانەوەرێک کە دەنگەکانیان لێکچوو نەبوو ئەوە بێگومان ناوناکەیشی جیاوازدەبێت، بۆیە ناوی دەنگەکە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە دیاردەکە و گیانەوەرەکە، بۆیە کە باسی (نەڕە) دەکەین (شێر) دێتە خەیاڵمان. بۆ (حیلە) (ئەسپ، ماین) و بۆ ئەوانی تریش هەمان شتە، چونکە خاوەنەکانیان جیاکراونەتەوە.

## ٢/٤/٢/١/١/٢) کۆمەڵەوشە پەیوەست بە ئاین و کولتوور و ڕێزەوە:

پێکەوەهاتنەکان بە مەبەستی ڕێزگرتن لەلای ئاخێوەرانی زمانەکان هەریەک بەپێی کولتوور و دابونەریتی ئەو کۆمەڵەیە، کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵیش بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئاینی لەسەرە. بڕوانە (١٤٩):

١٤٩/أ- شێخ + ناو ـــــــــ <شێخ محەمەد>

ب- سەید + ناو ـــــــــ <سەید محەمەد>

پ ـ مەلا + ناو ـــــــــ <مەلا محەمەد> + ڕێز پەیوەست بە دینی ئیسلامەوە

ت ـ فەقێ + ناو ـــــــــ <فەقێ محەمەد>

دەروێش + ناو ـــــ <دەروێش محەمەد >

ئەم پێکەوەهاتنانە تەنها لە کومەڵێکدا هەیە کە مسوڵمان بن، لە کۆمەڵێکی نامسوڵمان (مەلا، سەید، شێخ، فەقێ، دەروێش) ئەگەر لە دەربڕینەکانیاندا بەکاریبهێنن (+سوکایەتیی) دەگەیەنێت، بە پێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە. بڕوانە (١٥٠):

١٥٠ ـ قەشە + ناو ـــــ قەشە فڵان کەس (-ڕێز، +سوکایەتیی)

چونکە لە کۆمەڵی ئیسلامییدا (قەشە = -مسوڵمان)

وەکو لە نموونەکانی (١٥٠) (مەلا، سەید، شێخ، دەروێش، فەقێ) وەکو (+ڕێز) خرانە پێش ناوەکانەوە، مەگەر بە مەبەستی (میتافۆڕ) بێت، دەکرێت هاوشێوەی ئەو وشانە بخرێتە پێش نموونەکانی (١٥٠) کەواتە ژمارەی وشەکانی تایبەت بە ڕێز لەپێش ناوەکەوە یەکسانە بە ( +). بڕوانە (١٥١):

١٥١ا- شێخ + ناو ـــــ >شێخ محەمەد< (+ڕێز)

ب ـ کاک+ شێخ+ ناو ـــــــ >کاک شێخ محەمەد< (++ڕێز)

پ ـ بەڕێز+ کاک + شێخ + ناو ـــــ >بەڕێز کاک شێخ محەمەد< (+++ڕێز)

ت ـ زۆر+ بەڕێز+ کاک+ شێخ+ ناو ـــــ >زۆر بەڕێز کاک شێخ محەمەد< (++++ڕێز)

ج ـ زۆر + بەڕێز + جەنابی + کاک + شێخ + ناو ــ >زۆر بەڕێز جەنابی کاک شێخ محەمەد < (+++++ڕێز)

لە نموونەکانی (١٥١)دا ئەوەمان ڕونکردەوە کە چەندێک ژمارەی بەدوایەکداهاتنەکانی تایبەت بەڕێز ڕێژەی (ڕێزەکە زیاتر) دەبێت. بۆ (- ڕێز) هەمان شتە. بڕوانە (١٥٢):

١٥٢- ناو + خوێڕیی ـــــــ >کابرای خوێڕیی< (−ڕێز)

ناو+ خوێڕیی+ سەرسەریی ـــــ >کابرای خوێڕیی سەرسەریی <(−ڕێز)

پێویستە ئەو ناونیشانانەی کە لەپێش ناوەکەوە دێت دژیەک نەبن لەگەڵ ئەو سیفاتەی کە دوای ناوەکە دێت، چونکە ئەگەر وابوو کۆتوبەندەکە بەهۆی دژیەکی تێکدەشکێنرێت. بڕوانە (١٥٣):


١٥٣- ؟>بەڕێز کاک ئەحمەدی قومارچیی< (پێچەوانە)

ـ ؟؟>زۆر بەڕێز کاک ئەحمەدی دز < (پێچەوانە)

کەواتە ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە نابێت نیشانە واتاییەکانی ناونیشانی پێش ناوەکە لەگەڵ سیفاتی دوای ناوەکە پێچەوانەبن، ئەمە بۆ کومەڵیکی مسوڵمان ڕاستە ڕەنگە لە کۆمەڵێکی تر هاوکێشەکە پێچەوانەببێتەوە، چونکە (قۆمارچیی = −ڕێز)، بەڵام مەرج نییە لە هەموو کولتوور و

کۆمەڵێک (قومارچیی = −ڕێز)، بۆیە ئەوە ئاین و کولتووره وادەکات پێکەوەهاتنەکان (+دروست) یان (+نادروست) بن. بڕوانە هێڵکاریی (٦):

هێڵکاریی (٦) (کاریگەریی ئاین لەسەر دەربڕدراوەکان)




((هەندێک لە دەربڕینەکان هاوواتان و دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە لە ڕووی واتای ئاوەزییەوە، بەڵام لە ڕووی ڕێژەدا (Relative) هەریەک واتایەکی هەیە)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٩٣). بڕوانە (١٥٤):

١٥٤/ا- پیاوەکە مرد. (+ −ڕێز)

ب - پیاوەکە وەفاتیکرد. (+ڕێز)

پ - پیاوەکە کۆچی دواییکرد. (+ڕێز)

ت - پیاوەکە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوتە. (++ڕێز، +خۆشەویستیی)

ج - پیاوەکە ئەولاتر چوو. (−ڕێز، +ڕقلێبوون)

د - پیاوەکە لنگی جوتکرد. (− −ڕێز، +ڕقلێبوون)

ر- پیاوەکە گۆڕاوگۆڕ چوو. (−ڕێز، +ڕقلێبوون)

لە نموونەکانی (١٥٤) هەموو ئەو وشانەی کە لەدوای (پیاو)ەوە دێن یەکسانە بە (+گیاندەرچوون، +کۆتاییهاتن) ئەم گیاندەرچوون و کۆتاییهاتنەیش تەنانەت بۆ ئاژەڵانیش جیاکراونەتەوە. بڕوانە (١٥٥):

١٥٥ـ سەگەكە تۆپی. ـــــ (− پاك، −خواردنی مرۆڤ)

ـ مریشكەكە مرداربووەوە. ـــــ (+پاك، +خواردنی مرۆڤ)

ـ ماسییەكە مرد. ـــــ (+پاك، +خواردن مرۆڤ، +ئاویی)

وەكو لە نموونەكانی (١٥٥) دەبینین بۆ ئەو ئاژەڵانەی كە (+خواردنی مرۆڤ)ن پێویستە (+پاك) بن. لە ئاینی ئیسلامیشدا ڕێگە بە خواردنیان درابێت، چونكە ئەو خواردنانەی كە ڕێگەپێدراون لە دینی ئیسلام و (+گیانلەبەر)ن پێویستە (−تۆپێن)یان بۆ بەكاربهێنرێت. كەواتە ئەوەی وادەكات بۆ سەگ (تۆپین) و بۆ مرۆڤ و ماسیی (مردن) بەكاربهێنرێت ئاینەكەیە. لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە ئاین دەتوانێت كۆتوبەند دروستبكات، شكاندنی ئەو كۆتوبەندانەی كە بەهۆی ئاینەوە دروستدەبن شكاندیان ئاسان نییە، بگرە ئەستەمە چونكە بە درێژایی مێژوو ئاین ڕەگی داكوتیوەتە ناو تاكەكانی كۆمەڵەوە.

هەروەها ڕەنگدانەوەی كولتوور لەسەر زمان هۆكاری سەرەكیی دروستبوونی كۆمەڵەوشەی میتافۆڕییە، بۆ نموونە لە كولتووری كوردەوارییدا ڕەنگی (ڕەش = +نێگەتیڤ) لەگەڵ وشەكانی تردا وەكو (دەمڕەش، دەستڕەش، بەختڕەش) واتایەكی (−خراپ) هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕەنگی (سپیی) واتایەكی (+پۆزەتیڤ)ی هەیە وەكو (دەمسپیی) بە واتای (پیاوماقوڵ، دەمڕاست) و (ڕووسپیی) بە واتای (+سەربەرزیی، −دۆڕان لە ژیان) دێت (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٩٦). هەندێك جار لە كولتووری كوردەوارییدا (ڕەش و سپیی) (باش و خراپ) هاوواتا دەبن، ئەویش بەهۆی دەربڕینە میتافۆڕییەكانەوە. بڕوانە (١٥٦، ١٥٧):

١٥٦ـ /دەستڕەش/ ـــــ (+نێگەتیڤ)

١٥٧ـ <دەستوپێسپیی> ـــــ (+نێگەتیڤ)

## پاری دووەم

### ١/٢/٢) کۆمەڵەوشە لە ڕووی دروستەوە.

کۆمەڵەوشە لە ڕووی دروستەوە وەکو هەر کەرەستەیەکی لێکدراوی زمان زیاتر لە وشەیەک پێکدێت، چونکە ئێمە کە باسی بەدوایەکداهاتن دەکەین، کەواتە زیاتر لە کەرەستەیەکمان هەیە، یەکێک لە کەرەستەکان باڵادەستە بەسەر کەرەستەکەی تردا، بۆ ئەوەی واتاکەی سنوورداربکات. گومانی تێدا نییە کە فەرهەنگی ئاوەزیی (Mental Lexicon) هۆکاری یەکەمە بۆ ئەوەی بە دروستیی کەرەستەکان زمان بخرێنە هاونشینی یەک. لێکۆڵینەوەکە دروستەی کۆمەڵەوشەی بۆ دوو جۆر پۆلێنکردووە، ئەو کۆتوبەندانە دەخاتەڕوو کە لە کۆمەڵەوشەدا هەیە.

١ـ کۆمەڵەوشەی فەرهەنگیی

٢ـ کۆمەڵە وشەی ڕێزمانیی

لێکۆڵینەکە تێڕوانینی بۆ کۆمەڵەوشە لە چوارچێوەی دروستەی فرێزدایە، لە فەرهەنگدا بێت یان لە ڕستەدا، دەکرێت ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووببێتەوە، ئایا هەموو فرێزێک کۆمەڵەوشەیە؟

بێگومان نەخێر، چونکە فرێز دەتوانێت لە وشەیەکی سادە پێکهاتبێت، یان ئەو فرێزانەی کە بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ ناتوانرێت بڵێین دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵەوشەوە، ئەگەر چی ناسادەیش بن. بڕوانە (١٥٨):

١٥٨ـ (دەبۆکە/،/ بەریدەکە/، /مزگەوتی گەورە/،/ ئاوە تەقیوەکە)

لێکۆڵینەوەکە زیاتر تیشکدەخاتەسەر ئەو فرێزانەی کە کۆتوبەندی زیاتریان لەسەرە، جا کۆمەڵەوشەکە لە فەرهەنگدا بێت یان لە ڕستەدا، مەرجیش نییە لێکۆڵینەوەکە سەرجەم ئەو فرێزانەی کە دروستەی کۆمەڵەوشەیان هەیە بخاتەڕوو، چونکە هەندێک دروستەی کۆمەڵەوشە هەیە ناتوانرێت کۆتوبەندەکانی بخرێنەڕوو، مەگەر بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەکی وشەکان بگەڕێینەوە، ئەمیش کاری لێکۆڵینەوەکە نییە.

### ١/١/٢/٢) فرێزە پێشناوییەکان:

**دوو جۆر پێکەوەهاتنیان هەیە:**

**یەکەم: فرێزە پێشناوییەکان لە ڕستەدا:**

فرێزە پێشناوییەکان هەموو کات لە پێشناوێک و تەواوکەرێک پێکدێت، پێشناوەکانیش لە زمانی کوردییدا بریتیین لە (بە، بۆ، لە، تا، بێ، ە)، هەمیشە ئەم پێشناوانە سەرێکی حوکمکەرن بەسەر کەرەستەکانی دوای خۆیانەوە کە تەواوکەرەکەیە، چونکە پێشناوەکان بەبێ تەواوکەرەکان هیچ واتایەکیان نییە (لە بنەڕەتدا دروستەکە نسادەیە و بەشەکانی وابەستەی یەکترن، تەنها بە لابردنی یەکێکیان واتانادروست دەبێت، مەگەر لەدوای پێشناوەکەوە ناوێکی ئاوەڵکرداریی بێت، هەندێکجار بۆ ناوێکیش دەگونجێت بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە (Focus)، چونکە ناوە ئاوەڵکردارییەکان هەمان سیفاتی پێشناوەکانیان هەیە) (مەعروف، ٢٠١٠، ٦٦). بڕوانە (١٥٩، ١٦٠ ت ، ١٦١ت ):

١٥٩/ا ـ ماڵمان <u>لە تەنیشتی</u> نەخۆشخانەکەیە.

ب ـ ماڵمان <u>تەنیشتی</u> نەخۆشخانەکەیە.

پ ـ ماڵمان <u>بەرانبەری</u> نەخۆشخانەکەیە.

ت ـ ماڵمان <u>سەرووی</u> نەخۆشخانەکەیە.

وەکو لە (١٥٩) خرایەڕوو تەنها لەو حاڵەتەدا دەتوانرێت پێشناوەکان لابرێت، لە حاڵەتەکانی تردا بەکەمی دەتوانرێت پێشناوەکان لابرێت. ئەم جۆرە لابردنەیش بە شکاندنی کۆتوبەندەکان هەژمارناکرت، چونکە واتانادروستیی لێنەکەوتووەتەوە. کەواتە لێرەدا هاتنی پێشناوەکان لەگەڵ (ناوە ئاوەڵکردارییەکان) بە شێوەیەکی (نیمچەسەرباریی Semy Adjunct) دەردەکەون. پێشناوەکان کۆتوبەندیان لەگەڵ هاتنی جۆری کەتیگۆرییەکان زۆر بەهێز نیین، لەگەڵ زۆربەی کەتیگۆرییەکان هاتنیان چاوەڕوانکراوە. بڕوانە (١٦٠):

پێشناو+ ناو

١٦٠/ا ـ بە ـــــــ من بە ئۆتۆمبێل هاتم.

ب ـ بۆ ـــــــ من بۆ ئۆتۆمبێلکڕین چووم.

پ ـ بە ـــــــ من لە ئۆتۆمبێل دابەزیم.

ت ـ تا ـــــــ من تا ئۆتۆمبێل نەکڕم ناگەڕێمەوە. دەتوانرێت پێشناوەکەلاببرێت

ج ـ بێ ـــــــ من بێ ئۆتۆمبێل ناگەڕێمەوە.

چ ـ ە ـــــــ من دەچمە ئۆتۆمبێلەکەوە.

لە نموونەکانی (١٦٠) دەبینین هەموو پێشناوەکان لەگەڵ ناودا دێن بەبێ ئەوەی واتانادروستیی لێکەوێتەوە. ئەوە تێبینییدەکرێت (کۆتی هاتنی پێشناوەکان لەگەڵ ناوەکان) شلیی/نەرمیی دەنوێنن.

پێشناو+ هاوەڵناو بڕوانە (١٦١):

١٦١/ا ـ بە ـــــ من تۆ بە زیرەک دەزانم.

ب ـ بۆ ـــــــ تۆ بۆ زیرەکتری لە من؟

پ ـ لە ـــــ من لە باشترین قوتابخانەم.

ت ـ تا ـــــ من تا زیرەک نەبم دەرناچم. دەتوانرێت پێشناوەکەلاببرێت

ج ـ بێ ـــــ من بێ زیرەکییش هەر دەردەچووم.

چ ـ ە ـــــ من چوومە جوانترین شوێنی کوردستان.

ئەوەی تێبینییدەکرێت هیچ یەکێک لە پێشناوەکان لەگەڵ هاوەڵناوی پلەی بەراورددا نایەن، چونکە هاوەڵناوی پلەی بەراورد بەراوردکردنی (دوو کەس، دوو شت، دوو کات، دوو شوێن و... هتد)ە، بۆیە ناتوانرێت یەکێک لە ناوە بەراوردکراوەکە لاببرێت و ئەو کۆتوبەندە بشکێنرێت، بۆ ئەوەی پێشناوەکە بکەوێتە پێش ئاوەڵناوە پلە بەراوردەکەوە. بڕوانە (١٦٢):

١٦٢/ا ـ من زیرەکترم لە ئازاد.

ب ـ من لە ئازاد زیرەکترم.

پ ـ ؟ * من لە زیرەکترم ئازاد.

٣ـ پێشناو+ جێناو بڕوانە (١٦٣):

١٦٣/ا ـ بە ــــــ من بە تۆدا نامەکەم نارد.

ب ـ بۆ ــــــ من بۆ تۆ دەژیم.

پ ـ لە ــــــ من لە تۆ دەچم.

ت ـ بێ ــــــ من بێ تۆ ناژیم.

ج ـ تا ــــــ من تا تۆم هەبێت کەسم ناوێت.

ج ـ ە ــــــ ئەو کتێبەکەی دایە تۆ.

لە نموونەکانی (١٦٣)دا هیچ ڕێگرییەک نییە لە هاتنی پێشناوەکان لەگەڵ جێناوەکان، بەڵام پێکەوەهاتنی پێشناوی (ە) لەگەڵ (جێناوەکان) لاوازە.

٤ـ پێشناو+ ناوە ئەوڵکردارییەکان: بڕوانە (١٦٤):

١٦٤اـ بە ــــــ من بەژێر دارەکەدا ڕۆیشتم.

ب ـ بۆ ــــــ من بۆ ژێر دارەکە دەچم.

پ ـ لە ــــــ من لەژێر دارەکە دانیشتبووم.

ت ـ تا ــــــ من تا ژێر دارەکە دەچم.

ج ـ بێ ــــــ من بێ ژێر دارەکە زەوییەکەم ناوێ.

چ ـ ە ــــــ من دەچمــــە ژێر دارەکە.

لێکۆڵینەوەکە ئەوەی مەبەستیەتی تیشکیبخاتەسەر کۆتوبەندی پێکەوەهاتنی (پێشناوەکان+ ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ناوە ئاوەڵکردارییەکان) لاوازە و هێندە توندوتۆڵ نییە ڕێگە بە بەشێک لە پێشناوەکان بدات لەگەڵ کەتیگۆرییەکانی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی) بدەن پێکەوەبێن، بەڵام ڕێژەی پێکەوەهاتنەکان جیاوازە. بۆ نموونە پێشناوی (ە، بێ، تا) پێکەوەهاتنیان کەمترە وەک لە پێشناوەکانی (بە، بۆ، لە). هەروەها هەموو ئەو فرێزە پێشناوییانەی کە بەهۆی (پێشناو+ جۆرە جیاوازەکانی کەتیگۆریی)ەوە دروستدەبن ئاماژە بە (شوێن، چۆنیەتیی، کات)ی ڕوودانی کردار دەکەن لە ڕستەدا.

## دووەم: فرێزە پێشناوییەکان لە فەرهەنگدا:

ئاشکرایە فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک لە ژمارەیەکی زۆر وشە پێکدێت، هەموو وشەکانیش مەرج نییە سادە بن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە وشەکان نسادەن، بەهۆی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە دروستبوون، پێشناوەکانیش بەدەر نیین لەم پرۆسەی هەڵگواستنە (Dervation) بە مەبەستی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمان، بەڵام ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بە گرنگی دەزانێت ئەوەیە لە ئاستی ڕستەدا هەموو پێشناوەکان توانای بەشداریکردنیان هەیە، بەڵام لە ئاستی دروستکردنی وشەدا تەنها پێشناوەکانی (بە، بۆ، لە، بێ) توانای بەشداریکردنیان هەیە. لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی دەزانێت ئەوە بخاتەڕوو کە پێشناوەکانی (بۆ، لە) ئاستی بەشداریکردنیان لە دروستکردنی وشەی نوێ بۆ ناو فەرهەنگ زۆر لاوازە، تەنانەت دروستبوونی ئەو وشانەی لە لایەن ئەم دوو پێشناوەوە دروستدەبن ژمارەیان زۆرکەمە، وەک (لەڕوو ،لەبار ، بۆچوون ) ، بەڵام پێشناوەکانی (بە، بێ) لە دروستکردنی وشە بۆ ناو فەرهەنگ زۆر چالاکن. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە سەرجەم ئەو وشانەی کە بەهۆی (پێشناو + کەتیگۆریی جیاواز) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی وشە دەکەنە ناو فەرهەنگەوە هەموویان (+ئاوەڵناو)ن، بە پێچەوانەی (پێشناوەکان + کەتیگۆریی) لە ڕستەدا کە هەموویان (واتای ئاوەڵکرداریی) دەگەیاند. بڕوانە (١٦٥)

١٦٥/أ- بە + ناوی واتایی = ئاوەڵناو بە+هێز = بەهێز

ئاوەڵناو

ب- بێ +ناوی واتایی = ئاوەڵناو بێ +هێز = بێهێز

پ ـ بە+ناو = ئاوەڵناو   بە+جەرگ = بەجەرگ

ئاوەڵناو

ت ـ بێ+ناو = ئاوەڵناو   بێ+مرووەت = بێمرووەت

پێشناوەکانی (بە، بێ) لەگەڵ ناوەکان کە دێن و ئاوەڵناو دروستدەکەن هەموو کات واتای (+پۆزەتیڤ) و (+نێگەتیڤ) دەگەیەنن. کەواتە ئەو فرێزە پێشناوییانەی لە پێشگری (بە +کەتیگۆرییەک) پێکدێن سەرجەمیان واتای (+پۆزەتیڤ) دەگەیەنن. بڕوانە (١٦٦):

١٦٦/+ پیاوی بەهێز ــــ (+پۆزەتیڤیی لە ڕووی هێزی جەستە و لەشولارەوە، لە ڕووی مەعنەویاتەوە)

ب ـ بەردی بەهێز ــــ (+پۆزەتیڤیی و بەهێزیی لە ڕووی پێکهاتە و نەشکاندنەوە)

پ ـ بای بەهێز ــــ (+پۆزەتیڤیی و بەهێزیی لە ڕووی خێراییەوە)

ت ـ کارەبای بەهێز ــــ (+پۆزەتیڤیی و بەهێزیی لە ڕووی ڤۆڵتیەوە)

ج ـ بارهەڵگری بەهێز ــــ (+پۆزەتیڤیی و بەهێزیی لە ڕووی هەڵگرتنی شتەوە)

کەواتە سەرجەم ئەو ئاوەڵناوانەی کە دروستبوون بەهۆی (بە + جۆرە جیاوازەکانی کەتیگۆریی)ەوە واتای (+پۆزەتیڤ) دەگەیەن، هەریەک لە بوارێکی جیاوازدا.

بە پێچەوانەیشەوە سەرجەم ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەهۆی (بێ+کەتیگۆریی جیاواز) دروستدەبن، واتای (-نەرێنیی) دەگەیەنن لەو سیفاتەدا. بڕوانە (١٦٧):

١٦٧/أ - پیاوی بێهێز ــــ (+نێگەتیڤیی لە ڕووی هێزی جەستە و لەشولار، لە ڕووی مەعنەویاتەوە)

ب ـ > ئاردی بێهێز> ــــ (+نێگەتیڤیی لە ڕووی نەکردنی بە نان)

پ ـ >گەرمکەرەوەی بێهێز> ــــ (+نێگەتیڤیی لە ڕووی گەرمنەکردنەوە)

ت ـ> دڵی بێهێز > ــــ (+نێگەتیڤیی لە ڕووی لێدانەوە)

کەواتە ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەهۆی (بێ +کەتیگۆریی جیاواز)ەوە دروستدەبن سەرجەمیان (نەرێی سیفاتە بنەڕەتییەکەی دەکات، بە شێوە جیاوازەکانیەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت هاتنی (بە، بێ) لە دروستکردنی وشەی نوێ لەگەڵ کەتیگۆرییە جیاوازەکان چاوەڕوانکراوە و تەنها پەیوەست نییە بە یەک جۆرە کەتیگۆرییەوە، بەڵام پێکەوەهاتنەکە زیاتر لەگەڵ کەتیگۆریی (ناو)دا دێت. بڕوانە (١٦٨):

١٦٨/ا ـ بە+ ناو ——— بە+ ڕێز = بەڕێز.

ب ـ بێ+ ناو ——— بێ+ ویژدان = بێویژدان

پ ـ بە+ ڕەگ ——— بە+ کوڵ = بەکوڵ

لە نموونەکانی (١٦٨) ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە دروسبوونی وشە بۆ ناو فەرهەنگ بەهۆی (بە، بێ)وە تەنها لەگەڵ ناوەکاندا زۆر چالاکن، کەمتر وشە دەدۆزینەوە کە (بە، بێ+کەتیگۆریی جیاوازتر لە ناو) دروستبووبێت. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەین، کە پێشناوی (بە) کاتێک لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی لە دروستبوونی وشەی نوێ ڕۆڵدەبینێت واتای (+چالاک) دەگەیەنێت، کە دوبارە لە فەرهەنگەوە دێتەناو ڕستەوە (++پۆزەتیڤ) دەگەیەنێت. بڕوانە (١٦٩):

١٦٩ـ من بە بەهێزیی دەگەڕێمەوە.

لە نموونەی ( ١٦٩) بنەڕەتی وشەکە (هێز)ە، دواتر لە پرۆسەیەکی مورفۆلۆژیی بووەتە (بەهێز)، دواتر هاتووەتە ناو ڕستەوە و واتای (++پۆزەتیڤ)ی گەیاندووە. هەروەها کاتێک لە ڕستەدا پێشناوی (بە) دەچێتە پێش (بێ) واتای (چالاککردنی نێگەتیڤ) دەگەیەنێت. بڕوانە (١٧٠):

١٧٠ـ من بە بێهێزیی دەگەڕێمەوە.

لە ڕستەی (١٧٠) دەبینین (بێهێز = نێگەتیڤیی) پێشناوی (بە = +چالاک) کەواتە (بە بێهێزیی = چالاککردنی نێگەتیڤیی). لە نموونەی (١٧٠) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێشناوی (بە) واتای (چالاک) دەگەیەنێت، جا بە نەرێ بێت یان ئەرێ. کەواتە ئەوەی کۆتوبەندی پێکەوەهاتنەکان دروستدەکات (پیشناوەکانن لەگەڵ تەواوکەرەکانیان)، چونکە پێشناوێکی وەکو (بە) پێویستە تەواوکەرێک بەدوایدابێت کە (بوونی مادیی یان مەعنەوییی) هەبێت. هەروەها پێشناوێکی وەکو (بێ)

پێویستە تەواوکەرێک بەدوایدابێت (بوونی مادیی یان مەعنەویی) هەبێت، بۆ ئەوەی (نەرێی هەبوونیان بکات). بڕوانە (١٧١):

١٧١/ا ـ بە + جەرگ = بەجەرگ

(جەرگ=بوونی مادیی، هیز = بوونی مەعنەویی)

ب ـ بە + هێز = بەهێز

پ ـ بێ + زمان = بێ + زمان

(بێ زمان = نەرێکردنی مادیی، بێئابڕوو = نەرێکردنی مەعنەویی)

ت ـ بێ + ئابڕوو = بێئابڕوو

### ٢/١/٢/٢) ئەو فرێزانەی لە دوو کەرەستە و ئامرازی بەستن دروستدەبن:

فرێزەکان لە زمانی کوردییدا زۆریینەیان لە کەرەستەیەک یان زیاتر پێکدێن. جگە لە (فرێزە ناوییەکان) کە نیشانەی (+تایبەتی) هەبێت، چونکە ((ناوە تایبەتییەکان لە ڕستەدا لە جێکەوتەی فرێزی ناوی سادە دەردەکەون و هەمان گۆکردنیان هەیە، چونکە نیشانەی (+تایبەت)یان هەیە. یان ناوێکی گشتیی بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە لە جێکەوتەی ناوە تایبەتییەکاندا دادەنرێت، ڕۆڵی ناوە تایبەتییەکە دەبینێت)) (مەعروف، ٢٠١٠، ٤٣). بڕوانە (١٧٢):

١٧٢ ا ـ ئازاد چوو بۆ سلێمانیی.

تایبەت

ب ـ من ئازادم دیت.

پ ـ شێر ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە.

قورساییخستنەسەر

ت ـ خوێندکار دەبێت بخوێنێت.

لێکۆڵینەوەکە لێرەدا تەنها بۆ بەرچاوڕوونیی باسی لەو ناوە سادانە کردووە، کە لە ڕستەدا دەوری فریێز دەبینن، بەڵام لە ڕاستییدا ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لەم بەشەدا پیشاندانی چۆنیەتیی پێکەوەهاتنی فریێزە ناسادەکانە. هەروەها پیشاندانی ئەو کۆتوبەندانەی کە وادەکات کەتیگۆرییەک بەدوای کەتیگۆرییەکی ترەوە بێت، یان بە پێچەوانەوە پیشاندانی ئەو کۆتوبەندانەی کە وادەکات کەتیگۆرییەک نەتوانێت بەدوای کەتیگۆرییەکی تردا بێت، یاخود کەتیگۆرییە لە ئاستی (ستوونیی . paradagmatic) کەتیگۆرییەکی تر دابنرێت. لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات ئەو فریێزانە بخاتەڕوو کە کۆتوبەندیان زیاترە. لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی نازانێت سەرجەم فریێزەکان بخاتەڕوو، لەبەرئەوەی بەشێک لە فریێزەکان لە دەرەوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەدان.

**١ـ ناو+ مۆرفێمی بەستن+ ئاوەڵناو**

ناوەکان کاتێک ئاوەڵناوێکیان بەدوادادێت هەروا لەخۆوە نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سیستماتیکی ڕێکخراوە، هەندێک لە ئاوەڵناو هەیە تەنها لەگەڵ ناوێکدا دێت، هۆکارەکانیشی زۆرن، هەر پێکەوەهاتن و پێکەوەنەهاتنێکیش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. لێکۆڵینەوەکە لێرەدا پێکەوەهاتنی (ناو+ئاوەڵناو) لەسەر ئەو بنەمایە ڕیزدەکات، کە هەر ئاوەڵناوێک تایبەتە بە (گرووپ و ناو و مەبەست و... هتد)ەوە.

+ ناو+ مۆرفێمی بەستن+ ئاوەڵناوی تایبەت بە تەمەن و ڕەگەز:

گرووپێک لە ئاوەڵناوەکان تایبەتن بە تەمەن و ڕەگەزێک ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکن. بڕوانە (١٧٣):

١٧٣ـ >کچی قەیرە< >؟کوڕی قەیرە<، >؟پیاو قەیرەکە<، >؟ژنی قەیرە<.

لە نموونەی (١٧٢) دەردەکەوێت (قەیرە = +تەمەنێکی کامڵ، +مێ، −شووکردن)، بەڵام ناتوانرێت بۆ (+نێر) بەکاربهێنرێت ئەگەر هاوتەمەنی (کچی قەیرە) بێت. لێکۆڵینەوەکە پێیوایە بەهۆی

کۆمەڵی کوردەوارییەوەیە کە چوونەناوتەمەن بۆ پیاوان (بە کامڵبوون و نەمانی کەموکووڕیی) دادەنێت، بەڵام بۆ (+مێ) بەپێچەوانەوە بە (نەرێنیی) ناودەنێت. ئەمەیش هۆکاری ئەوەیە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا بە یەکسانیی سەیری توخمی نێر و مێ نەکراوە. وەکو لە نموونەی (١٧٣) خرایەڕوو کە (قەیرە) ناتوانرێت بۆ (+شووکردن) بەکاربهێنرێت، چونکە هەندێک لە سیما واتاییەکانیان دژی یەکتر دەوەستن. ئەوەی لەم جۆرە پێکەوەهاتنانە کۆتوبەند دروستدەکات زیاتر کولتوور و دابونەریتی ئەو کۆمەڵەیە و تێڕوانینی جیاواز بۆ ڕەگەزەکان، بۆیە مەرج نییە لە کۆمەڵ و دابونەریتێکی تردا ئەم هاوکێشەیە ڕاستبێت.

ئاوەڵناوێکی تر وەردەگرین کە گوزارشت لە تەمەن دەکات و لەگەڵ چەند ناوێکدا دێت، ئەویش (ساوا)یە. بڕوانە (١٧٤):

١٧٤ـ ناو + ئاوەڵناوی (ساوا) ـــــ <منداڵی ساوا>، <بەرخی ساوا>، <کاری ساوا>، <گوێرەکەی ساو>. هتد...

<؟جوجکی ساوا>، <؟بێچووی ساوا>، <؟مریشکی ساوا> و... هتد.

لە نموونەکانی (١٧٤) دەبینین (ساوا) لەگەڵ (منداڵ، بەرخ، کار، گوێرەکە) دێت، هۆکارەکەیشی ئەوەیە (ساوا) بۆ جیاکردنەوەی تەمەنێکە لە تەمەنێکی تر، کە دەگوترێت (منداڵی ساوا، کاری ساوا، بەرخی ساوا، گوێرەکەی ساوا) واتا (+تەمەنێکی کەم). کەواتە لێرەدا (ساوا) بۆیە هاونشینی ئەو ناوانەیە بۆ ئەوەی لای گوێگر و خوێنەر ڕوون بێت قسەکەر و نوسەر مەبەستی (+تەمەنێکی کەمە) بۆیە ئەگەر (ساوا) لەگەڵ ئەم ناوانە بەکارنەیەت، بەرانبەر ناتوانێت جیاوازییبکات و تێگەیشتنی تەواوی بۆ ڕوداوەکان هەبێت. ڕەنگە ئەوە لەلای بەرانبەر دروستببێت، کە بە مەبەستی (−کەم) بێت، چونکە لە نێوان سەرەتای تەمەنی هاتنەدنیا و گەورەبوونی (ساوا) جیاوازییەکە دروستدەکات، ئەو ناوانەی کە (ساوا)ی لەگەڵدا بەکاردێت دوای تەمەنێکی زۆر ناوێکی تری بۆ دانراوە بۆ جیاکردنەوەی تەمەنەکەی، بۆیە هەتا گەیشتنی بەو تەمەنەی کە بۆمان داناوە پێویستە (ساوا) بەکاربهێنرێت.

بەڵام ناکرێت (ساوا) لەگەڵ (جوچک، مریشک) بەکاربهێنرێت، هۆکارەکەیشی ئەوەیە (لەناو جوچکدا ساوایەتیی) هەیە. ناشتوانرێت لەگەڵ (مریشک، کەڵەشێر) (ساوا) بەکاربهێنین، چونکە (لەناو مریشکدا پێگەیشتوویی ، تیپەڕاندنی ساوایی ) هەیە. بڕوانە (١٧٥):

١٧٥ـ جوچک = (+تەمەنێکی کەم)

ساوا = (+تەمەنێکی کەم)

جوچکی ساوا = (+تەمەنێکی کەم، +تەمەنکی کەم) ـــــ (هەڵئاوسانی واتا) بەهۆی خستنەڕووی نیشانە واتاییەکان لە ئاستی قووڵ (Deep Structure)ەوە بۆ ئاستی ڕووکەش (Surface Structure).

مریشک = (+تەمەنێکی زۆر)

کەڵەشێر = (+تەمەنێکی زۆر)

> ؟ مریشکی ساوا< = (+پێگەیشتوو،−پێگەیشتوو) ـــــ پێچەوانەی واتا

> ؟ کەڵەشێری ساوا< = (+پێگەیشتوو،− پێگەیشتوو) ـــــ پێچەوانەی واتا

> ؟جوچکی ساوا < = (+تەمەنێکی کەم، + تەمەنێکی کەم).

لە نموونەی (١٧٥)دا دەبینین (دوو وشە بەدوای یەکدا نایەن کە هەردووکیان ئاماژە بن بۆیەک تەمەنی دیاریکراو بکەن). لێکۆڵینەوەکە ئەم دیاردەیە بە (هەڵئاوسانی واتایی) ناودەنێت. هەروەها (ساوا) ناشتوانرێت لەگەڵ (مریشک، کەڵەشێر) بەکاربهێنرێت، چونکە (نیشانە واتاییەکانیان بۆ تەمەن) پێچەوانەی یەکترن. لێکۆڵینەوەکە ئەم دیاردەیە بە (پێچەوانەی واتا) ناودەبات. ئەوەی لێکۆڵینەوەکە مەبەستیەتی کۆتوبەندی پێکەوەهاتنەکان یان ڕێگەنەدانیان بۆ ئەوەی ئاوەڵناوەکانی تەمەن لەگەڵ ناوەکان پێکەوەبێن چەند هۆکارێکن لەوانە:

+ هەندێک لە ناوەکان هەڵقوڵاوی (+تەمەنێکی زور، +تەمەنێکی کەم)ن، ناوەکان خۆیان بەشێکن لە تەمەن لەناو ناوەکەدا تەمەن هەیە. بڕوانە (١٧٦):

١٧٦ـ (مریشک، مانگا، مەڕ، بزن) = تەمەنێکی پێگەیشتوو

ب- هەندێک لە ناوەکان بۆ تەمەنە جیاوازەکانیان ناوی تایبەتی دانەنراوە. بڕوانە (١٧٧):

١٧٧- (گوێرەکە/، <گوێرەکەی ساوا>، /منداڵ/، <منداڵی ساوا>) = دیارینەکردنی ناو بەپێی تەمەن

**٢- ناو+ مۆرفێمی بەستن، ئاوەڵناوی تایبەت بە شێوە و قەبارە:**

ئەو ئاوەڵناوانەی کە تایبەتن بە شێوە و قەبارە مەرج نییە هەموویان لەگەڵ ناوەکاندا بێن، بەڵکو زۆرینەیان تایبەتن بە ناوێکی دیاریکراو، یان ڕەگەزێکی دیاریکراو. ناوەکان لەگەڵ ئاوەڵناوەکانیان بوون بە هاوڕێی یەکتر و لە ڕیزکرنێکی ئاسۆییدا هاتنیان چاوەڕوانکراوە. بڕوانە (١٧٨):

١٧٨- <مریشکی قەڵەو>، <؟مریشکی ئەستوور>، <بەرخی قەڵەو>، <؟بەرخی ئەستوور>، <؟ماسیی قەڵەو>، <ماسیی ئەستوور>، <ماری ئەستوور>، <؟ماری قەڵەو>،<پیاوی کەتە>، <؟ژنی کەتە>، <؟پیاوی پانوپۆڕ>، <ژنی پانوپۆڕ>، <شوتیی خڕ>، < شوتیی درێژ>، <؟شوتیی چوارگۆشە> و... هتد.

جگە لەو نموونانە چەندیین نموونەی تر هەن، کە هاتنی ئاوەڵناوەکانیان دوابەدوای ناوەکانیان چاوەڕوانکراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی نازانێت بیانخاتەڕوو، تەنها نموونەکانی (١٧٨) شیدەکەینەوە، پێیوایە زۆرینەی جار سروشتی شێوەی دروستبوونیان هۆکاری یەکەمە بۆ ئەوەی ئاوەڵناوێکی تایبەت بە شێوە و قەبارە لەگەڵ ناوێکدا بێت. لە نموونەکانی (١٧٨) دەبینین <مریشکی قەڵەو>، <بەرخی قەڵەو>، <ماری ئەستوور>، <ماسیی ئەستوور>، <؟ماسیی قەڵەو> لێرەدا ئەوەی پێکەوەهاتنی ئاوەڵناوەکە لەگەڵ ناوەکە کۆتوبەنددەکات (سروشتی شێوەی دروستبوونیانە)، چونکە /ماسیی/ و /مار/ و هاوشێوەکانیان قەڵەویی کاریگەریی لەسەر شێوەکەی هەیە، یەکەم گۆڕانکاریی /قەڵەو/ی لەسەر شێوەی ئەم گیاندارانە گۆڕینی /باریکیی/ بۆ /ئەستوور/ یەکەم گۆڕانکاریی /لاواز/ی گۆڕینی شێوەی /قەڵەو/ بۆ /باریکیی/ بۆیە لەناو (ئەستووریی) (قەڵەویی) و لە ناوی (باریک)دا (-قەڵەویی) هەیە، بەڵام دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین بۆ /ئەستوور و باریک/ لەگەڵ ناوەکانی /مریشک و بەرخ/ و هاوشێوەکانیان نایەت؟ چونکە سروشتی دروستبوونیان بەو شێوەیە نییە کە /قەڵەوبوون/ یان /-قەڵەویی/ کاریگەریی لەسەر ( ئەستووریی و باریکییان) هەبێت.

هەر لە نموونەکانی (١٧٨)دا <شوتیی خڕ>، <شوتیی درێژ>، <؟شوتیی چوارگۆشە> وەکو دەبینین ئاوەڵناوەکانی /خڕ، درێژ/ لەگەڵ /شوتیی/دا دێت، بەڵام ئاوەڵناوی /چوارگۆشە/ لەگەڵیاندا نایەت. لە وەڵامدا دەپرسین ئایا /شوتیی/ جگە لە /خڕ و درێژ/ شێوەی تری هەیە؟ بێگومان نەخێر، بۆیە هاتنی هەر شێوەیەکی تر لەگەڵ /شوتیی/ لادان و شکاندنی کۆتوبەندەکانی لێدەکەوێتەوە. ئەمە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتن ئەمپێکەوەهاتنانە لە نادروستییەوە بگۆڕێن بۆ دروست.

**٣ ـ ناو+ مۆرفێمی بەستن+ ئاوەڵناوی تام:**

تامی خواردنەکان کە مرۆڤ هەستیانپێدەکات هەریەک تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەندێک لە خواردنەکان هەر بە ناوهێنانی تامەکەی ناوی خواردنەکەمان دێتەوەیاد، چونکە هیچ خواردنێکی تر نییە هەمان تام بدات. بڕوانە (١٧٩):

١٧٩ـ /مێخۆش/ ـــــ <بیبەری مێخۆش>

< هەناری مێخۆش>

<؟سێوی مێخۆش>

ب- / سوێرکراو/ ـــــ <بیبەری سوێرکراو>

<خەیاری سوێرکراو>

< ترۆزیی سوێرکراو>

پ- /توند/ ـــــ <بیبەری تون>

<ماسیی تون.>

< چێشتی تون.>

< ؟چای تون>

لە نموونەکانی (١٧٩) دەبینین هیچ خواردن و میوەیەک جگە لە (بیبەر و هەنار) ناتوانرێت ئاوەڵناوی /مێخۆش/ بەدوایدابێت، چونکە /مێخۆش/ تایبەتە بەو خواردنانەی کە لە نێوان دوو تامە سەرەکییەکە تامێکی تری هاوبەش هەیە، لە /بیبەر/ لە نێوان /تون و شیرین/ لە /هەنار/ لە نێوان /ترش و شرین/ واتا ئەو تامەیە لە تێکەڵەی دوو تامی سەرەکیی دروستبووە، بەڵام /؟سێوی مێخۆش/ ڕێگەپێدراو نییە، چونکە /سێو/ جگە لە /شیرین و ترش/ تامێکی تری نییە. کەواتە کۆتوبەندی هاتنەکە بەهۆی بوونی تامێک لە نێوان دوو تامی سەرەکییدا، ئەو خواردن و میوانەی ئەم تایبەتمەندییەیان نییە پێکەوەهاتنەکەیان نادروست دەبێت.

هەروەها لە ئاوەڵناوی /سوێرکراو/ تێبینیی ئەوە دەکەین کە ئاوەڵناوەکە تایبەتە بەو خواردنانەی کە توانای سوێربوونیان هەیە، وەکو /بیبەر، خەیار، ترۆزیی/ بۆیە <؟تەماتەی سوێرکراو> ڕێگەپێنادرێت. لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە هەندێک ئاوەڵناو لەگەڵ ناوەکاندا بەهۆی /توانا/ی ناوەکەوەیە، ئایا ئەو سیفاتەی دەدرێتەپاڵ ناوەکە لە توانای ناوەکەدا هەیە، یان ڕێگەپێدراو نییە. کەواتە ئەوەی کۆتوبەندی پێکەوهاتنەکە دروستدەکات توانای ئەو مادانەیە کە لە بتەڕەتدا هەڵگری زیاتر لە تامێکە. تیکەڵبوونی دوو تامی سەرەکیی هۆکاری سەرەکیی هاتنی ئاوەڵناوێکی تام_جیاوازی وەکو (مێخۆش)ە، یان توانای ئەو مادانەیە بۆ ئەوەی ببێتە هەڵگری ئەو تامە، وەکو (خەیاری سوێرکراو، زەیتونی سوێرکراو). هەروەها هەندێک جار گواستەوەی نیشانە واتاییەکان بەهۆی بەکارهێنانی مادەیەک لەگەڵ مادەیەکی تر دەگوازرێنەوە، وەکو لە نموونەکانێ (١٧٩)دا دەبینین، کە /چێشتی تون، ماسیی تون/ بەهۆی تێکەڵبوونەوە سیفاتی /بیبەر/ گوازراوەتەوە ناو ئەم خواردنانە، هۆکاری سەرەکیی پێکەوەهاتنەکەیشیان بەکارهێنانیانە لەگەڵ یەکتر، بۆیە ناتوارێت /؟ چای تون/ واتادروست بێت، ئەمیش تایبەتە بە کۆمەڵی کوردیی، ڕەنگە لە کولتوورێکی تر ئەم دروستەیە زۆر ئاسایی بێت، ((چونکە بەهۆی بەکارنەهێنان لە فەرهەنگدا تۆمارنەکراون، پێکەوەهاتنەکانیشیان هەر لە فەرهەنگدا ڕوندەبێتەوە)) (سەعید، ٢٠١٥، ٧٠). بۆیە ئەوە فەرهەنگە وادەکات بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکان چۆن بێت، ئایا پێکەوەهاتنەکان ڕێگەپێدراوە ، یان بە پێچەوانەوە. هەروەها ئەو ئاوەڵناوانەی کە نیشانە واتاییەکانیان لە ئاستی ڕووکەشدا لە دروستەی فرێزەکەدا ڕەنگدەداتەوە، واتانادروستە و ڕێگەیان پێنادرێت، لێکۆڵینەوەکە بە (هەڵئاوسانی واتایی)

ناویدەبات، کاتێک یەکێک لە نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی لەناو فرێزەکەدا زەقدەکرێتەوە. بڕوانە (١٨٠):

١٨٠ـ <؟خوێی سوێر>

< ؟شیلەی شیرین >

< ؟بەفری سارد>

لە نموونەکانی (١٨٠) دەبینین نیشانە واتاییە سەرەکییەکان زەقکراونەتەوە و هێنراونەتە ئاستی ڕووکەش، بۆیە واتانادروستیی لێکەوتووەتەوە، چونکە لەناو (خوێ)دا (سوێریی) هەیە، لەناو (شیلە)دا (شیرینیی) هەیە، لەناو (بەفر)دا (ساردیی) هەیە. بۆیە هەر تاکێکی فەرهەنگپێگەیشتوو دەزانێت ئەم نیشانە واتاییانە بەشێکی سەرەکیین لە ناوەکان و بەبێ درکاندنی سیفاتەکانیان هەست بە ئەو نیشانە واتاییانە دەکرێت. نیشانە واتاییەکان کاتێک لەگەڵ ناوەکانیان دێن کە مەبەستمان جیاکردنەوە بێت، ئەگەر سیفاتی زیاتری نەبوو لەو بوارەدا پێویست بە نوسینی ناکات. بڕوانە (١٨١):

١٨١ـ <ئەزبەریدی شیرین>

ـ <ئەزبەریدی ترش>

لە نموونەکانی (١٨١) ڕوندەبێتەوە کە هاتنی سیفاتەکان لەگەڵ ناوەکانیاندا بە مەبەستی جیاکردنەوەی سیفەتێکە لە سیفەتێکی تر لە هەمان بواردا، وەکو دەزانین <ئەزبەریدی شیرین> هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا <ئەزبەریدی ترش> و چەندیین تامی تر هەیە، بەڵام ناکرێت بڵێین <؟خوێی سوێر> چونکە جیاوازیی و جیاکردنەوە لەو ناوانە ناکرێت کە (یەک تام، یەک ڕەنگ، یەک شێوە و... هتد)یان هەیە. کەواتە کۆتوبەندی پێکەوەهاتنی ناوەکان لەگەڵ نیشانە واتایەکانیان لەسەر بنەمای جیاوازییە لە هەمان بواردا.

**٤ـ ناو+ مۆرفێمی بەستن+ ئەو ئاوەڵناوانەی توخم پیشاندەدەن:**

لە فەرهەنگی ئاوەزیی قسەکەرانی هەر زمانێکدا وشەکان بە کۆمەڵێک زانیارییەوە هەڵگیراون، کاتێک قسەکەر دەیەوێت دەربڕینەکانی بۆ گوێگر بنێرێت، یان نوسەر دەیەوێت دەربڕینەکانی لە

شێوەی وشەدا بخاتە بەردەم خوێنەر، وشەکان نیشانە واتاییەکانیانی لێدەرناهێنرێت، ناخرێتە بەردەم گوێگر و خوێنەر، چونکە لەلای گوێگر و خوێنەر وشەکان هەموویان خاوەنی سیفاتێکن بەبێ خستنەڕوویان هەستیپێدەکەن، ناوی مرۆڤ و گیاندارانیش بە هەمان شێوە بە ناوهێنانیان توخمەکانیان دەزانرێت، مەگەر ئە ناوانەی کە توخمەکانیان لە فەرهەنگدا دیارینەکراون، ئەو ناوانە پێویستە بەدوایاندا (نێر، مێ) بێت، بۆ ئەوەی بۆمان ڕونببێتەوە. بڕوانە (١٨٢):

١٨٢ـ >کۆتری نێر<، >کۆتری مێ<،> کەروێشکی نێر<،>کەروێشکی مێ<، >قەلی نێر<، >قەلی مێ<،> شەکی نێر<، >شەکی مێ<، >کاوڕی مێ<، >کاوڕی نێر<، >گیسکی نێر<، >گیسکی مێ<، >بەرخی نێر<، >بەرخی مێ<

ـ >؟مریشکی مێ<، >؟ کەڵەشێری نێر<، >؟یەکانەی نێر<، >؟مالۆسی مێ<، >؟ گای نێر<

جگە لەم نموونانە چەندیین نموونەی تر هەن، کە ئاماژە بە جیاکردنەوە و جیانەکردنەوەی توخمەکان دەکەن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، هەندێک ناو هەیە لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنی و کامڵبوونی /+توخم/ دەچێتە ناو ناوەکەیەوە، واتا تەمەن هەندێک جار هۆکاری سەرەکیی دیاریکردنی توخمە. بڕوانە (١٨٣):

١٨٣/ا ـ بەرخ / + تەمەنێکی کەم/ ـــــ دیارینەکردنی توخم >بەرخی نێر< ، >بەرخی مێ<

ب ـ کاوڕ / +تەمەنێکی کەم/ ـــ دیارینەکردنی توخم >کاوڕی نێر<، >کاوڕە مێ<

پ ـ شەک / +تەمەنێکی مامناوەند/ ـــ دیارینەکردنی توخم >شەکی نێر<، >شەکی مێ<

ت ـ مەڕ / +تەمەنێکی زۆر/ ـــــ دیاریکردنی توخم >؟ مەڕی مێ<

جـ ـ بەران / +تەمەنێکی زۆر/ ـــــ دیاریکردنی توخم >؟ بەرانی نێر<

چ ـ کار / +تەمەنێکی کەم/ ـــــ دیارینەکردنی توخم >کاری نێر<،> کاری مێ<

خ ـ گیسک / +تەمەنێکی کەم/ ـــ دیارینەکردنی توخم >گیسکە نێر<، >گیسکە مێ<

د ـ توشتیر /+تەمەنێکی مامناوەند/ ـــــ دیاریکرنێ توخم <؟توشتیری مێ>، <؟توشتیری نێر>

ر ـ بزن /+تەمەنێکی تەواو/ ـــــ دیاریکردنی توخم <؟بزنی مێ>

ڕ ـ نێریی (تەگە) /+تەمەنێکی تەواو/ ــ دیاریکردنی توخم <؟نێریی نێر، ؟تەگەی نێر>

لە نموونەکانی (١٨٣)دا دەبینین (بەرخ، کاوڕ، شەک، کاوڕ، کار، گیسک) بەهۆی (−تەمەنی زۆر)ەوە توخمەکانیان بۆ /نێر و مێ/ جیانەکراونەتەوە، بۆیە لەدوایانەوە (+نێر، +مێ) واتادروستە. بە پێچەوانەوە ئەگەر (+نێر، +مێ) بەدوای ئەو ناوانە نەیەت کە توخمەکانیان دیارینەکراوە لێڵیی دێتەئاراوە، چونکە بەرانبەر نازانێت مەبەستی قسەکەر (+مێ، +نێر)ە. بڕوانە (١٨٤):

١٨٤ـ بەرخەکە بهێنە.

ـ کاوڕەکە بهێنە.

ـ شەکەکە بهێنە.

ـ کارەکە بهێنە.

ـ گیسکەکە بهێنە.

لێڵیی واتایی ( Semantic Ambiguity) لای گوێگر بەهۆی دیارینەکردنی توخمەوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە ناوەکانی (مەڕ، بزن، بەران، نێریی، تەگە، توشتیر) بەهۆی (+تەمەنێکی تەواو) توخمەکانی جیاکراونەتەوە و بەشێکی سەرەکیین لە واتای ناوەکە، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی پێکەوەنەهاتنی توخمەکانە لە تەنیشتی ناوەکانیان. هەروەها لە ناخی ناوەکاندا توخمەکان هەن، بۆیە گوێگر و خوێنەر بەبێ دانەپاڵی (+نێر، +مێ) لە لایەن قسەکەرەوە توخمەکانیان جیادەکاتەوە. خستنەپاڵ و بەدوایەکداهاتنی توخمەکان بەدوای ناوەکان (ناواتایی) لێدەکەوێتەوە. بڕوان (١٨٥):

١٨٥- ؟مەڕی مێ

- ؟بزنی مێ

- ؟بەرانی نێر

- ؟نێریی (تەگە)ی نێر ← واتاناڕاست بەهۆی دیاریکردنی توخم لەناو ناوەکەدا (هەڵئاوسانی واتایی)

- ؟توشتیری مێ

لێرەدا کۆتوبەندی پێکەوەهاتنەکە ئەو جیاکردنەوەی توخمەکان دروستیدەکات، ئەگەر توخمەکان جیاکرابێتنەوە پێکەوەهاتنی ناوەکان لەگەڵ (+نێر، +مێ) بە هیچ شێوەیەک ڕونادات، بە پێچەوانەوە ئەگەر توخمەکان جیانەکرابێتنەوە هاتنی توخمەکان لەگەڵ ناوەکان مەرجە پێکەوەبێت، کەواتە کۆتوبەندی پێکەوەهاتنی توخمەکان لەگەڵ ناوەکان دەگەڕێتەوە بۆ نیشانەکردن و نیشانەنەکردنی توخمەکان لەگەڵ ناوەکان. لێکۆڵینەوەکە پێیوایە بوونی چەند ناوێک بۆ یەک جۆر (ڕەگەز) بەهۆی مامەڵەکردنی زۆر و بەریەککەوتنی ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەو گیاندار و کەرەستانە، ئەمە بۆ زمانی کوردیی، ڕەنگە لە ناوچە عەرەبییەکان ئەم هاوکێشەیە بۆ ئاژەڵێکی وەکو (حوشتر/وشتر) ڕاستبێت.

## ٥- ناو+ مۆرفێمی بەستن+ ئاوەڵناوی ڕەنگ

ڕەنگەکان ئەگەر تایبەتنەکرێن بە ناوەکانەوە، واتا لە ناوەکانەوە ڕەنگەکان هەڵنەگوێزرێن ئەوە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست کەمترن، بەڵام زۆر جار ناوەکان بەهۆی ڕەنگەکانیانەوە خۆیان دەبنە جۆرێک لە ڕەنگ. بڕوانە (١٨٦):

١٨٦- /سابوون/ ـــــ /سابوونی/ <کۆتری سابوونیی> تایبەتە بە کۆتر

/نەوت / ـــــ /نەوتیی/ <سەیارەی نەوتیی>،< ئەلەمنیۆمی نەوتیی> تایبەت نییە بە ناوێکی دیاریکراوەوە.

/ خەنە / ـــــ /خەنەیی/ <کراسی خەنەیی>، <سەرپۆشی خەنەیی> تایبەت نییە بە ناوێکی دیاریکراوەوە

/زەیتون/ ـــ /زەیتونیی/ >سەیارەی زەیتونیی<، >بۆیاخی زەیتونیی< تایبەت نییە بە ناوێکی دیاریکراوەوە.

/شەراب/ـــ / شەرابی/ > کراسی شەرابی< > گوڵی شەرابی<

/ئاڵتون/ ـــ / ئاڵتونی/ > بۆیاخی ئاڵتونی< ، > مۆبایلی ئاڵتونی<

لە نموونەکانی (١٨٦) دەبینین ڕەنگێکی زۆرمان هەیە لە بنەڕەتدا ناو بووە، دواتر بووە بە ڕەنگ بەهۆی ئەوەی تایبەتبووە بەو کەرەستەیە، هەروەها هەندێک لە ناوەکان بەهۆی ئەوەی لە سکی ڕەنگەکانەوە سەرچاوەیانگرتووە، ناتوانرێت ڕەنگەکە لەگەڵ ناوەکەدا بەکاربهێنرێت بەمەرجێک هەر تەنها ئەو ڕەنگەی هەبێت، ئەگەر ڕەنگی تری هەبوو ڕەنگە بنەڕەتییەکە و ڕەنگەکانی تری لەگەڵ ناوەکەدا دروستە بەکاربهینرێت. بڕوانە (١٨٧):

١٨٧ـ >سەوزەی سەوز<

> سەوزەی زەردەوەبوو<

> سوراوی سوور<

> سوراوی مۆر<

>سوراوی پەمەیی<

> سپیاوی سپی<

هەندێک لە پێێکەوەهاتنەکانی وەکو >سەوزەی سەوز<، >سوراوی سوور<، >سپیاوی سپیی<، واتاپراستن، چونکە ڕاستە ئەم ناوانە لە ناوی ڕەنگەکانەوە سەرچاوەیانگرتووە، لە ناخی ڕەنگەکانەوە هەڵگوێزراون،بەڵام جگە لە ڕەنگە بنەڕەتییەکەی ڕەنگی تری هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا /سەوزە/ = /سەوزیی/، /سوراو/ = سووریی/، /سپیاو/ = /سپێتیی/ ئەمە وەکو جۆری ڕەنگەکانیان، بەڵام کە دەڵێین >سەوزەی زەرد< دروستە، چونکە دەشێت سەوزە ڕەنگی زەردبێت، /سوراویی مۆر<، >سوراوی پەمەیی< دەکرێت سوراو جگە لە ڕەنگی (سوور) ڕەنگێ تریشی هەبێت. کەواتە کۆتوبەندی پێکەوەهاتنی ڕەنگەکان لەگەڵ ناوەکان لەسەر بنەمای جیاوازییە، ئەگەر

هەر ناوێک تەنها یەک ڕەنگی هەبێت و لە ناخی ڕەنگەکەوە هەڵگوێزرابێت یان هەڵنەگوێزرابێت ڕێگەی پێنادرێت، بەڵام ناوەکە لە ڕەنگێک زیاتری هەبێت ڕێگە بە پێکەوەهاتنەکان دەدرێت جگە لەو ناوانەی کە لە ڕەنگەکانەوە هەڵگوێزراون تەنها یەک ڕەنگی هەیە. بڕوانە (١٨٨):

١٨٨ـ <سەوزەی سەوز> ـــــ (+هەڵگوێزان لە ناوی ڕەنگ، +بوونی ڕەنگی تر، +سەوز ڕەنگی بنەڕەت)

< سەوزەی زەرد> ـــــــ (−هەڵگوێزران لە ناوی ڕەنگ، +بوونی ڕەنگی تر، −زەردی ڕەنگی بنەڕەت)

< ؟بەفری سپیی> ـــــ (−هەڵگوێزران لە ناوی ڕەنگ، − بوونی ڕەنگی تر، +سپیی ڕەنگی بنەڕەت)

لە نموونەکانی (١٨٨) کە دەڵێین (سەوزەی سەوز) گوێگر دەزانێت (سەوزە)، دەشێت ڕەنگەکەی بگۆڕێت بۆ<سەوزەی زەرد> مەبەستمان جیاوازییکردنە، چونکە دەکرێت (سەوزە) ڕەنگی بگۆڕێت بۆ (زەرد) ، بەڵام ناکرێت بگوترێت (بەفری سپیی)، چونکە هەموو تاکێکی پێگەیشتوو دەزانێت (بەفر) جگە لە (سپیی) ڕەنگی تری نییە. هاتنی ڕەنگەکان بە مەبەستی جیاکردنەوەیە، جیاکردنەوەیش لە شتێکدا دەکرێت لە یەکێک زیاتربێت.

### ٣/١/٢/٢) ڕادە + ناو:

لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا ڕادە لەگەڵ ئەو ناوانەدا دێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە، زیاتر هاتنی ڕادە لەگەڵ ناوەکان لەسەر بنەمای بەکارهێنانە، یان لەسەر بنەمای توانای ئەو ناوەیە بۆ ئەو ڕادەیە، وەکو (توانای کەرتبوون، توانای پارچەپارچەبوون، وردبوونەوە و بچوکبوونەوە) ((بەڵام مەرج نییە پێکەوەهاتنی ڕادە لەگەڵ ناوەکان هەر لەسەر ئەم بنەمایە بێت، زۆرینەی ڕادەکان لەگەڵ ناوی ژمێردراو نەژمێردراو دێن)) (Dawood , 2016 , 254). بڕوانە (١٨٩):

١٨٩ـ >قاژێک کەرە>، >پارچەیەک کەرە>، >دوو پارچە کەرە>، >کیلۆیەک کەرە > ـــــــــ (+توانای قاژبوون و پارچەبوون، +توانای پێوانە بە کێش)

ـ >پارچەیەک زەوی>، >دۆنمێک زەوی>، >دوو دۆنم زەوی> ـــــــ (+توانای پارچەبوون، +توانای پێوانە بە مەتر)

ـ >پارچەیەک گۆشت>، >مەنجەڵێک گۆشت>، >کیلۆیەک گۆشت> ــــ (+توانای پارچەبوون، +توانای پێوانە بە کەرەستەی جیاواز، + توانای پێوانە بە کێش)

ـ >پارچەیەک مۆسیقا>، >پارچەشیعرێک>، >؟مەترێک مۆسیقا>، >؟کیلۆیەک مۆسیقا> ــــــ (+توانای پارچەبوون، − کەرتبوون، − توانای پێوانە بە کێش)

لە نموونەکانی (١٨٩) دەبینین (ڕادە)کان بەپێی سروشتی ئەو ناوانە دەگۆڕێن، واتا ئەوە ناوەکەیە کۆتوبەندی پێکەوەهاتنەکە دروستدەکات، وەکو دەبینین هەموو ئەو ناوانە کە (+توانای پارچەپارچەبوون)ی هەیە دەتوانرێت (پارچە)ی بخرێتە پێش، ئەوانەیشی (دەکێشرێن و دەپێورێن) دەتوانرێت (ڕادەکانی کێشانە و پێوانە)یان لەگەڵدا بەکاربهێنرێت. لێکۆڵینەوەکە پێیوایە لە نموونەکانی (١٨٩) ناتوانرێت ئەو کۆتوبەندانە شیبکرێتەوە لەگەڵ (مۆسیقا، شیعر) ڕادەی (پارچە) بەکاردەهێنرێت و (کەرت) بەکارناهێنرێت.

هەندێک لە ناوەکان لەگەڵ (ڕادەکان) بەپێی بەکارهێنانیان لە لایەن مرۆڤەوە، بڕوانە (١٩٠):

١٩٠/+ > مشتێک گەنم >

ب ـ > ڕبەیەک گەنم >

پ ـ >تەنەکەیەک گەنم>

ت ـ > قزناخێک گەنم>

ج ـ>فەردەیەک گەنم >

(بەکارهێنانی (مادەکە لە لایەن مرۆڤەوە بەو ڕادانە)

چ ـ <تەغارێک گەنم> (بەکارهێنانی (مادەکە لە لایەن مرۆڤەوە بەو ڕادانە)

خ ـ <تەنێک گەنم>

دەتوانرێت لەپێش (ڕادە)کانەوە ژمارەی ڕادەکەیش لەگەڵیدا بەکاربهێنرێت. بڕوانە (١٩١):

١٩١/أ- <دوو قەترە ئاو>

ب- <دوو پەرداخ ئاو> بەکارهێنانی (مادەکە لە لایەن مرۆڤەوە بەو ڕادانە)

بەکارهێنانی (مادەکە لە لایەن مرۆڤەوە بەو ڕادانە)

پ- < دوو سوراحی ئاو>

ت- < دوو تەنکەر ئاو>

## ٤/١/٢/٢) ناو+ کردار:

لێکۆڵینەوەکە لێرەدا تەنها پێکەوەهاتنی (بکەر+ کردار) لە ڕستەدا دەخاتەڕوو، باسی پێکەوەهاتنی (بەرکار+ کردار) ناکات، چونکە پێیوایە کۆتوبەندەکان لە ڕستەدا لەسەر (ناو+ کردار) زیاترە ((ناوەکانیش کاتێک لە ڕستەدا دەوری بکەر دەبینن، ئەو کردارانەی کە بەدوایاندادێن پێویستە لەناو ئەو کۆمەڵەدا واتایەکی دروستیان هەبێت)) (Dell , 2005 , 12). ((هەروەها ئەم جۆرە کۆمەڵە وشانە کە لە شێوەی ڕستەدان کردارەکانیان لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕن، بە بەراورد لەگەڵ کرداری تێپەڕ ژمارەیان کەمترە)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٥٠). بڕوانە (١٩٢):

١٩٢أ- < باران باری>.

ب ـ < خۆڵ باری>

پ ـ < بەفر باری>

ت ـ <تەزرە باری>

ج ـ <؟ئاو باری>

چ ـ >؟سەهۆڵ باری<

ح ـ >؟تەپوتۆز باری<

لە نموونەکانی (١٩٢) دەبینین (بارین) بۆ ئەو مادانە بەکاردێت کە لە ئاسمانەوە دێنەخوارێ و لە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، بەڵام دەکرێت بپرسین >؟ئاوبارین<، >؟سەهۆڵبارین<، >؟تەپوتۆزبارین< بۆ واتاناڕاستن؟ لێکۆڵینەوەکە پێیوایە هۆکاری سەرەکیی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئەو زمانەیە بۆ دیاردە لێکنزیکەکان ناوی جیاواز دەخاتە بەردەم ئاخێوەرانی. بڕوانە (١٩٣):

١٩٣/أ ـ بەفر ـــــ (+سپیی، +سارد، +پێکهاتە لە ئاو، +نەرم، +سروشتیی)

ب ـ تەرزە ـــــ (+سپیی، +سارد، +پێکهاتە لە ئاو، −نەرم، +سروشتیی)

پ ـ سەهۆڵ ـــــ (+سپیی، +سارد، +پێکهاتە لە ئاو، −نەرم، −سروشتیی)

لە نموونەکانی (١٩٣) دەبینین تەنها ئەو نیشانە واتاییەی وادەکات پێکەوەهاتنەکە دروستبێت (+سروشتییبوون)ە، چونکە (بارین = −ژێردەسەڵاتی مرۆڤ) بۆیە هەرچەندە زۆربەی نیشانە واتاییەکانی (بەفر و سەهۆڵ) وەکو یەکبن، ناتوانن لە جێنشینی یەکدا دابنرێن. ئەگەرچی یەکێک لە نیشانە واتاییەکانی (بەفر و تەزرە) لە یەکتر جیاوازن، بەڵام ئەم نیشانە واتاییە ڕێگر نییە لە پێکەوەهاتنەکە. (بەفر = +نەرم) و (تەزرە = −نەرم)، چونکە /بارین/ پەیوەست نییە بە شێوە و پێکهاتەوە.

هەروها دەنگی گیانلەبەرانیش کاتێک دەخرێتە هاونشینی خاوەنەکانیان هەریەک بەپێی ئەو دەنگەی بۆی دانراوە بەدواییەکدادێن. بڕوانە (١٩٤):

١٩٤/أ ـ بۆقەکە قیڕاندی.

ب ـ قازەکە قیڕاندی.

پ ـ کەوەکە دەقاسپێنێت. گۆرانیبێژەکە دەقاسپێنێت. ← + میتافۆڕ

ت ـ بولبولەکە دەچریکێنێت. هونەرمەندەکە دەچریکێنێت. ← + میتافۆڕ

ج ـ مریشکەکە دەگارێنێت.

چ ـ کەڵەشێرەکە دەقوقێنێت.

ناوی دەنگەکانی گیانلەبەران جگە لە (قاز، بۆق) هەریەک ناوێکی تایبەتی بۆ دانراوە لە فەرهەنگدا، لەگەڵ ناوی خاوەنەکەی دێت، هیچ دەنگێک ناتوانرێت لەگەڵ ناوێکی تردا بێت، مەگەر بە مەبەستی میتافۆڕ، وەکو لە نموونەی (١٩٤) ڕونمانکردەوە.

هەروەها ئاین و کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێکەوەهاتنەکان هەیە. بڕوانە (١٩٥):

١٩٥ـ بەرازەکە تۆپی. ـــــ (+گیاندار، +گیاخۆر، −پاک لە دینی ئیسلام، +گڵاو)

ـ مەڕەکە مرداربووەوە. ـــ (+گیاندار، +گیاخۆر، +پاک لە دینی ئیسلام، −گڵاو)

لە نموونەکانی (١٩٥) دەبینین ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئاین پێکەوەهاتنەکان کۆوبەنددەکات، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵ دەبێت و کاریگەرییەکە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو فەرهەنگ، وادەکات بۆ هەموو دیاردە نیمچە_جیاوازەکان جێگەی خۆی هەبێت لە فەرهەنگدا، بۆیە لە فەرهەنگی کۆمەڵانی سەر بە دینی ئیسلام: (بەراز = +گڵاو) و (مەڕ = −گڵاو)، بۆیە بۆ مردنەکەشیان هەریەک کردارێکی جیاوازی هەیە.

## بەشی سێهەم

## پاری یەکەم

### ١/٣) بەزاندنی کۆتۆبەندی سێمانتیکیی لە زمانی شیعردا

لە بەشی سێهەمدا ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی دەزانێت ، پێش ئەوەی باسی بەزاندنی کۆتوبەندی سێمانتیکیی لە زمانی شیعردا بکات، تیشک بخاتەسەر بەزاندنی کۆتوبەندی سێمانتیکیی و هەروەها ئاماژەدان بەو لایەنانەی کە شکاندنی کۆتۆبەندەکانیان بۆ ئاساییە و ڕێگەپێدراوە و ئەنجامیدەدەن، چونکە بەزاندنی کۆتوبەندەکان تەنها لە زمانی شیعردا بوونی نییە، وەکو لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد کە (منداڵان لە سەرەتای زمانپژان هەتا زمانپاکبوونەوە، وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەقەکاندا، فێرخواز لە وەرگرتنی زمانی دووەم و سێهەم و... هتد، قسەکەر لە بەرهەمهێنانی میتافۆڕدا، شاعیران لە هۆنینەوەی شعرەکانیاندا)، ئەمانە ئەو لایەنانە بوون کە دەتوانن و ڕێگایانپێدراوە کە کۆتۆبەندەکان بشکێنن، دەکرێت لە داهاتوودا لایەنی دیکەیش هەبێت بتوانێت بێتە ڕیزی ئەم پێنج لایەنانەوە، لێکۆڵینەوەکە پێش ئەوەی باسی شکاندنی کۆتۆبەندەکان بکات لە زمانی شیعردا باسی کۆتشکاندنەکان لەلای لایەنەکانی دیکە دەکات، بەدەر لە میتافۆڕ، چونکە لە پێشووتردا ئاماژەمان بە لایەنی میتافۆڕ کردووە .

### ١/١/٣) زمانپژانی منداڵ

منداڵ هەر لە سەرەتای هاتنەدنیاوە هەوڵی دەربڕینی ئەو شتانە دەدات، کە لە ناخیدان، جا بە گریان بێت یان بە شێوازێکی دیکە، بەردەوام لە هەوڵی فێربوونی زمانی دەوروبەرەکەیەتی، بەپێی تێپەڕبوونی تەمەنی وردە وردە هەوڵدەدات وشەگەلێک بخاتەناو فەرهەنگییەوە و بەشێکی فەرهەنگەکەی پڕبکاتەوە، چونکە توانای وەرگرتنی زمان لەلای منداڵ بەندە بە گەشەکردنی مێشکی منداڵەکەوە و دروستی مێشکی منداڵەکە ئەویش پەیوەستە بە تێپەڕبوونی کات و تێکەڵاوبوون و قسەکردن لەگەڵ دەوروبەر و چەندیین هۆکاری دیکە .بڕوانە ( ١٩٦)

١٩٦- مەڕ

مانگا      بەعە

گوێدرێژ

بۆیە سەرەتا منداڵ هەوڵدەدات ئەو کەرەستە زمانییانە وەربگرێت کە بنەڕەتیین، واتا منداڵ لە گشتەوە دەچێت بۆ تایبەت) (مەعروف، ٢٠٢٠، ٩٩). لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە منداڵ هەوڵدەدات کە چەندیین وشە و ڕستە بە کەمترین دەربڕاو یان بە تەنها وشەیەک دەربڕێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی وشەگەلێک لە گەنجینەی وشەیدا، چونکە منداڵ ناتوانێت لە تەمەنێکی کەمدا فەرهەنگە ئاوەزییەکەی تەواو گەشەپێبدات، ناچار سەرجەم ئەو کەرەستانەی کە چەند ناوێکیان هەیە ناوێکی گشتیی بۆ بەکاردەهێنێت، وەکو چۆن بۆ سەرجەم ئاژەڵەکان (بەعە) و بۆ سەرجەم ئەو کەرەستانەی کە مرۆڤ لێیدەخورێت (دیدە) بەکاردەهێنێت، بڕوانە (١٩٧)

١٩٧- ئۆتۆمبێل ( بچووک ، گەورە ، بارهەڵگر)

- مـــاتۆڕسکیل      (دیدە)

- ئۆتۆمبێلی منداڵان

منداڵ لە تەمەنی زمانپژان هەتا قۆناغی باخچە و قوتابخانەیش ناتوانێت بە تەواویی خۆی لەم بابەتە لابدات. هەروەها جگە لە شکاندنی کۆتوبەندە واتاییەکان تەنانەت ناتوانێت کەتیگۆرییەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیانیشدا دابنێن، وەکو چۆن هاوکێشەی دروستبوونی ڕستە تێکدەشکێنێت، کە لە هەر زمانێکدا شێوازی جیاوازی هەیە، ئەرکەکانی وەکو بکەر، کردار، تەواوکەر، هەروەها جێناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان بەدەر لە شوێنی خۆیان دابنێت ، هەوڵدەدات بە کەمترین دەربڕین ئەوەی

دەیەوێت دەریببرێت، وەکو قۆناغەکانی ئاستی دوو وشەیی، دواتر لە قۆناغەکانی دیکەدا هەوڵی ڕاستکردنەوە دەدات، ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانیەوەیەتی( بۆیە منداڵ لەگەڵ وشە کۆنەکاندا بەدوای وشەی نوێدا دەگەڕێت ، بەسوود وەرگرتن لە وشە کۆنەکان دەتوانن وشەو دەستەواژەی نوێ دابڕێژن ، ڕستەی تەواو و بێ کەموکورتی دەرببڕن) ( کەریم ، ٢٠٢٢ ،٣٢). هەروەها منداڵ لە دەربڕینی کۆمەڵەوشەکانیشدا ناتوانێت لەتەمەنێکی کەمدا بەدروستی دەریانببڕێت ( چونکە درککردنی منداڵ بە کۆمەڵەوشە جیاوازەکان و پێکەوەهاتنەکان ، پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە.چونکە نەک هەر ئەم پرۆسەیە، بەڵکوگەشەی بابەتی بەشێوەیەکی گشتیی پرۆسەیەکی هێواشە . کۆمەڵەوشەکان کاتیان دەوێت ، تا منداڵ پێکەوە بیان بەستێتەوە و فێریان ببێت.) ( ئەحمەد ، ٢٠١٢ ، ٢٣٠) ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەزاندنی کۆتوبەندەکانی کۆمەلەوشەیە لای منداڵ ، کە ناتوانێت هێڵێک لە نێوانیاندا دابنێت بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵەوشەکان لەیەکتر ، بۆیە لە بری بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵەوشەکانی لێدەکەوێتەوە بڕوانە (١٩٨ ، ١٩٩ )

١٩٨ـ دیدەکە شکا.

١٩٩ـ ؟ تۆپەکە شکا . لەجیاتی ( تەقین ، دڕان ، کونبوون )

بۆیە بەتێپەڕبوونی کات و گەورەبوونی تەمەن منداڵ درک بەم بەزاندنانە دەکات و هەوڵی ڕاستکردنەوە بەزاندنەکان دەدات . بڕوانە هێڵکاری ( ٧ ) کاریگەری تەمەن لە ڕاستکردنەوەی بەزاندنی کۆتوبەندەکان.

بڕوانە هیڵکاریی (٧):

کۆتشکاندنی واتایی و سینتاکسییەکان لەلایەن منداڵەوە

هێڵکاریی (٧) ( تێپەڕبوونی تەمەن پەیوەست بە شکاندنی کۆتوبەندەکان لای منداڵ)

(سەرەتای زمانپژان) ← بۆ هەموو لێخوڕێک (دیدە) و قسەکردن لەبارەی لێخوڕەوە (مەتتەب) لەبریی (مەکتەب)

(+گەورەبوون تێپەڕبوونی تەمەن) ← دانەنانی کەرەستەکان لە جێگەی خۆیاندا (ڕۆی دیدەکە)

(++ گەورەبوون تێپەڕبوونی تەمەن) ← (ڕاستکردنەوە و جیاکردنەوەی کەرەستە و هەڵە زمان سینتاکسییەکان) ← (سەیارەکە ڕۆیشت).


کەواتە منداڵ لە سەرەتای فێربوونی زماندا ناتوانێت سەرجەم کەرەستە تایبەتییەکان لێکجیابکاتەوە و لە شوێنی دروستی خۆیاندا دایانبنێت، چونکە هێشتا نیشانەواتاییەکانی کەرەستە زمانییەکان لە مێشکی منداڵ بە تەواویی نەچەسپیون، بۆیە جێگۆڕکێ و لەبرییدانان و هەڵەی زمانەوانیی و تێکشکاندنی کۆتوبەندی فۆنەتیکیی وەکو (جێگۆڕکێ و قرتاندن و زیادکردنی دەنگ)، تێکشاندنی کۆتوبەندی یاسا سینتاکسییەکان وەکو قرتاندن و بەهەڵە لەشوێندانانی کەتیگۆرییەکان، جێگۆڕکێی و لادان و قرتاندنی وەکو: بکەر، کردار، تەواوکەر، هەموو ئەم شکاندنی کۆتوبەندانە لەلایەن منداڵەوە بە ئارەزوو نییە، بەڵکو لە ناچاریی و نائاگاییەوەیە، ئەویش بەهۆی ژمارەیەکی دیاریکراوی وشە لە فەرهەنگیدا و نەشکانەوەی دەسەڵاتی منداڵە بەسەر وشە و دەربڕڕاوەکاندا، بڕوانە (٢٠٠،٢٠١):

٢٠٠ـ ؟سەگەکە مرد. ـــــــ زمانی منداڵ

٢٠١ـ سەگەکە تۆپی . ـــــــ زمانی پێگەیشتوو.

منداڵ لێرەدا ئاگایی ئەوەی نییە کە ڕوداوێکی وەکو (گیاندەرچوون) لە نیوان مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت لە نێوان ئاژەڵانیش پیسیی و پاکیی بەپێی ئاین و کولتوور دەگۆڕێت و فۆرمێکی جیاوازتری هەیە،(تەنها هەست بە ڕوودانی ئەو حاڵەتە دەکات کە بەسەر ئاژەڵەکەدا هاتووە ، کە ئیتر ناتوانێت دووبارە بژێتەوە ، بۆیە بە /مرد/ گوزارشتی لێدەکات. ) ( ئەحمەد ، ٢٢٥ ، ٢٠١٢) ئەوەی لە دواتردا بۆی ڕاستدەکاتەوە بەرەوپێشچوونی تەمەنی و تێکەڵاوبوونە، وەکو لە هێڵکاریی (٧) ڕونکراوەتەوە، کە چۆن تەمەن کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی منداڵ هەیە. (بۆیە منداڵ هەر لە سەرەتای زمانپژانیەوە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی گەنجی وشەی دەدات، وەکو کەرەستەیەکی بنەڕەتیی و پەیوەندییکردن و وەرگرتنی کۆزانیاریی) (حسەین، ٢٠٢١، ٣٠). بڕوانە هێڵکاریی (٨):

هێڵکاریی ( ٨ )( تێپەڕبوونی تەمەن و کاریگەری ژینگە لەسەر فەرهەنگی ئاوەزی منداڵ)




دەروونناسەکان و زماننناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ( فەرهەنگی ئاوەزی منداڵ ئەگەر ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی نەبێت ، گەشانەوەی خۆی بەدەستناهێنێت ، لێرەدا ئەو پرسیارەمان لا

دروستدەبێت ، ئایا گەشەی ئاوەز لەژێر کاریگەری ژینگەکەیدا دەتوانێت کەم و زۆربێت ؟ دەروناسەکان وەڵامی ئەرێنییان بۆ ئەم پرسیارە هەیە، وەک لەسەر ڕێژەی ئەم کاریگەرییە هاوڕابن. پێیانوایە ئاوەز ئەنجامی بۆماوە و ژینگەیە، مەبەست لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی) ( باتینی ، ٢٠١٥ ، ٩٩)

## ٢/١/٣ ) وەرگێڕان

وەرگێڕان ئەو هونەرەیە کە تیایدا مانای ڕستەیەک یان وشەیەکی زمانێک دەگوازرێتەوە بۆ زمانێکی تر ، کە هەڵگری هەمان پەیامن. وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە جگە لە زمان لایەنی نازمانییشی تێدەکەوێت، پێویستە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بە باشیی لە مەبەستی خاوەن دەق تیبگات، ئاشنای کولتووری دەقەکە بێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٥). بۆیە وەرگێڕان یەکێکە لەو بوارانەی وەرگێڕ هەندێک جار بە نائاگایی و نەبوونی شارەزایی تەواو ناتوانێت هەم لە ڕووی واتاوە هەم لە ڕووی جێبەجێکردنی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی بەرانبەرەوە ، وەرگێڕانیکی دروست ئەنجامبدات، بۆیە (نیومارک – Newmark ) دەڵێت: وەرگێڕان (شارەزایی و لێزانییە) هەوڵدانە بۆ لێکدانەوەی گواستنەوەی پەیامێک یان نوسراوێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر) (عەللاف، ٢٠٠٩، ١٨). ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باسبکرێت ئەوەیە شکاندنی کۆتوبەندە سیمانتیکیی و سینتاکسیی و فۆنەتیکیی و... هتد لە چییەوە سەرچاوەدەگرن؟ هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کۆتشکاندنانە چین؟ بێگومان هۆکارگەلێکی زۆر هەن، هەموو هۆکارەکانیش لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە، ئەویش بریتییە لە نەبوونی سەرجەم ئەو وشانەی زمانی بەرانبەر لە گەنجینەی وشەی وەرگێڕدا، جا هۆکارەکەی هەرچییەک بێت،هەروەها شارەزانەبوونی تەواوی وەرگێڕ لە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی بەرانبەر.

دەگوترێت: (وشە ئاوسە بە کولتوور و دابونەریت لە وەرگێڕاندا، ئەگەر وشە و ڕستەکان بە بیرۆکە و کولتوور و دابونەریت وەرنەگێڕدرێت واتاکەی نابەخشێت) (ناوخۆش، ٢٠١٦، ١٠٣). بۆیە پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە کولتوور و دابونەریت و ئاینی زمانی بەرانبەر هەبێت، چونکە هەندێک وشە هەن تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، نامۆن بە بە زمانێکی تر و هەڵگری واتای تایبەتن بە خودی

زمانەکە، بۆیە وەرگێڕ هەندێک جار لە وەرگێڕاندا دەکەوێتەناو بازنەی هەڵەوە، وەکو وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان، میتافۆڕ، پەندەکان، پراگماتیک و... هتد، چونکە هەندێک لەمانە ناتوانێت هەموو شێوازەکانی وەرگێڕانی بۆ بەکاربهێنیت، بۆئەوەی نەکەویتە داوی هەڵەوە پێویستە وەرگێڕ شارەزایی لە هەموو بوارەکانی زمانەکەدا هەبێت، بویە ئەوەی گرنگە لێرەدا بگوترێت شکاندنی سەرجەم کۆتوبەندەکان لەلایەن وەرگێڕەوە بە ئارەزوو نییە، بەڵکو لە نائاگاییەوەیە، تەنانەت هەندیک جار وەرگێڕ هەست بەم حاڵەتەیش ناکات، بۆیە بە کورتیی (وەرگێڕان بریتییە لە ئاشنابوون و ڕۆچوونی وەرگێڕ لە کولتوور و دابونەریتی ئەو نەتەوانەی کە کاری وەرگێڕانیان لەسەر دەکات . ) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، ١٠٠).

جگە لە شارەزابوون لەلایەنی کولتوور و دابونەریت پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە یاسا دەنگییەکانی ئەو زمانە هەبێت، وەکو یاساکانی (توانەوە، جێگۆڕکێ، زیادکردن، دەنگۆڕکێ، لابردن)، چونکە ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی لەم یاسایانە نەبێت بێگومان دەکەوێتە وێزەی شکاندنی کۆتوبەندەکان، ڕووبەڕووی چەندیین ئاستەنگیی دەبێتەوە. بۆیە (وەرگێڕ بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە نەبێتەوە پێویستە لایەنی کەم شارەزایی ڕێنووس و لایەنەکانی نوسین و ئاستی ئەمڕۆی وەرگێڕان بێت، شارەزایی و باڵادەستیی خۆی لەسەر هەردوو زمانە پیشانبدات) (غەفور، ٢٠٠٨، ٥٧). جگە لەمەیش کە پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە زمانەکە هەبێت، (پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لەو بوارەدا هەبێت کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەنجامدەدات، چونکە هەر زانستە و خاوەنی فەرهەنگ و وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە) (ئەمین، ١٩٨٣). بۆ نموونە زانستی پزیشکیی، زانستی کیمیا، زانستی بایلۆجیی و... هتد، خاوەنی فەرهەنگی خۆیانن، کەسانی ئاسایی ئەگەرچی شارەزای زمانەکەیش بن ناتوانن پەی بە واتای زاراوەکانیان بەرن، هەندێک جار ئەمە بۆ هاوزمانەکانیشیان هەر ڕاست و دروستە.( بۆیە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکاندا وەکو کۆمەڵەوشە هەندێکجار ڕووبەڕووی شکاندنی کۆتوبەندەکان دەبێتەوە ، زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەدا قورس نییە ، بەمەرجێک وەرگێڕ خۆیی ئامادە و ماندووبکات ، ئەگەر نەتوانرا کۆمەڵەوشەیەکی

پڕاوپڕی زمانی لێوەرگێڕدراو بدۆزیتەوە ، ئەوا دەبێت ڕوونکردنەوەی واتاکەی لە شێوەی فرێزێک یان ڕستەیەکدا بخرێتەڕوو.) ( ئەحمەد، ٢٠١٢ ، ٢٥٠) بڕوانە ( ٢٠٢ )

٢٠٢ – جزاك الله خيرا . ← ( خوای گەورە پاداشتی چاکەتان بداتەوت)

لە نموونەی ( ٢٠٢ ) بۆمان دەردەکەوێت وەرگێڕان مەرج نییە تەنها زانینی واتای وشەکانی زمانی بەرامبەر بێت ، بەڵکو شارەزایی و ڕۆچوونە لە زۆربەی لایەنەکانی دیکەی پەیوەست بە زمانەکە ، بۆیە (جزاك ) = ( بە هیوای پاداشتدانەوە ، پاداشتدانەوە = تووشبوون بەخێر ) دێت بەڵام لەگەڵ هاتنی وەکو کۆمەڵەوشە (جزاك الله خيرا) دەبێتە ( پاداشتی بەخێر) ، لەکاتێکدا هەردووکیان هەمان واتایان هەیە.

## ٣/١/٣) فێربوونی زمانی دووەم

مرۆڤ هەر لە سەرەتای زمانپژانیەوە هەوڵدەدات فێری زمانی دایک ببێت، بەبێ ئەوەی بزانێت و هەست بە یاسا ڕێزمانییەکانی خودی زمانەکەی خۆی بکات، دواتر وردە وردە بە ئاگاییەوە یاسا ڕێزمانییەکان لە قسەکردن و نوسیندا بەکاردەهێنێت، لە فەرهەنگی تاکدا بە تەواویی دەچەسپێت، ئەویش بەهۆی بەردەوامیی قسەکردن و گوێگرتنەوە جێگردەبن، بە ئاسانیی کەرەستە زمانییەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا دادەنێت، بۆیە کاتێک فێرخواز دەیەوێت بەدەر لە زمانی دایک فێری زمانی دیکە ببێت هەر لەسەر هەمان یاسا و ڕێسای زمانی دایک کەرەستەکانی زمانی بێگانە بەکاردێن بێئاگا لەوەی زۆربەی زمانەکانی دنیا خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیانن بۆ ڕیزکردنێکی ئاسۆیی دروست. /Johannsen / ( پێیوایە جیاوازی لە نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و دووەمدا هەیە ، چونکە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ، ڕووبەڕووی دوو پێڕەوی جیاواز دەبێتەوە ، کێشەی سەرەکی فێرخواز ئەوەیە چۆن چارەسەری ئەو دوو پێڕەوە بکات ، واتا ئەوکەسەی هەوڵی فێربوونی زمانی دووەم دەدات ، پێڕەوی زمانی یەکەم لە مێشکیدا هەڵگیراوە.) ( Shker،2006، 45)

بۆیە نەگەڕانەوە بۆ یاسا سینتاکسییەکانی زمانی بێگانە وا لە فێرخواز دەکات بکەوێتە شکاندنی کۆتوبەندە سینتاکسییەکان، بێگومان ئەمەیش دوبارە دەروازەیەک بۆ شکاندنی کۆتوبەندی

سیمانتیکیی دەکاتەوە، چونکە دانانی کەرەستەکان لە شوێنی هەڵە کۆتشکاندنی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆیە فێرخوازی زمانی دوهەم و سێهەم و... هتد، پێویستە شارەزایی تەواوی لە یاسا ڕێزمانییەکان هەبێت. بڕوانە: (٢٠٣، ٢٠٤)

٢٠٣ـ ئازاد هات. S +V

٢٠٤ـ جاء ازاد. V + S

لە زمانی عەرەبییدا هەندێک جار (بەرکاری ڕاستەوخۆ) دەچێتە پێش (بکەر)ەوە بەهۆی گرنگییپێدانەوە ڕێگای پێدەدرێت. بڕوانە: (٢٠٥)

٢٠٥ اِنۡ يَّمۡسَسۡكُمۡ قَرۡحٌ فَقَدۡ مَسَّ الۡقَوۡمَ قَرۡحٌ مِّثۡلُهٗ‌ؕ (ال عمران ،١٤٠)

لە نموونەی (٢٠٥) دەبینین بەرکاری (الۡقَوۡمَ) پێش بکەر (قَرۡحٌ) کەوتووە (خۆشناو، ٢٠٠٧، ٧).

بۆیە یاسا سینتاکسییەکان لە فێربوونی زمانی دووەم و سێهەم و... هتد، ڕۆڵی کارادەبینن، (چونکە پێکهاتەی ڕستە بەپێی یاسا سینتاکسییەکان و جۆری ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە) (عەللاف، ٢٠٠٩، ٥٠). لێرەدا ئەوەی کە گرنگە تیشکیبخرێتەسەر فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و... هتد هەتا ڕادەیەک هۆکاری شکاندنی کۆتوبەندەکانیان لێکدەچن، چونکە فێرخوازیش کە دەیەوێت فێری زمانی دیکە ببێت پێویستە شارەزای کولتوور و دابونەریت و ئاین سەرجەم لایەنەکانی ئەو زمانە بێت، کە دەیەوێت فێرببێت، چونکە وشەکانی هەر زمانێک ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنانەیە، فێربوونی زمانێکی دیکە کە ئاینەکەی جیاوازە لەگەڵ ئاینی فێرخواز گونجاو نییە هەمان ئەو دەستەواژانەی کە قسەکەری زمانەکە بەکاریدەهێنن بۆ زمانی بەرانبەریش هەر ئەو دەستەواژانە بەکاربهێنن، چونکە هەندێک دەستەواژە و وشە هەیە لە زمانێکدا زۆر بڵاوە ڕەنگە لە زمانێکی دیکە کەم بێت، یان هەر بوونی نەبێت. بڕوانە: (٢٠٦، ٢٠٧)

٢٠٦ـ کرداری گیانلەدەستدان بۆ ئاژەڵەکان ، جیاوازەو پەیوەستە بە کلتووری ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە.

- (مرداربووەوە) ــــ (مریشکەکە، کۆترەکە، بەرخەکە، مرداربووەوە) ـــــ (+ پاک ، +شیاو بۆ خواردن)

٢٠٧ـ ئەو گیاندارانەی کە لە دینی ئیسلام ناخورێن

(تۆپین) ـ (بەراز، سەگ، پشیلە، قەلەڕەش) ـــــ (- پاک ،- شیاو بۆ خواردن)

## پاری دووەم

### ١/٢/٣) زمانی شیعر

زمانی شیعر دەربڕی ئەو هەستەیە کە لە ناخی شاعیردا هەیە، ڕەنگە هەندێک جار هەست و سۆزێک هەبێت نەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە دەرببڕێت، بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت بیگەیەنێت هەرە زۆری لە ڕێگەی زمانەوەیە، شاعیریش لەبەرئەوەی شیعرەکانی بریتییە لە دەربڕینی هەست و سۆز هەوڵدەدات زمانی دەربڕینی بە شێوەیەک بێت، کە پەیامەکەی بە جوانترین شێوە بگاتە لای خوێنەر و گوێگر، بەرگێکی جوان بکات بە بەری ئەو پەیامەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت، بۆیە پێویستە زمانی شیعر پڕبێت لە داهێنان و جوانکاریی و چێژبەخشین و دووربێت لە دوبارە و دەربڕاوی سواو و دوورکەوتنەوە لە قسەی ڕۆژانە، پێویستە شاعیر بەرهەمە شعرییەکانی بە زمانێکی باڵا و پڕ لە تازەگەریی بنوسێت، چونکە خودی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە پێویستە زمانی شیعریش لە خاڵێکدا چەقنەبەستێت، لەگەڵ هەنگاوەکانی گۆڕانکاریی زماندا هاوشان بڕوات، بۆئەوەی شاعیر بەردەوام بەرگێکی نوێ بکاتەبەر بەرهەمە شیعرییەکانی، بۆیە زمانی شیعر دەچێتە خانەی زمانی باڵاوە (مێتازمان) کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵک، هەرچەندە زمانی شیعر بە بەشێک لە پێشکەوتنی زمانی ئاسایی دادەنرێت.

دیارترین لایەنەکانی زمانی شیعریی لەوەدایە (شاعیر بە ئارەزوو هەندێک ڕستە و دەستەواژەی ناو دەقەکەی هەڵدەبژێرێت لە ڕووی سەرسوڕمان و پرسیارکردن و ئەرێ و نەرێ و ڕستەی واتادار و

جۆرەکانی ڕستە، هەروەها شاعیر سوود لە هەندێک لایەنی دەنگسازیی وەکو هێز و بڕگە وەردەگرێت، جگە لە سوودبینین لە لایەنەکانی وشەسازیی و بۆ بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بە دەقە شیعرییەکەی) (گەرمیانی، Dengekan.info.۲۰۱۳.) شاعیر بەهۆی زمانە شیعرییەکەیەوە کە بارگاوییە بە هەست و سۆز دەتوانێت خوێنەر و گوێگر بخاتەناو ژیانی کۆمەڵەکەیەوە، یان بە پێچەوانەوە دووریبخاتەوە، بەپێی ئەو مەبەستەی کە شاعیر دەیەوێت، چونکە شاعیر کار لەسەر جوڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر و گوێگر دەکات، بە پێچەوانەی زمانی زاست کە دوورە لە جوڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر.

### ۲/۲/۳) جۆری شکاندنی کۆتوبەندەکان لە زمانی شیعردا.

دەکرێت بە پرسیارێک دەرگای بابەتەکەمان بکەینەوە، ئەویش بریتییە لەوەی ئایا شاعیر بۆچی پەنادەباتە بەر شکاندنی کۆتوبەندەکان؟ هۆکارە سەرەکییەکانی شکاندنی زۆرینەی کۆتوبەندەکان لەلای شاعیر لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

شاعیران لە دەربڕینی شیعرەکانیاندا وەکو وشە هەمان ئەو وشانە بەکاردەهێنن کە ڕۆژانە لەسەر زاری ئاخێوەرانی زمانەکەوە دەبیسترێت، بەڵام دانانی وشەکان و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی جیاوازترە وەک لە کەسانی ئاسایی، (چونکە شاعیران وشە و دەربڕاوەکانیان تەنها بۆ مەبەستی تێگەیشت بەکارناهێنن، بەڵکو زیاتر بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانیشە) (فضـل، ١٩٩٨، ١٦٦)

لێرەوە هۆکارێکی سەرەکیی کۆتشکاندنەکانمان لەلای شاعیران لە بەرهەمە شعرییەکانیاندا بۆ دەردەکەوێت، ئەویش هەوڵدانی شاعیرە بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و گوێگر کە پایەیەکی هەرە گرنگی نوسینی شیعرە، لەبەرئەوە شاعیر ناتوانێت بەبێ شکاندنی کۆتوبەندەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە وێنەیەکی خەیاڵیی جیاواز و کاریگەر دروستبکات، ئەگەر دوورنەکەوێتەوە لە قسەی باوی ڕۆژانەی خەڵکی، بۆیە شاعیر ئەوەی کە لە ناخیدا هەیە و دەیەوێت بەرجەستەیبکات ناتوانێت بە ڕیزکردنێکی ئاسایی و دانانی وشە لە شوێنی خۆیاندا بهێنێتەئاراوە، بۆیە (جان کوکتو) لەم

بارەیەوە دەڵێت: (شاعیری باش پەردە لەسەر هەموو واتایەکی وشە هەڵدەداتەوە، ئەو شتە سەرنجڕاکێشانەمان بۆ دەدۆزێتەوە و لێمانئاگاداردەکاتەوە کە هەستەکانمان بە وردیی سەرنجی لێدەدەن، لەچاو شتە باو و ئاساییەکان، ئەو کاتە بەو نوێگەریی و تازەییەی سەرنجمان ڕادەکێشێت) (سەرچاوەی پێشوو، ٥٨).

بۆیە ئەگەر شاعیر کۆتەکان نەشکێنێت ، ئەوا شیعرەکانی وەک قسەی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵک دەبێت. ناتوانێت وێنەیەکی خەیاڵیی جوان بەرهەمبهێنێت، بۆیە شاعیر ناچارە بکەوێتەی وێزەی شکاندنی ئەو کۆتوبەندانەی کە ڕێگرییان لێدەکەن بۆئەوەی شاعیر ئامانجە سەرەکییەکەی بپێکێت، بۆیە شاعیر هەوڵدەدات ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە هۆکارە بۆ ڕێگرییکردن لە بەرهەمێکی ئاسایی، ئەویش بەهۆی بێتوانایی زمانی ئاسایی لە گەیاندنی پەیام و دەربڕینی هەستی مرۆڤ، کاڵبوونەوەی توانای وشەکان لە ڕیزکردنێکی ئاساییدا. (کەواتە مەبەست لە شکاندنی کۆتوبەندە ڕێزمانیی و یاساکانی واتاسازیی بۆ پەیوەندیی نوێ و واتای نوێی نێوان وشەکان و دەرچوونە لە شێوازی ئاسایی زمان و دروستکرنی زمانی شیعریی زیندووە، کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، کاریتێبکات، بە شێوەیەک ئارەزووی خوێندنەوە و گوێگرتنی هەبێت. هەروەها دووڕکەوتنەوە لە هەندێک لەشتە باو و ئاشناکانی دەوروبەرمان بە جۆرێک لێنامۆدەکات و پاشان جارێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە پێمان ئاشنادەکاتەوە، کە وا هەستدەکەین یەکەم جارە دەیبنین و دەیبیستین ) (سەعید، ٢٠١٣، ٢٠٧).

بۆیە ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە شاعیر ئەگەر نەکەوێتە شکاندنی کۆتوبەندەکان لە هۆنینەوەی بەرهەمە شعرییەکانیدا، بێگومان لە بەرهەمێکی ناکامڵ و ئاستنزم و سواو هیچی دیکە نییە، بۆیە شاعیر ئەگەر بیەوێت بەرهەمەکانی لە ئاستێکی باڵادا خۆی ببینێتەوە پێویستە ئەم کارە ئەنجامبدات، شاعیر پێویستە توانایەکی جیاوازی لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا هەبێت، ئەوەی شاعیر لە کەسی ئاسایی جیادەکاتەوە چۆنیەتیی هۆنینەوەی بەرهەمەکانە و شکاندنی کۆتوبەندەکان، ئەگەر شیعر بەدەربێت لەم بنەمایە ئەوە خاڵی لاوازی شیعر و شاعیرە.

پێویستە ئاماژە بەوەیش بکرێت مەرج نییە هەموو کۆتشکاندێک بەرهەمەکەی بریتیبێت لە داهێنان و ئیستاتیکا، چونکە بێگومان پێویستە هەموو کۆتشکاندنەکان لە سنوورێکی دیاریکراودا بن، نەک هەڕەمەکیی سنوورەکان تێکبشکێنن. (کەواتە پێویستە شاعیر لە شکاندنی کۆتوبەندەکان وێنەیەکی وامان پێشکەشبکات کە پڕبێت لە تازەگەریی و چێژبەخشین چاوانمان نەیانبینیبێت، ئاوازێکی هێندە خۆشمان بۆ بژەنێت گوێیەکانمان نەیانبیستبێت، بۆنێکی وامان بە ڕوودا بپرژێنێت کە هەرگیز بۆنمان نەکردبێت، چێژێکی وامان پێبەخشێت کە بمانگەیەنێتە لوتکەی مەستبوون، شیعر بەبێ تێکەڵکردنی جوانیی هەرچییەک بێت شیعر نییە، بۆیە پێویستە شیعر ئیستاتیکایەکی وای تێدابێت کە هەردەم بە نەمریی بمێنێتەوە (مستەفا، ٢٠٢١، ١٢٢). لێرە بەدواوە شکاندنی زمانی بەپێی ئاستەکانی زمانی نیشاندەدەین.

### ١/٢/٢/٣) شکاندنی کۆتوبەندە سینتاکسییەکان

یاسا سینتاکسییەکانی هەر زمانێک شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، چۆنیەتیی ڕیزبوونی کەتیگۆرییە جیاوازەکان بەگوێرەی ئەو یاسایانە دەخرێنە ناو قاڵبی ڕستەکانەوە، هەر کاتێک ئەم یاسا و ڕێسایانە لە دەربڕینەکاندا دابماڵرێت ئەوە شریتێکی دەنگیی پڕ لە کەموکووڕیی واتاییمان بۆ دروستدەبێت، ئەمە بۆ شاعیر پێچەوانەکەی ڕاستە، جوانیی، نەمریی، سەرنجڕاکێشیی، ئاستبەرزیی و... هتد بەرهەمەکەی لە بەزاندنی ئەم کۆتوبەندانەدا دێتەئاراوە. بە بڕوای (سجوودیش) (شاعیر ئەم ڕێگایانە دەگرێتەبەر لە بەرانبەر پاراستنی کیش) (کانەبی، ٢٠٠٩، ٤٧ ). بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا ڕیزبوونی کەرەستەکان بە شێوەی (V + O + S) (بکەر + بەرکار + کردار) ئەمە لە کاتێکدا کە کرداری ڕستەکەمان ( تێپەڕ) بێت، ئەگەر کرداری ڕستەکەمان (تێنەپەڕ) بێت ئەوە تەنها (V + S) دەبێت، ئەمە تەنها بۆ کەرەستە سەرەکییەکان، کەرەستە (لاوەکییەکان زۆریینەی جار دەتوانرێت جێگۆڕکێ و لادانی پێبکرێت. شاعیران لە هۆنینەوەی بەرهەمەکانیاندا زۆر خۆیان بەم هاوکێشەیەوە نابەستنەوە، بەڵکۆ خۆیان چۆن ئارەزووبکەن ، یاریی بە کەرەستەکان دەکەن بە

ئامانجی بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی باڵا و نەمر ئەویش خۆی لە (کرتاندن و پاش و پێشخستن و بەلوتکەکردن، تێکدانی بنیاتی ڕستە دەبینێتەوە) (سەعید، ٢٠١٣، ٢١٧). ئەم جۆرە کۆتشکاندنانەیش ڕوبەرێکی فراوان بە ڕووی شاعیراندا دەکاتەوە، ئازادییەکی زیاتر بۆ شاعیران فەراهەمدەکات، بۆئەوەی توانای داهێنانیان زیاتربێت، لە هەمان کاتدا خوێنەر سەرقاڵی وردبوونەوە و تێگەیشتن لە دەقەکە دەبێت، ڕاستەوخۆ لە بەرهەمەکە ناگات، بەدوای دیوە شاراوەکانی شیعرەکاندا دەگەڕێت، ئەمەیش چێژ و خۆشیی بە خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت. بڕوانە: (٢٠٨)

٢٠٨- چونکە هەژارم خاوەن تەلارنیم

بەندەی سەربەرزیم بەندەی دینارنیم

چونکە لەجیاتی دیاری یا سامان

پێشکەشم کردی دڵێک تا نەمان

بەڵێ تۆ بۆیە دڵپڕ لە قینی

لەچەقی ڕێگەش هەرگیز نامێنی.

(پەشێو ، ٢٠٠٨ ، ٢١)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەم و دوهەم و چوارهەم (جێناوە سەربەخۆ)کەی لابردووە، کە ئەرکی بکەرە، گواستویەتیەوە بۆ ناوەڕاستی ڕستەکە، لە نیوەدێڕی چوارهەمدا شوێنی کەرەستەکانی بە ئارەزوو گۆڕیوە، ئەویش بە مەبەستی ڕێکخستنی کێش و سەروایە، کە کردارەکەی هێناوەتە سەرەتای دێڕ، ئەگەر شاعیر لەم هۆنراوەیەدا کەرەستەکانی لە شوێنی خۆیدا بهێشتایەتەوە بەم شێوەیە دەبوو.

- من چونکە هەژارم خاوەن تەلارنیم

من بەندەی سەربەرزیم بەندەی دینارنیم

چونکە لەجیاتی دیاری یا سامان

من پێشکەشتم کرد دڵێک تانەمان

بەڵێ تۆ بۆیە دڵپڕ لە قینی

لە چەقی ڕێگاش هەرگیز نامێنی

(هەندێک جاریش شاعیر لە هۆنینەوەی شعرەکانیدا بە ئارەزوو ڕەگەزێک دەقرتێنێت، بەڵام لە بنەڕەتدا پێویستە ئەو ڕەگەزە بووی هەبێت) (کوهین، ١٩٨٦، ١٤٩). بۆ نموونە هەندێک جار شاعیر بە مەبەستی کورتبڕیی ڕەگەزێکی وەکو (بکەر) دەقرتێنێت، تەنها جێناوە لکاوەکە دەردەبڕێت. بڕوانە: (٢٠٩)

٢٠٩- لەوساوە بۆت درکاندووم

حەزت لە شەستە بارانە

چی وشەمە بوون بە هەور

لەوساوە تێت گەیاندووم

کە ڕقت لە زۆردارانە

چی وشەمە لەسەر ملی

زۆرداران بوون بەتەور ( لەتیف هەڵمەت، ٢٠٠٥،٨٩٢ )

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر لە نیوەدێڕی (یەکەم، دووەم، چوارەم ، پێنجەم) جێناوی سەربەخۆی (کەسی یەکهەم و دوهەمی تاک) دەرنەبڕیوە بە مەبەستی کورتبڕیی و بێزارنەبوونی خوێنەر و گوێگر، هێندە دوبارەبوونەوەی کەرەستە لێکچووەکانیش پێزی هۆنراوەکە کەمدەکاتەوە.

له نیوەدێڕی (سێهەم و شەشەمدا) شاعیر ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی کەرەستەکانی دابنایە بەم جۆرە ڕیزدەبن.

نیوەدێڕی (سێیەم) (چی وشەی من هەن بوون بە هەور)

نیوەدێڕی (شەشەم) (چی وشەی من هەن لەسەر ملی)

شاعیر لەم دوو نیوەدێڕەدا کەرەستەکانی (من، هەیە) تەنها بە (مــە) دەربڕیوە. کۆتشکاندنە سینتاکسییەکان هەر لەم جۆرەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو چەندیین شێوازی تری هەیە، وەکو (جێگۆڕکێی ڕەگەزەکانی وەکو بکەر و بەرکار و لادانی بکەر و بەرکار و کردار و ئاوەڵکردار و ئامرازەکان و جێناوەکان، بەلوتکەکردن و چەندیین جۆری بەزاندنی تر، کە بۆ شاعیر ڕێگەپێدراوە، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بە نموونە زۆرییینەی شێوازەکانی بخاتەڕوو، کە لە چوارچێوەی کۆتشکاندنی سینتاکسییدا خۆی دەبینێتەوە. بڕوانە: (٢١٠)

٢١٠ ـ لەم جیهانە

هەرکەس لە شتێک تۆقیوە

کوندەپەپو لە ئاوەدانی

دز لە سەگ و کۆکەی بێدار

کەر لە هەوراز

دیوار لەسنگ

دار لە بزمار

کەڵەکێوی لە خڕەی بەردو لە خشپەی ودار (پەشێو، ٢٠٠٨، ٧٥).

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر بە تەنها لە نیوەدێڕی دوهەمدا (کردار)ەکەی دەربڕیوە، لە هەموو نیوەدێڕەکانی دیکەدا کردارەکەی دوبارەنەکردووەتەوە، کە دەبوو کرداری (تۆقیوە) لەدوای هەموو نیوەدێڕەکان بهاتایە جگە لە یەکەم، شاعیر لێرەدا سیستەمە بنەڕەتییەکەی تێکشکاندووە، ئەویش بە مەبەستی (ئیستاتیکا و ئابووریيکردن و دوبارەنەکردنەوەی کردارەکە لەلای خوێنەر، کە بێگومان چێژی هۆنراوەکە زۆر کەمدەکاتەوە و جوانییەکەی لەدەستدەدات، با وادابنێین کردارەکە ئەگەر دوبارەببوایەتەوە:

ـ لەم جیهانەدا

هەرکەس لە شتێک تۆقیوە

کوندەپەپوو لەئاوەدانی تۆقیوە

دز لە سەگ و کۆکەی بێدار تۆقیوە

کەر لە هەوراز تۆقیوە

دیوار لە سنگ تۆقیوە

دار لە بزمار تۆقیوە

گریمان هۆنراوەکە بەو شێوەیە بوو، ئایا ئێمە دەپرسین هۆنراوەیەکی لەو شێوەیە کە کردارەکە چەندیین جار دوبارەبووەتەوە هیچ سەرنجڕاکێشان و چێژ و جوانییەکی تێدایە؟ ئایا هۆنراوەیەکی لەو شێوەیە خوێنەر دەباتە قووڵایی خوێندنەوەوە، یان لێیدووردەکەوێتەوە؟ ئایا دوبارەکردنەوەی وشەکان کە دەبێتە هۆی نەمان و تێکدانی کێش و سەروا، هیچ جوانکارییەک بە هۆنراوەکە دەبەخشێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: دوبارەکردنەوەی وشەگەلێکی وا جگە لە (دوورخستنەوەی خوێنەر، نەهێشتنی چێژ، نەمانەوەی هۆنراوەکە بە نەمریی، نەهێشتنی ئیستاتیکا و... هتد) هیچ لایەنێکی ئەرێنیی تێدا نییە، ئەمەیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی شاعیر پەنابباتەبەر یارییکردن و لادان و دوبارەکردنەوە و

هێنانەپێشەوەی کەرەستەکان و کۆتەکانیان تێکبشکێنێت، بۆئەوەی بەرهەمەکانی دووربێت لە قسەی باوی ڕۆژانە و دووبارەبوونەوە.

هەندێک جار شاعیر جگە لە کردار و بکەرەکە بەرکارەکە گۆناکات. بروانە: (٢١١)

٢١١ـ دادەبەزمە دۆڵێکەوە

پڕی دەکەم لە گوڵی دەنگ

دادەبەزمە چەمێکەوە

پڕی دەکەم لە ماسی ڕەنگ (لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٣، ٢٦).

شاعیر لە نیوەدێڕی دوهەم و چوارهەمدا (بەرکار)ەکەی گۆنەکردووە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە:

دادەبەزمە دۆڵێکەوە

دۆڵەکە پڕدەکەم لە گوڵی ڕەنگ

دادەبەزمە چەمێکەوە

چەمەکە پڕدەکەم لە ماسی ڕەنگ

جگە لە ڕەگەزەکانی بکەر و کردار و بەرکار هەندێک جار شاعیر (ئاوەڵکردارەکان) دەرنبڕێت، بەڵام خوێنەر ئەگەرچی نایبنێت و گوێگر نایبیستێت، بەڵام هەست بە بوونی دەکات. بڕوانە: (٢١٢)

٢١٢ـ بڵێی بێتەوە بەر لەوەی گۆڕێک

باڵام بنێتە باوەشی ڕەشی ؟

لە ئەشکییا بمشواو ، خۆڵەمێشی دڵ

کڵپە بسێنێ سەرلەنوێ لەشی (محەمەد عومەر عوسمان، ٢٠١١، ٥٣).

شاعیر لە نیوەدێڕی دوهەمدا ئاوەڵکردارەکەی دەرنەبڕیوە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە:

ـ باڵام بنێتە (نێو، ناو) باوەشی ڕەشی؟

هەروەها دیاردەیەکی دیکەی شاعیران کە ئەویش هەر دەکەوێتە ناو چوارچێوەی شکاندنی کۆتوبەندە سینتاکسییەکان ئەویش بریتییە لە (پاشوپێشخستن) کەرەستەکان لە ئاستی ئاسۆییدا لە شوێنی خۆیدا هەڵدەکەنرێت و دەگوازرێتەوە شوێنێکی دیکە، بۆیە (جرجانی) پێیوایە (دەروازەیەکی زۆر بەسوودە، باشییەکانی زۆرە، کاتێگ گوێ لە شعرێک دەگرین بەلاتەوە شیاو و گونجاو و خۆشە، کە سەرنجدەدەیتە هۆکارەکەی ئەوەیە شتێکی تێدا پاشوپێشخستووە، واژەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بردووە) (سەعید، ٢٠١٣، ٢٣٢).

هۆکاری پاشوپێشخستنی کەرەستەکانیش زۆرن، شاعیر هەیە بە مەبەستی پێدانی جوانیی بە هۆنراوەکەی، یان مەبەستی ئەوەیە ئەو کەرەستەیە زیاتر تیشکبخرێتەسەری و چاوی خوێنەر زیاتر بۆ لای ئەو وشەیە بەرێت کە مەبەستیەتی و گرنگیی زیاتر پێدەدات، بە پێچەوانەیشەوە پاشخستنی کەرەستەکانیش هەندێک جار ئەوە پیشاندەدات شاعیر ئەو وشە و کەرەستەیەی بەلاوە زۆر گرنگ نییە. بڕوانە: (٢١٣)

٢١٣ ـ زەنگی پەستی

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری

دڵم هەڵسا زرەی ڕەنگی گڤاری

بەئاەسپایی بەبێ هێزی و بە عاستەم

هەوای ڕوحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!

بە ئەسپایی بە لەرزۆکی ، هەژاری

ئەناڵێنێ لەشوێنی نادیاری!

که تێرنابم له گوێگرتن به دوو گوێ!

زمانێک بەستەیەک دەنگێک نەوایەک

سکاڵایەک ، هەناسەیەک ئایەک

که تێی ناگەم که نازانم ئەڵێی چی

بەڵام خورخور لەگەڵیا ڕوحم ئەگری!

چییه ئەی ڕوحی بێلوارو بێپەی

له تۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟

چییه ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟

کەپێ هەڵهێنەری چاوی شوعوورە؟

که دێ پەستم، که نایه ئارەزووی دڵ

به دوویا وێڵ ئەبێ :مەنزڵ به مەنزڵ!

چیه ئەم زەنگە زرنگەێ دێ به ماتی

که ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی؟

(گۆران، ٢٠١٢، ١٧٧).

شاعیری لەم هۆنراوەیەیدا به ئارەزوو چەند جۆرێک له کۆتشکاندنی ئەنجامداوە، وەکو پاشوپێشخستنی چەندیین کەرەستە، بۆ نموونه شاعیر له نیوەدێڕی (سێهەم و پێنجهەم) (به ئەسپایی) هێناوەتە پێشەوە، چونکه شاعیر زیاتر ئەوەی بەلاوە گرنگە بریتییە له (بێدەنگیی) نەک (هەژاریی، لەرزۆکیی، بێهێزیی). هەروەها له سەرەتای نیوەدێڕی (دوازدە، چواردە، شازدە) ئەوەی که گرنگە بەلای شاعیرەوە (زەقکردنەوەی وشە پرسەکەیە، چونکه شاعیر ئەوەی مەبەستیەتی بیری

خوێنەر و گوێگر بۆ لای پرسیارەکە ڕابکێشێت، لە ڕاستییدا زۆرینەی وشە پرسەکان لە ڕستەدا هەر لە سەرەتاوە دێن، بەڵام وشەی پرسی (چییە) پێویستە لە کۆتایی ڕستەکەوە بێت.

### ٢/٢/٢/٣) کۆتشکاندنە دەنگییەکان لە زمانی شیعردا

لیکۆڵینەوەکە لە پێشووتریشدا ئاماژەی بەوە کردووە ، کە شاعیران بەمەبەستی بەرهەمهینانی دەقێکی ( نەمر ، ئیستاتیکا ، چێژبەخش ، دووبارەنەبوو) پەنا بۆ زۆر حاڵەتی جیاواز دەبەن، کە زمانی ئاسایی بەدەرە لەم حاڵەتانە، یەکێک لەو هەنگاوانەی شاعیر بۆ بەرهەمهێناتی ( شیعرێکی نەمر و چێژبەخش ) دەینێت، شکاندنی کۆتوبەندە دەنگییەکانە ، ئەویش (بەهۆی پابەند نەبوون بە یاسا دەنگییەکانی زمانەکەوەیە، ئەویش زیاتر بەمەستی پاراستنی کێش و سەروایە.) ( کانەبی ، ٢٠٠٩، ٤٦) ئەویش خۆی لەچەند حاڵەتێکد خۆیدەبینێتەوە،لێکۆڵینەوەکە بەپیویستی نازانێت هەموو جۆرەکانی کۆتشکاندنە دەنگییەکان بخاتەڕوو و بەڵام وەک بەرچاو ڕونییەک چەند نموونەیەکی شیعری و جۆری کۆتشکاندنەکەش دەخاتەڕووز. بەلام ئەوەی کە گرنگە بوترێت ، کۆتشکاندنەدەنگییەکان جگە لە شاعیران ، لە زمانی ڕۆژانەشدا زۆر ئەنجامەدریت، وەک ( زیادکردنی دەنگ ، تیچوونی دەنگ ، دووبارەکردنەوە ، گۆڕینی دەنگ ، کلۆرکردنی دەنگ ، هتد...) بڕوانە ( ٢١٤،٢١٥ )

زیادکردنی دەنگ

٢١٤ ـ تاری کاکۆڵت لەسەر صەفحەی ڕوخت تاتارییە

خە<u>طط</u>ی دەوری لێوی ئاڵت جەدوەلی ژەنگارییە ( کوردی ، ٢٠١٠ ، ٨٤ )

شاعیر لەنیوەدێڕی یەکەمدا ( ژمارەی برگەکانی = ١٥برگە) بەڵام شاعیر لەنیوەدێڕی دووەمدا ( زیادکردن و دووبارە کردنەوەی دەنگی ) ئەنجامداوە،

تا/ری/کا/کۆ/ڵت/لە/سەر/صـەف/حەی/ڕو/خت/تا/تا/ری/یە ـــــ ( ١٥ بڕگە)

خەط/طی/دەو/ری/لێ/وی/ ئا/ڵت/جەد/وە/لی/ژەن/گا/ری/یە ـــــ ( ١٥ بڕگە )

هاوتابوونی ژمارەی بڕگەکان بەهۆی زیادکردنی پیتی (ط)

قرتاندنی دەنگ

- ٢١٥ـ ئەی لاوی کورد پڵنگی لان      کوڕانە باز دەرە مەیدان      (گۆران،٢٠١٤ ٣٠٧)

(بدەرە)

قرتاندنی دەنگ دەنگی (ب)

### ٣/٢/٢/٣) شکاندنی کۆتوبەندە واتاییەکان لە زمانی شیعردا

شاعیران لە هۆنینەوەی بەرهەمەکانیاندا هەوڵدەدەن بەدووربن لە دەربڕینێکی ئاسایی، توانای تەواوی خویان دەخەنەگەڕ بۆئەوەی بەرهەمێکی جیاواز بخەنە بەر دیدەی خوێنەرانی، ئەم جیاوازییەیش زیاتر لە ڕووی واتاوە دەبێت، شاعیر هەموو کات لە چڕینی بەرهەمە شیعرییەکانیدا هەوڵدەدات کۆتە واتاییەکان بشکێنێت، هەموو کۆتشکاندنێکیش لە پێناوی بەرهەمهێنانی واتایەکی چێژبەخشدایە ، دەست بۆ ئەو شتە نەگوتراوانە دەبات کە بۆ کەسی ئاسایی ڕێپێدراو نییە، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی بەرهەمەکانی خاڵیینەبن لە جیاوازیی و تازەگەریی، ((بۆیە شاعیر بە سوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی زمان هەوڵدەدات جۆرێک لە واتای نوێ بە وشە و دەستەواژەکان ببەخشێت، بەو هۆیەوە جوانکاریی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکەیدا بکات و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چێژیان پێببەخشێت، بەمەیش جوانییەکی زیاتر بە دەقە شعرییەکە دەدات)) (حسێن، قادر، ٢٠٢٠، ٣٤). بەمەیش شاعیر گۆڕانکاریی بەسەر بنیاتی وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکاندا دەهێنێت و شێوازێکی جیاواز و بابەتی نوێخواز ئەنجامدەدات، کەواتە (کۆتشکاندنی واتایی لەلایەن شاعیرانەوە لە

بەرهەمەکانیاندا شکاندنی یاساکانی دیوی زمانە کە پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتای تێگەیشتنەوە هەیە) (فەتاح، ١٩٩٠، ١٨).

لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات کۆتشکاندنی واتایی لەلایەن شاعیرانەوە بەتایبەتی شکاندنی کۆتوبەندەکانی کۆمەڵەوشە لە بەرهەمە شعرییەکانیاندا بە نموونە بخاتەڕوو، دواتر هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە لەلای شاعیران بخاتەڕوو، دەستبخاتەسەر ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە وادەکات شاعیران پەنا بۆ ئەم دیاردەیە بەرن، هەروەها خستنەڕووی ئەو خاڵانەی کە چۆن شاعیران بێباکانە دەکەونە وێزەی شکاندنی کۆتوبەندەکان، گوێ بە (نیشانەواتاییەکان)ی کەرەستەکان نەدەن، بە ئارەزووی خۆی توانای ڕیزکردنی کەرەستەکانی هەیە لە ڕیزکردنێکی ئاسۆییدا بیانخاتە پاڵیەک، بۆ بەرەمهێنانی بەرهەمێکی جوان، هەموو ئەمانە بە نموونەی شیعریی ڕوندەکەینەوە. بڕوانە: (٢١٦)

٢١٦ـ منیش وەکو ئەو لاوانە

دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە

هەموو پارچەیەکی لەشت

چاو تینووی سەرنجێکە

تامەزرۆیەو سەرنج ئەدزێ

لە ڕێگای دوو چاوی گەشت ( فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ١٣١ ، ٢٠١٨)

شاعیر لە نیوەدێڕی دوهەمدا (دەمی حەز)ی بەکارهێناوە کە لە ڕاستییدا و لە زمانی ئاساییدا پێویستەپێکەوەهاتنی (دەم + کەرەستەیەکی بەرجەستە) وەکو (دەمی مرۆڤ،دەمی شمشێر، دەمی چەقۆ، دەمی قولاپ و... هتد)، بەڵام لە زمانی شیعردا شاعیر دەتوانێت پێچەوانەکەیشی دەرببڕێت، بەبێ ئەوەی لەلایەن هیچ کەسێکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە، بە پێچەوانەیشەوە چێژێکی جوان بە خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت، جوانیی و نەمریی بۆ بەرهەمەکەی فەراهەمدەکات.بە پێچەوانەیشەوە

هەندێک جار شاعیر کەرەستەیەکی نابەرجەستە بە کەرەستەیەکی بەرجەستە دەچوێنێت. بڕوانە: (٢١٧)

٢١٧ـ ئەی براکەم

من دڵێکم هەیە ، بەئاوی خۆشەویستی نەبێ

پاراو نابێ

من سییەکم هەیە بەبای ئازادی نەبێ

هەناسە نادا

(کەمال میراودەلی، ٢٠٠٥، ١١٩).

لە نیوەدێڕی دووەم و چوارەم شاعیر کەرەستەیەکی بەرجەستەی وەکو (ئاو) = (+ بەرجەستە، + خواردنەوە) لەگەڵ (ئازادیی) = (+ نابەرجەستە، − خواردن) کردووەتە تەنیشت یەک و (فرێزێکی ناویی) لێدروستکردووە، بەڵام لە زمانی ڕۆژانەدا گوێگر هیچ کات گوێی بۆ دەربڕینێکی لەو شێوەیە هەڵناخات،دەزانێت پێکەوەهاتنەکان بەم شێوەیە نییە بەدوایەکداهاتنی کەرەستەیەکی وەک (ئاو) دەبێت ( + بەرجەستە )بێت، بۆیە بەلایەوە دەربڕینێکی نەگونجاوە، بەردەوام ئەو دەربڕینانە دەبیستێت کە پێچەوانەی زمانی شیعریین، وەکو (ئاوی باران، ئاوی ترێ، ئاوی چەم، ئاوی ڕوبار، ئاوی تەماتە، ئاوی چاو و... هتد). وەک دەبینین لەم فرێزانەدا هەموو ئەوانەی بەدوای (ئاو)دا هاتوون خاوەنی (ئاو)ن، چونکە ئەگەر وانەبێت دەربڕینەکە دروستنابێت، بڕوانە: (؟ ئاوی بەرد، ؟ ئاوی کتێب، ؟ ئاوی ئاسن). بۆیە دەکرێت ئەم دەربڕینە نادروستانە شاعیر بە هەمان فۆڕم بیانخاتە ناو دێڕە شعرییەکانیەوە و بەو هویەیشەوە جگە لە نامۆبوون چێژ بە بەرانبەر ببەخشێت. بەڵام ئەوەی کە گرنگە لێرەدا تیشکبخرێتەسەری ئەوەیە ، شاعیر دەیەوێت بڵێت (تینوی خۆشەویستییە ،هەناسەسواری ئازادییە ) بۆیە پشەیوەندییەکی لێکنەپچڕاو لە نێوان بەشێک لە وشە بەیەکداهاتووەکاندا هەر هەیە، ئێمە هەمان هۆنراوە وەردەگرین دەبینین (پاراوبوون تەنها بە ئاو)

دێتەدی (هەناسەدان تەنها بە هەوا) دەبێت، بۆیە لەلای شاعیریش ناکرێت هەموو ڕیزکردنێکی هەڕەمەکیی ڕێگاپێدراو بێت. بڕوانە: (٢١٨)

٢١٨ ـ ئەی براکەم

من دڵێکم هەیە بە ئاوی خۆشەویستی نەبێ

هەناسە نادا

من سییەکم هەیە بەبای ئازادی نەبێ

پاراونابێ

هەر هەمان هۆنراوە تەنها جێگۆڕکێی (هەناسەدان، پاراوبوون) ڕوویدا، بەڵام نادروستیی لێکەوتەوە، چونکە (هەناسەدان بۆ کەرەستەیەکە = + توانای هەناسەدان)، (پاراوبوون بۆ کەرەستەیەکە = + توانای پاراوبوون)، بۆیە ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بگوترێت کۆتشکاندنەکانیش سنووری خۆیان هەیە، ناکرێت شاعیران هەر وشەیەکی ویست بیانخاتە تەنیشتی یەک و بە گوێی گوێگر و بیخاتە پێشچاوی خوێنەران.

شاعیران هەندێک جار لە نێوان دێڕە شعرییەکاندا سیما واتاییەکانی کەرەستەکان شیدەکەنەوە، بێگومان سیما واتاییەکانی کەرەستەکان لەلای تاک هەر لەگەڵ هاتنی کەرەستەکە ڕوون و ئاشکرایە و لە زمانی ڕۆژانەدا (− دروستە). بڕوانە: (٢١٩)

٢١٩ـ ئێمە درەختی زڕو بێبەر نین

تا لە چوار لاوە بمانبڕنەوە

ئێمە تووتن نین

چەرچی و بازرگان

بمانفرۆشن بمانکڕنەوە (پەشێو ، ٢٠٠٨ ، ٢٠)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر نیشانەواتاییەکانی (زڕ)ی شیکردووەتەوە، کە هیچ پێویستییەکی ئەوتۆ نەبووە کە هۆکاربێت بۆ ئەو شیکردنەوەیە، هەموو تاکێکی (+ عاقڵ) دەزانێت (زڕ = + بێبەر( بە مەرجێک فەرهەنگە ئاوەزییەکەی پێگەیشتوو بێت)

یان هەندێک جار شاعیر دوو وشەی هاوواتای یەک دەخاتە پاڵیەک، بەڵام بە دوو زمانی جیاواز. بڕوانە: (٢٢٠)

٢٢٠ ـ ئەی تەلەفی گفتوگۆ، جامیعی کیزب و درۆ

واعیزییە ئیشی تۆ، عاشقیە کاری من (نالـــی ، ١٩٧٧، ٨٤)

نالیی شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەر دوو وشەی (کیزب، درۆ) کە هاوواتان و توانای جێگرتنەوەی یەکتریان هەیە، بەڵام شاعیر بە ئارەزوو هەر دوو وشەکەی خستووەتە تەنیشتی یەک. (هەروەها شاعیر هەندێک جار ئەو کەرەستانەی کە لە دەرەوەی زمانی شیعر نەگونجاوە شاعیر دەیانخاتەناو دێڕە شعرییەکانەوە و لەبریی نامۆبوون بەرهەمێکی پڕ لە ئیستاتیکامان پێدەبەخشێت، لە ڕاستییدا ئەمیش جۆرێکە لە کۆتشکاندن) (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٤٦). بڕوانە: (٢٢١)

٢٢١ـ هەوری خەفەتە ، بەفری غەمی داوە بەسەرما

یا سەرسەرِی نورینە کەلێی کردمە سەرما (حەریق)

(دزەیی ،٢٠٠٩، ١٤٤)

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا (هەوری خەفەت، بەفری غەم) لە تەنیشتی یەکتردا داناوە، لە کاتێکدا (خەفەت و غەم) دوو وشەن.

هاوواتای یەکترن، ناکرێت (خەفەت هەوری هەبێت و غەمیش بەفر). ئەم دەربڕینانە بۆ زمانی ئاسایی دوورە لە ڕاستیی و دەچێتەناو بازنەی ڕیزکردنێکی بێسەروبەرەوە، بەدوایەکداهاتنەکان بەو شێوەیە لە زمانی ئاسایدا چاوەڕواننەکراو و نائاساییە ، شاعیر دوو دوو وشەی هاوواتای یەکتری هێناوە ، بەڵام بەداوایەکداهاتنەکانیانی پێچەوانەوە کردۆتەوە کەواتە شاعیر سەرلەنوێ هەمان دەربڕاو دەهێنێت و زمانێکی نوێ دروستدەکات و لۆجیکی زمانی خۆی لەگەڵ لۆجیکی زمانی ئاسایی جیادەکاتەوە و توانایەکی ڕۆحیی بە وشە دەدات، هەروەها هەندێک جار شاعیر لە لێکچواندنی کەرەستەکان بە یەکتر کۆتەکان دەشکێنێت، بە مەبەستی دروستکردنی وێنەیەکی خەیاڵیی لەلای خوێنەر و گوێگر. بڕوانە: (٢٢٢)

٢٢٢- عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە

بە سواری حەیران ئەگاتە سەر هەولێرو

لەوێشەوە " موکریانی" پەڕەپەڕەی

فەرهەنگەکەی بۆ ئەکاتە باڵۆنێک و

سواری ئەبێ و ئەگاتەوە سەر هەڵەبجە

لەناوفەزای پیرۆزەیی

سەرمۆردانەو سەرگوڵاندا

بچووک بچووک ئەبێتەوەو

وەکوو قەڵبەزە پەرت ئەبێ و

ئەبێ بە شەونم لەسەرگیا

عومەری خاوەر ئەچێتە ناو ئاسۆوە

بچووک بچووک ئەبێتەوە

ئەبێ بە کەنیسمەی چیا

دیسانەوە دێتە خوارێ و

بچووک بچووک ئەبێتەوە

ئەچێتە ناو ڕەنگە کانی زەنگیانەوەو

ئەچێتە ناو ڕەنگەکانی مووروەوەو

لەدوایشدا ئەبێ بە ڕشتەی مرواری و

بە ملوانکەی خۆشەویستی و

بە نقێمی سەر موستیلەی

پەنجەی ژنێ!

دیسانەوە نقێمەکەش هەڵئەفرێت و

ئەمجارەیان ئەچێتە پۆلی خوێندنی

چۆلەکەی یەکەم ساڵەوەو

لەسەر کورسی شکۆفەیەک دائەنیشێ

ئەبێ بە حەرف

بەپیتی"هێ"

ناو فێرئەبێ

ئیتر ئەنووسێ هەڵووژەو

ئیتر ئەنووسێ هەڵەبجەو

لەدەفتەری منداڵێکدا چاو هەڵدێنێ!

ئەمە هیچ چاوێ نایبینێ

چاوم نەبێ

ئەمجارەیان لە پۆلەوە دێتە دەرێ وگەورە گەورە

ئەبێ بە ئەسپێکی سپیی و

لە غاردایەو ئەحیلێنێ و بۆ بەرەوخوار ( شێرکۆ بێکەس ، ٢٠٠٤ . ٦٧)

لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات هەندێک لە بەزاندنی کۆتوبەندە سیمانتیکییەکان لەم هۆنراوەیەدا بخاتەڕوو، کە چۆن شاعیر هەوڵدەدات وێنەیەکی خەیاڵیی لەلای بەرانبەر دروستبکات. شاعیر لە دێڕی (بە سواری حەیران ئەگاتە سەر هەولێر) لێرەدا شاعیر (حەیران)ی هێناوە کە (- زیندوو، - توانای ڕۆیشتن) بە شێوەیەک دەیدا بە گوێی کوێگردا، کە سیما واتاییەکانی پێچەوانەدەکاتەوە، وایلێدەکات کە توانای (+ ڕۆیشتن)ی تێدا بەرجەستەدەکات.

هەروەها شاعیر لە دێڕی دوای ئەوەدا دەڵێت (بچووک بچووک دەبێتەوە وەکو قەڵبەزە پەرت ئەبێ) لەم دێڕەدا شاعیر (مرۆڤ)ی کردووە بە کەرەستەیەک کە توانای (پەرتبوون)ی هەبێت، دواتر (مرۆڤی چواندووە بە تەنێک کە زۆر لە قەبارەی خۆی بچووکترە و نیشانە واتاییەکانی پێچەوانەکردووەتەوە. (+ زۆر بچووک، + بێگیان، + جێگابوونەوە لەسەر پەلکی گیا). هەروەها شاعیر هەر لەم هۆنراوەیەدا چەندیین لێکچواندنی دیکەی ئەنجامداوە لە بەرانبەر دروستکردنی وێنەیەکی خەیاڵیی لەلای گوێگر و خوێنەر، وەکو چۆن لە دێڕی

- بچووک بچووک ئەبێتەوە

- ئەبێ بە کەنیسمەی چیا

شاعیر لەم دێڕەی سەرەوەدا دوبارە (مرۆڤ = + مادەیەکی بچووک)

لە دێڕی دواتر شاعیر بچووککردنەوەکەی سنوور تێدەپەڕێنێت بە شێوەیەک دەیخاتەناو ڕەنگی مووروەوە، واتا بەشێک لە کەرەستیەکی (++ بچووک).

دواتر شاعیر دەستدەکات بە گەورەکردنەوەی مرۆڤ، بە بەراورد بە دێڕی پێشوو، وەکو لە دێڕی:

- لەدوایدا دەبێت بە ڕشتەی مرواری

بە ملوانکەی خۆشەویستی

بە نقێمی سەر موستیلەی

پەنجەی ژنێ

وەکو دەبینین شاعیر چۆن ئارەزووی لێبێت (+ مرۆڤ، + عاقڵ، + پێگەیشتوو) دەچوێنێت بە (+ تەنێکی بێگیان، + تەنێکی زۆر ورد).

دواتر لە دێڕی:

- دیسانەوە نقێمەکەش هەڵئەفڕێت

شاعیر لێزانانە و بە زنجیرە بە تەنکردنی مرۆڤی ئەنجامدا، دواتر لەم نیوەدێڕەدا (تەنکردنەکەی کردووە بە باڵندەکردن)لەکاتێکدا ( هەڵفڕین ) پێویستی بە بکەرێکی (+ باڵدار ) هەیە.

دواتر لە دێڕی:

- ئەمجارەیان ئەچێتە پۆلی خوێندنی

چۆلەکەی یەکەمساڵەوە

(چۆلەکەی یەکەم ساڵە = منداڵی پۆلی یەکەم)

(-مرۆڤ، - عاقڵ = + مرۆڤ، + عاقڵ)

دواتر شاعیر لە دێڕی:

- ئەبێ بەئەسپێکی سپی و

- لە غاردایەو دەحیلێنێ بۆ بەرەو خوار

لەم دوو نیوەدێڕەدا شاعیر (بەئاژەڵکردن)ی مرۆڤی ئەنجامداوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت شاعیر لە هۆنراوەیەکی وادا چەندیین جار کەوتووەتە وێزەی شکاندنی کۆتوبەندەکان، (چواندنی گیاندار بەبێ گیان، - عاقڵ بە + عاقڵ، مرۆڤ یەکسانکردن بە تەنێکی بچووک، بێگیان) ئەمانە هەموو لەپێناو بەرهەمهێنانی هۆنراوەیەکی وا کە پڕبێت لە داهێنان و تازەگەریی و دوور لە لاساییکردنەوە و بەخشینی چێژی زیاتر، دوورکەوتنەوە لە قسەی دوبارە و سواو و دەربڕینی ناخی شاعیر بە شێوەیەک تایبەت بە خۆی.

هەروەها هەندێک جار شاعیران کەرەستە دژبەیەکەکان لە ڕیزکردنێکی ئاسۆییدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، دەیانکاتە تەواوکەری یەکتر، کە لە بنەڕەتدا واتاکانیان تەواو پێچەوانەن. بڕوانە: (٢٢٣)

٢٢٣- بابەگوڕگوڕ بەگوڕ هاتووم

من تینوێتیم بە گڕ دەشکێت بۆیە هاتووم.

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٣)

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا (شکاندنی تینوێتیی) بە کەرەستەیەک دەشکێنێت کە لە زمانی ئاساییدا (هۆکارە بۆ تینوێتیی) چونکە نیشانەی واتایی (تینوێتیی = + هۆکاری گەرمیی) (گڕ = + گەرمیی، - خواردنەوە، - شل) ئەمەش دەکەوێتە سنوری شکاندنی ئارگۆمێنتەکانەوە

کەواتە (گڕ) خۆی هۆکارە بۆ (تینوێتیی)، بەڵام شاعیر لێرەدا پێچەوانەیکردووەتەوە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە شاعیر مەبەستێکی تری هەیە، ئەویش شەیدابوونە بە (بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار، تۆڵەسەندنەوە)، بۆیە شاعیر لەم هۆنراوەیەدا مەبەستی شکاندنی (تینوێتیی جەنگە) لەم ڕێگایەوە دەیەوێت هەست و ناخی خۆی خاڵییبکاتەوە، ئەوەی کە لێرەدا گرنگە بگوترێت،

هەروەها هەندێکجار شاعیران لە بەرهەمەکانیاندا لێکچواندێک ئەنجامدەدەن کە هەردووکیان (لێچوو ، لەوچوو ) کۆتەکانیان شکێنراوە ، ( واتا شاعیر کەرەستەیەک دەچوێنێت بە کەرەستەیەک ، دوو جار کۆتەکانی تیادەشکێنێت) بڕوانە (٢٢٤)

٢٢٤ـ دڵم تەنگە وەکو خونچەی دەمی تۆ

سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ

دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک

وتی "پێک نایا ، زۆری من ، کەمی تۆ

( هەژار موکریانی، ٢٠٠١،٥٢٨ )

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا دەڵێت ( دڵم تەنگە وەکو خونچەی دەمی تۆ)

پێویستە بوترێت ( ئایا دڵ تەنگ دەبێت ؟ واتا بچووکدەبێتەوە ؟ ) بێگومان نەخێر ئەوەی کە دەوترێت لەسەر زارمان ، بێگومان دەربڕینێکی ( میتافۆڕییە) چونکە دڵ ( توشی ناخۆشی و ناڕەحەتی دێت .) نەوەکو بچووککردنەوە ، کەواتا لێرەدا یەکێک لەو لایەنانە ڕوویداوە کە کۆتشکاندن بۆی ڕێگاپێدراوە ، ئەویش میتافۆڕە ، کە لە پارەکانی پێشووتردا باسمانکرد ، دواتر شاعیر ( میتافۆڕەکە کە کۆتشکاوە ، چواندوێتی بە کەرەستەیە کە ئەویش کۆتشکاوە) چونکە کۆمەڵەوشەی ( خونچە + دەم ) بەدوایەکداهاتنێکی ناتەواوە لە زمانی ئاسایدا ، بۆیە پێویستە دوای ( خونچە + جۆرە گوڵێک ) بێت ، بەڵام بۆ زمانی شیعر ڕێگاپێدراوە ، دەتوانێت کەرەستەیەکی ( کۆتشکاو

بچوێنێت بەکەرەستەیەکی کۆتشکاوی تر.) لێکۆڵینەوە نموونەیەکی شیعری تر وەردەگرێت کەتیایدا کۆمەڵەوشەکان چون دەبەزێنرێن

دواتر شاعیر لە نێوەدێڕی دووەمدا دەڵێت ( سەرم گێژە ، لە گێژی پەرچەمی تۆ ) لەم نێوەدێڕەدا پێویستە ( سەر + ئازارێک ) بێت چونکە ( گێژبوون = سووڕانەوە ) کەواتا بۆماندەرکەوت ( سەرگێژبوون دەربڕاوێکی میتافوڕییە ، کۆتەکانی شکێنراوە ) چواندوێتی بەکەرەستەیەک ، کە لەزمانی ڕۆژانەماندا بەکاردێت ، چونکە ( پەرچەم = + درێژی ، + توانای سوڕانەوە بەدەوری خۆیدا ) بۆیە شاعیر ئازادە بەچی شێوەیەک کۆتەکان دەشکێنێت،

لێکۆڵینەوەکە نموونەیەکی شیعری تر دەخاتەڕوو کە تیایدا شاعیر چۆن کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتنەکان دەبەزێنێت، بڕوانە (٢٢٥)

٢٢٥ - ئەی ئەو کچەی

پایزانیش بەرگت سەوزە و

گوڵی تەڕ ئەدەی لە سەرت،

خەو مەبینە قۆڵ و باسکم

پشتێنێک بێت بۆ کەمەرت.

تۆ نەتدیوە چۆن ئاگری سپی پیری

بەربوەتە تاڵی سەرم؟

زۆر ئەترسم

دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە...

تۆ نەتدیوە پەنجەکانم

ده چڵی وشک و برنگن،

گەر ببنە شانەی قژت

ساتێ نابا ئەشکێنەوە!!

لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم

هەردەم وەک هەوری زستان بێ،

من کەناری شیعرم بەسە

باوەشم بۆ بگرێتەوە.

ئەگەر هاتوو لە گۆ کەوتم

بزانە کە؛

نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم

ئازارمی تیا جێبێتەوە..!

( ژەنەڕاڵی پایز ، ٢٠١١ ،١٣٥)

شاعیر لە هۆنینەوەی ئەم بەرهەمەیدا سنورەکانی کۆمەڵەوشە دەشکێنێت ، ئەو بەدوایەکدا هاتنانەی کە لە هۆنراوەکەدا هاتووە لە زمانی ئاسایدا چاوەڕواننەکراوە، بۆنموونە ( پایز+ بەرگی سەوز) تەواو پێچەوانەیە ، چونکە پایزو زەردی دوو وشەی پێکەوەبەستراون ، دواتر شاعیر لەدوای ( ئاگر ) وشەی ( سپی ) بەدوایدا هێناوە ، کە لەزمانی ڕۆژانەماندا بەهیچ شێوەیەک ڕێگاپێدراو نییە ، بەڵام شاعیر مەبەستی دیوەکەی ترێتی کە بریتییە لە ( چواندنی خێرای سپی بوونی مووی سەری ) بە ئاگر ، نەک خودی ( ئاگر ) سپی بێت. هەروەها لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت ( دارستانی قژی

ڕەشت) لێرەدا بەدوایەکداهاتنی ( قژی ڕەشت) هیچ بەزاندنێکی تێدانییە ، بەڵام کە ( دارستان ) دێتە پێش فرێزی ( قژی ڕەشت ) ئەوکات کۆتەکان دەشکێنرێت ، چونکە ( دارستان = - ڕەشی ) ئەگەر چی لە نیشانەواتاییەکانی ( دارستان لەگەڵ قژ ) کەمێک هاوبەشی هەیە، ئەویش بریتییە لە ( چڕوپڕی ، وەستان لەتەنیشت یەکتر ، وەستاوی ) کە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە شاعیر لێکچوانەکەی بەم شێوەیە کردووە ، بەڵام ناکاتە ئەوەی کەسانی ئاسایی بیدەنە پاڵیەک ،لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی دەزانێت ، چەند جۆرێکی دیکە لە کۆمەڵەوشەکان بخاتەڕوو کە چۆن لەلایەن شاعیرانەوە تیکدەشکێنرێن، بڕوانە ( ٢٢٦ )

٢٢٦- دەپێم بڵێن

یەکی شووبات بوو؟!

یان یەکی خەزان؟!

یەکی زستان بوو؟!

یان یەکی گریان؟! ( شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٤،٨٥)

شاعیر لە هەموو نیوەدێڕەکانی شیعرەکەدا کۆمەڵەوشەی ( ژمارە + ناو ) لە جێی خۆیدا بەکارهێناوە ، تەنها لە نیوەدێڕی کۆتایی کۆتوبەندی کۆمەڵەوشەی ( ژمارە +ناو ) تێکشکاندووە ، بە هۆکارلی ئەوەی دوای ( ژمارە ) پێویستە ناوێک بێت (+ ژماردن ) بێت ، بەڵام ئایا ( گریان ) دەژمێردرێت ؟ بێگومان نەخێر ، بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بپێکێت ، هەندێک جار پەنا بۆ ئەم حاڵەتانە دەبات، زۆربەی کۆمەڵەوشەکان تێکدەشکێنێت ، بڕوانە (٢٢٧)

٢٢٧- سەدان پەلکی ڕەزی سوتاو

سەدان هەتاوی ورد و خاش ( شێرکۆ بێکەس ،٢٠٠٤، ٨٢)

شاعیر لە نیوەدیڕی دووەم دا دوو جار کەوتۆنە شکاندنی کۆتوبەندەکان ، شاعیر دەڵێت (سەدان هەتاوی ورد) کۆتشکاندنەکانیش بەمجۆرەیە:

( سەدان = ژمارەیەکی کۆ ) دوای ژمارەی کۆ ، پێویستە ( ناوی ژمێردراوی کۆکراوە ) بێت

( هەتاو = - کۆ )

(هەتاوی ورد) ( ورد ) بۆ کەرەستەیەک = (+ وردکردن ،+پارچە پارچە )

لێرەدا دەبینین ( هەتاو نە کۆدەکریتەوە ، نە پارچە پارچەش دەکرێت )

لێکۆلینەوەکە بە پیویستی دەزانێت ، چەند نموونەیەکی شیعری تر بخاتەڕوو ، کە تیایدا شاعیران کۆمەڵەوشەکان تێکشکێندراون ، بڕوانە ؛ (٢٢٨)

٢٢٨ ـ مشتێ هەتاو

من ئەو ڕۆژە

مشـتێک لە هەتاوی عەشقم

کردە بنی خەیاڵێکی تاریکمەوە ( شێرکۆ بێکەس ، ٢٠١٠، ٧٥)

لە کۆمەڵەوشەکانی ( ڕادە + ناو ) پێویستە دوای ( ڕادە ) ناوێک بێت توانای ( جیاکردنەوە ، بچووک بوون ، گەورەبوونەوەی ) هەبێت، چونکە ( ڕادە ) واتا دیاریکردنی ( بـڕ ، حجم ) بۆیە پێویستە لە دوای ڕادەکە ناویک بێت ئەو سیفاتانەی تیادابێت، شاعیر دەڵێت(مشتێ هەتاو) بۆیە پێویستە بپرسین، ئایا ( هەتاو ) توانای ئەوەی هەیە بە ( مشت ) بگیرێت ، بۆیە لە دوای هەندێک لە ڕادەکان پێویستە ( ناوێک) بێت نیشانەواتاییەکانی دژ یەکنەبن، بۆیە ( ڕادەکان ) حوکمی دوای خۆیان دەکەن ، بۆنموونە لەجیاتی ( مشتێ ) ڕادەیەکی دیکەی وەک ( کەم ، تۆزێک ) دابنێن دەبینین، بڕوانە (٢٢٩)

٢٢٩ ـ کەمێک هەتاوی هەیە ، تۆزێک هەتاوی هەیە)

لەنموونەی (٢٢٧) مەبەستمان لە ( کەمێک هەتاو ، تۆزێک هەتاو ) ڕێژەیی ( بێهێزیی) یەکەیەتی ، نەک ( بچووک ) بوون ، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش دەکرێت پێچەوانەکەشی بنووسین، بڕوانە (٢٣٠)

٢٣٠ ـ ؟ زۆرێک هەتاو هەیە.

لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ( کەمێک ، تۆزێک + هەتاو ) مەبەست لیی ( ڕێژەی بەهیزی و بێهێزی ) یەکەیەتی نەک ( کەم و زۆری ).

هەر لە هەمان هۆنراوەدا دەبینین شاعیر دەڵێت( بنی خەیاڵێکی تاریک) لێرەشدا شاعیر کۆمەڵەوشەکانی ( ئاوەڵکرداری شوێن+ ناو ) تێکشکاندووە، چونکە پێویستە لەدوای( ئاوەڵکرداری شوین+ناوێک) بێت نیشانەواتاییەکانی لەگەڵ ئاوەڵکردارەکە دژیەکی تێدا نەبێت، بڕوانە (٢٣١)

٢٣١ ـ ؟ بن خەیاڵ . ( خەیاڵ بنی نییە)

؟ـ سەر خەیاڵ ( خەیاڵ سەری نییە )

ـ ناو خەیاڵ . ( خەیاڵ ناوی هەیە) ـ ( لەناو خەیاڵدا دەژیم)

↓

مەبەستمان ( اسم ) نییە

بۆیە شکاندنی کۆتوبەندەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە ، لە زمانی شیعردا ، نەک نەنگی نییە بگرە بە پێچەوانەوە، هەندێکجار شاعیران لە شیعرەکانیاند ، زۆرینەی کۆمەڵەوشەکان تیکدەشکێنن ، هەندیکجاریش جۆرێکی دیاریکراو ، واتا مەرج نییە شاعیر لە شیعرێکدا تەنها خۆی ببەستێتەوە بە شکاندنی یەک جۆر کۆمەڵە وشەوە،بڕوانە ( ٢٣٢)

٢٣٢ ـ تیری عەشقی چاوەکانت وا لە جەرگم کارییە

ئاو لە چاوانم بە خوڕ دێ ڕەنگەکەی گوڵنارییە

لێم گەڕێن ، با جێ نشینی <u>کونجی غەم</u> بم ئەی ڕەفیق

دەردەکەی من دەردی عەشقە زۆر گران و سارییە ( کوردی ، ٢٠١٠،٢٦٦)

شاعیر لە دێڕی یەکەمدا ( تیر + ناوێکی نابەرجەستە ) ی پێکەوە گرێداوە، لەکاتێکدا ( تیر ) پێویستە ( ناوی بەرجەستە ،ئاوەڵکردار، جێناو) بێت ، بڕوانە (٢٣٣)

٢٣٣ ـ تیری ( ئاسن ، دار، هتد... )

ـ تیری ( تیژ ، باریک ، کورت، هتد...)

ـ تیری ( من ، ئیمە ، ئەو و هتد...)

دەکرێت لەگەڵ کەتیگۆری تریشدا بەدوای یەکدابێن ، بەمەرجێک ( واتاناڕاست ) ی لێنەکەوێتەوە. ئەمە بۆ زمانی شیعر پێچەوانەکەی دروستە ،

شاعیر لە دێڕی سێهەمدا دووبارە کەوتۆتە وێزەی شکاندنی کۆتەکان ، کۆمەڵەوشەی ( ئاوەڵکردری شوێن + ناوێکی واتایی ) خستۆتە پاڵیەک ، کە لە زمانی ڕۆژانەدا ( کونجی + ناو ) ێکە کە ( + خاوەنی کونج ) بێت ، بڕوانە (٢٣٤)

٢٣٤ ـ کونجی مزگەوت

ـ کونجی مەیخانە

؟ ـ کونجی قەڵەم

ـ کونجی سوراحی ( میرووەکەم لە کونجی سوراحییەکە دۆزییەوە)

ئەمە تەنها بۆ شاعیران ڕێگاپێدراوە ،بۆیە هۆکارەکانی کۆتشکاندنەکانیش لەلایەن شاعیرانەوە لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا یەک هۆکار نیین و هەر جارێک بە هۆکارێک شاعیر ئەم دیاردەیە ئەنجامدەدات، ئەوانیش: (جوانکاری، دوبارەنەبوونەوە، دوورکەوتنەوە لە قسەی ئاسایی، بەخشینی چێژ، تازەگەریی، بۆ بەرهەمێنانی بەرهەمێکی نەمر، ترس، جا ترسەکە لە تاک بێت یان لە پارت و لایەنێک)

# ئەنجام

١ـ ئارگۆمێنت داواکارەکان مەرج نییە تەنها کردارەکان بن ، بەڵکو هەندێکجار ئاوەڵناو و چەند جۆرە کەتیگۆرییەکی تر دەبنە ئارگۆمێنت داواکراو، هەروەها کردارەکان بەپێی هێزەکەیان و ڕادەی تێربوونیان داوای ئارگۆمێنت دەکەن.

٢ـ زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە ،هیچ دەربڕڕاوێک نییە کۆتوبەندی لەسەر نەبێت ، جا دەربڕڕاوەکە دەنگی بێت ، یاخود نووسراوبێت ، بۆیە بەدوایەکداهاتنی کەرەستە زمانیەکان لە ڕیزکردنێکی ئاسۆیدا ، بە سیستەم ڕیکخراوە ، هەڕەمەکی نییە ، ئەگەر وانەبێت دەربڕینەکانمان واتایەکی ڕاستی نابێت.

٤ـ زانیارییە فەرهەنگییە ئاوەزییەکان گرنگترین خاڵی جەوهەرین ، بۆئەوەی دەربڕڕاوێکی دروست پێشکەش بکەین ، تێبگەین، ئەمیش بەتێپەڕبوونی تەمەن گەشەدەکات و دەوڵەمەند دەبێت

٥ ـ دەربڕینە ئازادەکانیش کۆتوبەندیان لەسەرە ئازادییەکەیان سنوردارە، بەڵام ڕێژەی کۆتوبەندەکە شل ترە لەبەرانبەر دەربڕینەچەسپاوەکاندا، دەربڕینە چەسپاوەکان بەهۆی مێژووی بەکارهێنان و لەحیم بوونیان و نیشانەواتاییەکانیانەوە بوون بە قاڵبێکی بەستو ناتوانرێت لێک جیابکرێنەوە.

٦ـ کۆمەڵەوشەوپێکەوەهاتنەکان لەسەرچەند بنەمایەک دەخرێنە تەنیشت یەک وەک ( ئاین ، کلتور ، ڕەگەز ، ڕێز ، پیشە ، بوونی سیفاتێک لە کەرەستەکە و خستنە پاڵی سیفاتەکە ، مێژوو ، تەمەن ، قەبارە ، دژیەک نەبوونی نیشانەواتاییەکانیان ، نیشان نەدانی نیشانەواتاییە سەرەکییەکان ، هتد... .

٧ـ کۆتشکاندنەکان بۆ چەند لایەنێک ڕێگاپێدراوە ، هەندێک لەو لایەنانە بەهۆی نەزانینەوە کۆتەکان تێکدەشکێنێت ، هەندێکیشان بە پێچەوانەوە. منداڵ لەکاتی زمانپژان ، وەرگێڕ ، فێرخواز بەهۆکاری فێربوونی زمانی دووەم و سێهەم ، هتد... ئەو لایەنانەن بەهۆی نائاگایی و پڕنەبوونەوەی فەرهەنگە ئاوەزییەکانەوە ، دەکەونە وێزەی شکاندنی کۆتەکان.زمانی شیعر ، میتافۆڕ ، ئیدیەم ، بەپێچەوانەوە.

٨ـ شاعیران بەهۆکار ( ئیستاتیکا ، نەمری بەرهەمەکانیان ، جیاواز لە قسەی ئاسایی ، دوورکەوتنەوە لە دەربڕاوی سواو ، ترس ، هتد... کۆتەکان دەشکێنن.

# سەرچاوەکان

## ١/سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

### ا/ کتێب:

١- ئەحمەد ، بیستوون حەسەن (٢٠١٢) کۆمەڵە وشە و پیکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا ،چاپچانەی لەریا/سلێمانی

٢- ئەمین ، وریا عومەر ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، (٢٠٠٩) ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس / هەولێر.

٤- باتینی ، محەمەد ڕەزا ، دەربارەی زمان ، ( ٢٠١٥) ، ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم ، ، چاپخانەی پەنجەرە/سەقز.

٥- باتینی ، محەمەد ڕەزا (٢٠١٢) ، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ ، ٢٠١٢، هێرش کەریم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گەنج/هەولێر.

٦- برزۆ ،و ئومێد بەرزان ، دروستەی فرێزو ڕستە لەزمانی کوردیدا ،٢٠١٨ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی گەنج / هەولێر.

٧- بوقرە ، نعمان (٢٠١٦)، ئاراستەکانی زمانەوانی لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی ، ٢٠١٦،چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر.

٨- بێکەس ، شێرکۆ ( ٢٠٠١) ژن و باران ،چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفیسی ژیار/سلیمانی.

٩- (٢٠٠٤) ئێوە بەخۆشەویستی ئەسپێرم ،چاپ و پەخشی سەردەم/سلێمانی.

١٠- (٢٠٠٤) ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرم ، چاپ و پەخشی سەردەم/سلێمانی.

١١- (٢٠١٢) ئێستا کچێک نیشتمانمە ، چاپ و پەخشی سەردەم/سلێمانی

١٢–پەشێو، عەبدوڵڵا ( ٢٠٠٨ ) پشت لە نەوا ڕوو لە كرێوە ،چاپی سێیەم ، چاپخانەی هێڤی/هەولێر.

-١٣ (٢٠٠٨ ) هەسیم هەورەو ڕكێفم چیا .چاپی سێهەم ، چاپخانەی چراو زانكۆ/ هەولێر.

١٤- حسەین ، شیلان عومەر، ( ٢٠٢١) ، زانستی ومانی كارەكی ، چاپخانەی پیرەمێرد / سلێمانی.

-١٥ (٢٠٠٩) ئیدیۆم چەشن و پێكهاتنی لەزمانی كوردیدا، چاپخانەی ڕەنج/سلێمانی.

-١٦ (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاكس و سیمانتیك لەزمانی كوردیدا ، چاپخانەی كارۆ/سلیمانی.

١٧–حەسەن، شەوكەت مەلا ئیسماعیل ، (٢٠٠٩) ، پەندی پێشینان و هەندێ زاراوەی كوردی ، چاپخانەو دەزگای پەخشی سەردەم/سلێمانی.

١٨- خۆشناو ، نەریمان عەبدوللا (٢٠١٦) زار و زمان ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی رۆژهەلات / هەولیر.

-١٩ (٢٠٠٧) بكەرناديار ، چاپخانەی شەهاب / هەولێر.

٢٠- خاڵ ، شیخ محەمەد، (١٩٥٧) پەندی پێشینان

خەزنەدار ، مارف ( ١٩٧٠) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، چاپخانەی دارالحرة / بەغداد.

٢١- دزەیی ، عەبدولواحێد موشیر (٢٠١٤) ، ڕێزمانو واتا ، چاپی سێیەم ،چاپخانە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان .

-٢٢ (٢٠٠٦) ، واتاسازی ، چاپخانەی خانی /هەولیر.

٢٣- ژانەڕاڵی پایز،محەمەد عومەر عوسمان ، (٢٠١١) لەغوربەتا ، چاپی سێیەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/سلێمانی

٢٤-سەعید ، ناز ئەحمەد (٢٠١٣) لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی بینایی/هەولێر .

٢٥- (٢٠٠٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولیر.

٢٦- شەریف ، عەبدولوەههاب کانەیی (٢٠٠٥) فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا ، چاپخانەی ڕوون/سلێمانی.

٢٧- عەلی ، تاڵیب حوسێن ( ٢٠١٤ )، زانستی زمان و زمانی کوردی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،/ هەولێر

٢٨- عەلی ، بەکر عومەر ، چەند لایەنێکی زمانەوانی ، (٢٠١٤) ، چاپخانەی هێڤی / هەولێر.

٢٩ — عەلی ، سەباح موسا ،ڕەنگدانەوەی چەندلایەنیکی واتاسازی ، (٢٠٠٩) چاپخانەی ئاراس/هەولیر.

٣٠- عەللاف ،پەروین عوسمان مستەفا ( ٢٠٠٩ )، واتاو وەرگێران ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولیر .

٣١- فەتاح ، محەمەد مەعروف ،(٢٠١١) زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر.

٣٢- ( ٢٠١٠ )لێکۆڵینەوەزمانەوانییەکان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات /هەولێر.

٣٣- (١٩٩٠) زمانەوانی ، چاپخانەی دارالحکمە /هەولێر.

٣٤- فەرەیدوون عەبول بەرزنجی ، (٢٠١٨) دیوان ، چاپ/ کتێبخانەی یادگار.

٣٥- قادر ،کاروان عومەر (٢٠٠٨) ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا ،چاپخانەی تیشک /سلێمانی.

٣٦- قادر ، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩)،هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە ،لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر.

٣٧- کوردی ، مستەفابەگی ساحێبقڕان (٢٠١٠) ، دیوانی کوردی ، بەرگی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس/هەولێر.

٣٨- کۆمەڵێ زمانەوان (٢٠٠٧) ، زمان، کامیل محمد قەرەداخی ، چاپخانەی تیشک/سلێمانی

٣٩- کەمال میراودەلی (٢٠٠٥) شیعر ، چاپی دووەم / سلێمانی.

٤٠-کانەبی ، (٢٠٠٩) لادان لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپخانەی خانی/دهۆک.

٤١- گۆران، عەبدوڵڵا (٢٠١٤) دیوانی گۆران ، چاپی پێنجەم .چاپخانەی داڵاهۆ/تهران.

٤٢- لەتیف هەڵمەت (٢٠٠٥) دیوانی شیعر ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی شڤان / سلێمانی

٤٣- موکریانی ، کوردستان ، ( ٢٠٠٠) ، سینتاکسی ڕستەی کوردی ، چاپچانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر.

٤٤-موکریانی , هەژار (٢٠٠١) بۆ کوردستان ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/هەولێر .

٤٥ مەحوی و قادر و حوسێن ، محەمەد، کاروان عومەر ، شیلان عومەر ، (٢٠١٠) دروستەی کردار بنەماو دیاردە / زانکۆی سلێمانی.

٤٦- مەحوی ، محەمەد ، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان ، ( ٢٠١٠) زانکۆی سلێمانی

٤٧- (٢٠٠٨) زانستی هێما واتاو واتا لێکدانەوە،بەرگی یەکەم / زانکۆی سلێمانی.

٤٨- مەعروف ، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠ ) لێکۆلینەوە لەفەرهەنگ و سینتاکسی کوردی ، چاپخانەی سارا/سلیمانی.

٤٩- محەمەد ،حاتەم وليا (٢٠٠٩) ، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، چاپخانەی خانی / دهۆک .

٥٠- محمد ، دارا حەمید (٢٠١٠) واتاسازی ، چاپخانەی ژیر/سلێمانی

٥١- ناوخۆش ، سەلام (٢٠١٦) ،زمانەوانی لەیانینیەوە تا چۆمسکی ،هەولێر ، بڵاوکراوەی کتیبخانەی حاجی قادر کۆیی/هەولێر.

## ب/ نامە زانسنییەکان:

٥٢-حەسەن ، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٠) پەیوەندییەسیمانتیکیەکان و هەندێ دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا /نامەی ماستەر /زانکۆی سلێمانی.

٥٣- سەعید ، سازان زاهیر (٢٠١٩) نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا / زانکۆی سلێمانی.

٥٤- سەعید ، ڕۆژین ئەحمەد ،(٢٠٢١) کوتشکاندن و مەبەشتێن ئەوێ یین پراگماتیکی د زمانێ شعرێدا ، زانکۆی دهۆک .

٥٥- عەبدوڵا، دلێر قادر (٢٠٢٢) گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری/نامەی ماستەر/زانکۆی سلیمانی.

٥٦- عەبدوڵا ، گۆنا عومەر ،( ٢٠١٣) ، دروستەی زانیاری لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر / زانکۆی سلێمانی.

٥٧- قادر، ئاوات صالّح (٢٠١٥) ڕێکەوتنی سینتاکسی لەزمانی کوردی وفارسیدا، نامەی ماستەر/ زانکۆی سلێمانی.

٥٨- قادر ، تارا موحسین (٢٠١١) زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام ، نامەی دکتۆرا / زانکۆی سلیمانی.

٥٩- مەجید ، ئارام ڕەشید (٢٠١٦)دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کرداریدا ، نامەی ماستەر /زانکۆی سلێمانی.

٦٠- محەمەد ، بژوێن یەحیا (٢٠١٦) نواندنی فەرهەنگی لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر / زانکۆی سلێمانی.

٦١- والی،هەژار حسێن (٢٠١٥) ، بەبەرهەمی هیزی کردار لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر / فاکەڵتی پەروەردەوڕامیاری چەمچەماڵ.

## ج/ گۆڤار

٦٢- ئەحمەد ، بێستون حەسەن (٢٠١٢) ڕێکەوتنی نێوان بکەرو کردار لەڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی , ژمارە (٣٦)

٦٣- ئەمین ، وریا عومەر (١٩٨٣) وەرگێڕان ، ڕۆژنامەی (العراق) ژمارە (٢٣١٣).

٦٤- بابان ، عبدالله عەزیز محمد ( ٢٠١٩ ) ، هەندێ لایەنی دیاردەی واتایی هاوڕێیەتی لەزماندا ،گۆڤاری زانکۆی دهۆک. ژمارە (١)

٦٥- حسێن ، قادر ، عطا رشید ، عادل رشید، (٢٠٢٠) لادانی زمانی لە دەقە شیعرییەکانی دڵشاد مەریوانی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، (بەرگی ٤) ، ژمارە (٤).

٦٦- غەفور ،مستەفا (٢٠٠٨) وەرگێڕان پارێزەری زمان و بنیادنانەوەی زمانی یەکگرتوو، گۆڤاری ڕامان.، ژمارە (١٣٣)

٦٧- قادر ، شێرکۆ ئەمین ، (٢٠٢١) پەندی پێشینان و نیشانە پراگماتیکییەکان، شیکردنەوەی سینتاکسی ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە (١).

٦٨- محمد و سلێمان ، حاتەم ولیا ، ئازاد عەزیز، (٢٠١٥ ) هەندێ لەتایبەتییە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی کوردی، گۆڤاری زاتکۆ بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان. ژمارە (٢)

٦٩- مستەفاو محەمەد ، مستەفا ڕەزا، دەشتی بەهجەت (٢٠٢١) ڕۆڵی میتافۆڕ لەکشانی واتادا ،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣)

٧٠- محەمەد ، برزۆ ،فەرەج ، کەژاڵ جهابەخش ،ئومید بەرزان ،تریفە محەمەد (٢٠٢٠) لادان لەشیعرەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧) .

٧١- مستەفا، ئاسۆعومەر(٢٠٢١) ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆ شعری (ژەنەڕاڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (١).

٧٢- میرە، ئەحمەد محەمەد ڕەشید ، (٢٠٢٠)پێوەرەکانی لادان لەزمانی شیعری(کەژاڵ ئەحمەد)دا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (٣٩).

٧٣- ناوخۆش ، سەلام (٢٠٢١ ) ئارگۆمێنتی کار لە ڕستەسازی و واتاسازیدا ، گۆڤاری پەروەردەی بنیات / هەولێر . ژ (٢٧٩ / ٢٨٠ )

## ٢/سەرچاوە عەرەبییەکان:

٧٤- جان کوهن ، (١٩٨٦) بنية الغة الشعرية ، ترجمة محمد الولی محمد / دار توبقال

٧٥- فضل ، صلاح (١٩٩٨) النظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشروق/القاهيرة.

## ٣/سەرچاوەئینگلیزییەکان:

76-Ankar , P , J (2013) Grammar in Expert Communication lecture notes.

77-R .L.Trask(1993) A dictionary of Grammatical Teams in Linguistics, London and Neork, Rutledge.

78- By Anna Dabrowska (2018) As Syntactic study of Idioms:Psychlogical Statos in Englishand Their Constraints.

79-Dlnya Muhammad Ahmad(2011) Adverb – Adjective Collocation in English , Koya University.

80- Michael McCarthy Felicity o, Dell(2005), English Collocation in use , Cambridge University , Press Cambridge.

81-Trauth, G, & Kazzazi , K, (1996) Language and Linguistics , Rutledge , London&New york

82- Oden , G.C( 1978 )Semantic Constraints and Juged Preference for interpretation of ambiguous sentences

83-Yuanwen Lu (2017) A Corpus Study of Collocation in Chinese English , New York.

84-Van valin ،Randy , Randy , Lapolla (2001) Syntax structure , meaning and function

٤/سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و وانەکانی کۆرسی ماستەر:

٨٥ – ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (دەنگەکان) لینک

https://dengekan.info/archives/category/books/magazine

٨٦ – ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠٢١) واتاسازی ، کۆرساتی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی سلێمانی.

٨٧ – مەعروف ، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢١) مۆرفۆلۆژی ، کۆرساتی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی سلێمانی.

## خلاصة البحث

هذا البحث بعنوان **(القيود الدلالية في اللغة الكردية)** حدود البحث محدود ،للهجة (الكرمانجيه الوسطى )، حدود البحث مخصصة بمستوى علم الدلالة،لكن بسبب توسع الموضوع تمتد الى مستويات اللغة الاخرى، مثال لكن بسبب توسع الموضوع تمتد الى مستويات اللغة الاخرى مثال لذلك (بناء الجمل ، علم الصوت ، بناء الكلمات).

البحث ينقسم الى ثلاثة اقسام :

**القسم الاول :**

في هذا القسم نتحدث عن علم اللغة ونظرية التحكم وربط قسم من فرع النظريات.وكذلك تحدثنا عن ،بنية موضوعية ، معلومات المعجم العقلي و اختيار الدلالي واختيار الفئه.

**القسم الثاني:**

في هذا القسم عرفنا مقيد الدلالة و مقيد المخارج التحرة و مقيد المخارج الثابتة وكذلك انواعه موضحه وعرفنا التلازم اللفظي ومقيد خروج اوعدم خروج الكلمة مع كلمة اخرى.

**القسم الثالث:**

في هذا القسم تحدثنا عن كسر المقيدات من قبل ( المترجم – بداية تعلم اللغة عند الاطفال ،تعلم اللغة الثانية ، التحدث عن لغة الشعر،كسر مقيد علم الدلالة و بناء الجملة في لغة الشعر، على سبيل مثال شعري نوع المقيدات ، موضح في الاشعار في النهاية نتيجة البحث موضح بعددة نقاط.

## Abstract

This research entitled (Semantic Constraints in Kurdish Language), the scope of the research is Central dialect, the boundary of the research is Semantic level but because of the broad of the topic, the other levels of language  such as (Phonetics, Morphology and syntax) involved. The research consists of three chapters:

Chapter One: In this chapter, linguistics, government and binding theory and some of its sub-theories are described. So, argument structure, mental lexicon information, semantic selection and category selection have been explained.

Chapter Two: In this chapter, semantic binding defined, binding of the free expressions, binding of the fixed expressions and its types are explained, then combination and collocation are described, the types of collocations and binding of combination and detachment are explained.

Chapter Three: In this chapter, breaking the bindings demonstrated by (translator, tongue twister, second language learning) described, then poetry, breaking the bindings of phonetics, syntax, and semantics in poetry language is described, with examples the types of bindings in the poetries illustrated and explained.

**حكومة اقليم كردستان العراق**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رئاسة التغليم والبحث العلمى**

**جامعة السليمانية / كلية التربية الآساسية**

**قسم الغة الكردية**

# *( القيود الدلالية في اللغة الكردية )*

رسالة

شوان محمد عبدالرحمن

مقدمة الى كلية التربية الآساسية فى جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى الغة الكردية

اشراف

پ .د. بيستوون حسن احمد

٢٧٢٣ ك ١٤٤٤ هـ ٢٠٢٣ م

Kurdistan Regional Government- Iraq

Ministry of Higher Education and Scientific Research

University Of Sulaimani

College of Basic Education

Department Of Kurdish Language

# (Semantic Constraints in Kurdish Language)

A Thesis

Submitted To The Council Of The College Of Basic Education, University Of Sulaimani , In Partial Fulfillment Of The Requirements For The Degree Of Master Of Arts In Kurdish Language

By;

Shwan Muhammad Abdulrahman

Supervised by;

Prof.Dr. Bestun Hassan Ahmad

2723 Kurdish 2023 A.D 1444 Hijri